# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
٣٠ی ڕەزبەری ١٣٨٣ ٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٤ ژمارە ٣٩٩ ١٥٠ تمەن

## دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵیدا

## لە ڕووداوی ئۆتۆمبیل دا ١٢کەس کوژران

بە پێی هەواڵی ماڵپەڕی "هەواڵنێریی کوردستانی ڕۆژهەڵات"، ڕۆژی پێنج شەممە ٢٣ی ڕەزبەر لە ئاکامی پێکدادانی ماشێنێکی پژۆ لەگەڵ پاترۆڵێك دا لە ناوچەی مەریوان، هەشت کەس کوژران و کەسێکیش بریندار بوو. شایانی باسە کەسەکانی ناو پاترۆڵەکە بۆ سەیران چووبوونە مەریوان، هەر ئەو ڕۆژە دوو مۆتۆر لە شارۆچکەی جووجە سازیی مەریوان پێکیان داداو چوار کەس کوژران.

"کوردستان" بەبۆنەی ئەم دوو ڕووداوە دڵتەزێنەوە سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانییەکان دەکاو چاکبوونەوەی هەرچی زووتری ئەو بریندارە بە ئاوات دەخوازێ.

ناسیونالیزمی مەدەنی، ڕێگاچارەیەکی ڕاستەقینە یا تراویلکەی خاپێنەر؟ ٢
مافی مرۆڤ پرەنسیپێکی جیهانگیر یان ئامرازێکی سیاسی؟ ٥
گۆڕانەکانی ژینگە، هێزی بەرەوپێشبەری دەیەکانی داهاتوو ٨
ئێران و فەندەمەنتالیزمی ئیسلامی ٩
قەیرانێك کە ئەستەمە ڕێژیم لەژێر باری دەرباز بێ ١٠
یەکەمین هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئەفغانستان ١١

## نامەی سکرتێری گشتیی حیزب، بۆ ڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی نوێی کانادا

بەڕێز جەك!

زۆر خۆشحاڵ بووین کە پەیامی پیرۆزبایی و هاوپەیمانیت بە بۆنەی کۆنگرەی ١٣ەوە بۆ ناردین. زۆر بەداخین کە لە وەرسووڕانی سەدەی نوێدا، ناوچەکەمان بەگشتی و ئێرانی وڵاتمان بەتایبەتی لەنەبوونی ئازادی و دێمۆکراسیدا ئازا دەکێشێ.

هیوادارین کۆنگرەی داهاتوومان لە ئێرانێکی ئازادو فیدراڵ و دێمۆکرات دا بگیرێ، کە ماف و ئازادییە سەرەتایییەکانی گەلانی ئێران و لەنێوانیان دا کورد ڕێزیان لێ بگیرێ و ئێوەش بەشداری کۆنگرەکەمان بن.

هەروەها لێرەدا، بە پێویستی دەزانم پیرۆزبایی سەرکەوتنی حیزبەکەتان لە هەڵبژاردنی ناوچەی فیدراڵدا بکەم و ئاوات بخوازم کە پێوەندیی نێوان حیزبەکانمان زیاتر پەرەبستێنێ.

زۆر بە ڕێزەوە

**مستەفا هیجری**
**سکرتێری گشتیی**
**حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٠٠٤/١٠/١٧**

## لەیلا زانا سەردانی پارلمانی ئورووپای کرد



لەگەڵ بەرهەڵستکارە کوردەکان، خرانە زیندان بەڵام لە مانگی ژوئەنی ئەمساڵدا لەیلا زاناو سێ ئەندام پارلمانی پێشووی کورد لە زیندان ئازاد کران.

ڕۆژی پێنج شەممە ١٤ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ، لەیلا زانا ژنە خەباتگێڕی کورد، پاش تێپەڕاندنی ١٠ ساڵ لە تەمەنی خۆی لە زیندانی دەوڵەتی تورکیە، لە ڕێورەسمێکی ڕەسمیدا خەڵاتی بەناوبانگی مافی مرۆڤی پارلمانی ئورووپای وەرگرت.

لەیلا زانا لە کۆبوونەوەی پارلمانی ئورووپا لە بروکسێل دا، قسەی کردو وێڕای بە پوزەتیف دانانی ریفۆرمەکانی ئەم دواییانەی دەوڵەتی تورکیە لەبواری مافی مرۆڤ دا، گوتی هێشتا زۆر کار ماون کە دەبێ ئەنجام بدرێن.

خەڵاتی ساخارۆف (خەڵاتی مافی مرۆڤی پارلمانی ئورووپا) لە ساڵی ١٩٩٥دا درا بە خاتوو زانا. بەڵام لەیلا زانا ئەوکات ماوەی مەحکوومییەتەکەی خۆی (کە ١٥ ساڵی بۆ دیاری کرابوو) لە زیندان دا دەبردە سەر. لەیلا زاناو چەند پارلمانتێری دیکەی کورد، پاش ئەوەی لە ڕێورەسمی کرانەوەی پارلمانی تورکیەدا، بە کوردی سوێندیان خوارد، بە تاوانی هاوکاری

## سزا، وڵامی سەرکێشی

عەوڵا بەهرامی

سزادرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پاش ٢٦ ساڵ سەرکێشی و سەرەڕۆیی لە لایەن ناوەندە نێونەتەوەیی و وڵاتە پێشکەوتوو و زلهێزەکانی جیهانەوە بۆتە خۆزگەیەك بۆ ئازادیخوازان و لایەنگرانی ئازادی و زۆربەی خەڵکی ستەم دیتوو لەم دەسەڵاتە ڕەشەی بۆ ماوەیەکی درێژە باڵی بەسەر ئێران دا کێشاوە.

ئەو دژکردەوەیەی لە ئاستی دنیای پێشکەوتوو دا سەبارەت بە پرۆژە ناوکییەکانی ڕێژیم و هەوڵدانی بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی دروست بووە، ئەگەرچی تا ئێستا هیچ سزایەکی بۆ سەرکێشییەکانی ئەم ڕێژیمە لێ نەکەوتۆتەوە، بەڵام لانی کەم بە سەرەتایەکی دڵخۆشکەر دەژمێردرێ، دڵخۆشکەر لەو ڕوانگەیەوە کە وڵاتە ئورووپایییەکانیش بە هەست کردن بەو مەترسییانەی لە پرۆژە ناوکییەکانی ڕێژیم چاوەڕوان دەکرێ لەم بارەیەوە سیاسەتێکی نزیك لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان گرتۆتە بەر. دیارە ئەوەش بە سەرکەوتنێك بۆ سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا دەژمێردرێ کە سەرەنجام توانیویەتی وڵاتە ئورووپایییەکان بێنێتە سەر ئەم بڕوایە کە پرۆژە ناوکییەکانی ئێران گومانیان لە سەرەو ئەگەری ئەوە بەهێزە کە ئەو دەسەڵاتە سەرەڕۆیە دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگاو هێمنایەتیی جیهان بخاتە مەترسییەوە.

دوابەدوای کۆبوونەوەی ئەو دواییانەی شووڕای دادوەرانی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی کە لەو دا گەڵاڵەی هاوبەشی وڵاتانی فەڕانسە، بریتانیا و ئاڵمان سەبارەت بە چالاکییە ناوکییەکانی ئێران تاوتوێ کرا، ئەمجارەیان هەموو وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا دەیانهەوێ سیاسەتێکی هاوبەش سەبارەت بەم کێشەیە ڕەچاو بکەن. ئەویش بریتییە لەو پێشنیارە تەشویقی و تەمبێیەی بڕیار بوو دوای کۆبوونەوەی باڵوێزانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا لە لوکزامبورگ خاویەر سۆلانا بەرپرسی پێوەندییە دەرەکییەکانی ئەو یەکیەتییە بۆ ئێران ئامادەی بکا. بە پێی ئەم پێشنیارە کە بڕیارە لە کۆبوونەوەی (ڕۆژی پێنج شەممە ٣٠ ڕەزبەر) نێوان بەرپرسە ئورووپایی و ئێرانییەکان لە وییەن بە لایەنی ئێرانی بکرێ، بە لایەنی ئێرانی بکرێ، ڕێژیمی ئێران ئەگەر پرۆسەی پیتاندنی ئورانیۆم ڕاگرێ لە بەرانبەر دا هاوکاریی ئابووریی دەکرێ و تەنانەت سووتەمەنیی ناوکیشی دەدرێتێ و لە پێچەوانەی ئەم حاڵەتەش دا تووشی سزا دەبێتەوە.

هەرچەند پێشەکی و پێش ئەم کۆبوونەوەیە بەرپرسە ئێرانییەکان و لە سەروویانەوە حەسەن ڕووحانی دەبیری شووڕای بەرزی هێمنایەتیی ئێران گوتوویانە ئێران بە هیچ شێوەیەك قایل نابێ پرۆژە ناوکییەکانی ڕاگرێ و ئەم وڵاتە دەسراگەیشتن بە سووتەمەنیی ناوکی بە مافی خۆی دەزانێ، بەڵام وێدەچێ ئەم دژکردەوە توندانە زیاتر بە مەبەستی نەرم کردنی لایەنی بەرانبەر بێ و لە ئاکام دا قەبووڵ بکا کە لانی کەم پرۆسەی پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ ماوەیەکی زۆر ڕاگرێ.

کۆبوونەوەی ڕۆژی پێنج شەممۆ ٣٠ی ڕەزبەری نێوان بەرپرسانی ئێرانی و یەکیەتیی ئورووپا گرنگییەکی زۆری دەبێ لەسەر ئاکامی پەروەندە ناوکییەکانی ئێران. بە چەشنێك کە چاوەڕوان دەکرێ هەر جۆرە پێداگرییەکی لایەنی ئێرانی لە ئاکام دا هەنگاوێك زیاتر پەروەندەی ناوکیی ڕێژیم بەرەو کێشران بۆ شووڕای هێمنایەتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نزیك کاتەوە. پێکهاتنی وەها حاڵەتێك شکستێکی سەختە بۆ ڕێژیم و بە دڵنیایییەوە تووشی قەیرانێکی قووڵی دەکا.

## ئازارو ئەزیەتی خوێندکاران لە زانستگەی ئازادی ورمێ بەبیانووی بەدحیجابی و ڕەچاو نەکردنی جلوبەرگی ئیسلامی

بە گوێرەی بەخشنامەیەك کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی زانستگەی ئازادی ئیسلامییەوە بڵاو بۆتەوە، خوێندکارانی یەکە جۆراوجۆرەکانی ئەم زانستگەیە دەبێ ڕێوشوێنەکانی جلوبەرگی ئیسلامی ڕەچاو بکەن. ئەگەر کوڕێك کراسی قۆڵکورت لەبەر بکا، کچێك و کوڕێك پێکەوە قسە بکەن، بۆ کومیتەی ئینزیباتی بانگ دەکرێن و پاش چەند سەعات سەرکۆنە، بە نووسراوە تەعەهوودیان لێ وەردەگرن کە ئەم کارە دووپات نەکەنەوە. چەندین جار ڕێکەوتوە ڕێگای چوونی ئەو کچانەیان بۆ زانستگە گرتوە کە بە لێکدانەوەی مەئموران، "بەد حیجاب" بوون. ئەگەر دوای سەرکۆنە کردن و تەعەهود لێوەرگرتن، خوێندکارێك، ڕێوشوێنە دیاریکراوەکان ڕەچاو نەکا، لە بەشداری لە تاقیکاریی وانەیەك یا دوو وانە، بێبەش دەکرێ و لەوانەشە، لە خوێندنی نیوەی دووهەمیش دەربکرێ.

ماڵپەڕی: "اخبار روز"

## ئەگەر لایەنگرانی فیدرالیزم، لە هەڵبژاردنی عێراق دا سەرکەون



مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە وتووێژێك لەگەڵ ڕۆژنامەی تورکیی "یەنی شەفەق"دا، وەڵامی کۆمەڵێك پرسیاری ئەو ڕۆژنامەیەی لەبارەی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق دایەوە. بەڕێز تاڵەبانی گوتی ئەگەر شیعەکانی عێراق بە بێ کوردەکان، عەرەبەکان و تورکمەنەکان لە هەڵبژاردن دا بەشدار بن، ئاڵۆزی و پشێوی سەرانسەری عێراق دادەگرێ و ئەمە زۆر جێگای مەترسییە. سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایگەیاند: "خەڵك بەگشتی، خوازیاری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لەکاتی دیاریکراو دان. ئەگەر لایەنگرانی نیزامی فیدرالی لە عێراق لەم هەڵبژاردنەدا سەربکەون، هەموو شتێك جێبەجێ دەبێ. ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا ئیسلامییە توندڕەوەکان یا قۆڵەکانی لایەنگری دامەزراندنی دەوڵەتی شیعە لە عێراق دا، بەدەسەڵات بگەن ئاڵۆزی وڵات دادەگرێ. بە بڕوای من ڕێککەوتنی گرووپە قەومی و دینییەکان لە هەڵبژاردن دا، تەنیا ڕێگای ڕزگاریی عێراقە". بەڕێز تاڵەبانی هەروەها گوتی: "هێزە دێمۆکراتیکەکان لەسەر دانی لیستی هاوبەش پێدادەگرن، ئەوەش لەکاتێك دایە کە هێندێك لەکەسایەتییە ئایینییەکانی شیعە، خوازیاری بەشداریی بەجیای شیعەکان لە هەڵبژاردن دان و ژمارەیەك لە تاقمە سوننی مەزهەبەکانیش لە ڕێگای تەحریمی هەڵبژاردنەوە، دەیانەوێ ڕەوتەکە بشێوێنن."

## کچێکی سێزدە ساڵەی مەریوانی مەترسیی سزای بەردبارانی لەسەرە

ماڵپەڕی "اخبار روز" (١٣٨٣/٧/٢٥): کچێکی ١٣ ساڵەی مەریوانی بە ناوی ژیلا لەگەڵ مەترسیی سزای بەردباران بەرەوروویە. دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی دەیەوێ کچێکی ١٣ ساڵەی شاری مەریوان ئێعدام بکا. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ناهید ریازی لە "ناوەندی ڕزگاریی ژن"ەوە، هەر ئێستا ئەو کچە ١٣ ساڵەیە بە بەردباران مەحکووم کراوە. ژیلا کچێکە کە بە شێوەی نەخوازراو، لەپێوەندیی جینسی لەگەڵ برای ١٥ ساڵەی خۆیدا، دووگیان بووە. "ڕێکخراوی ڕزگاریی ژن" لە ڕاگەیەندراوی خۆیدا لە هەموو خەڵکی ئێران و هەموو بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان کە داکۆکی لە منداڵان و مافە ئینسانییەکانی دیکە لەنێو ئێران و دەرەوەی وڵات دا دەکەن، داوای کردوە بۆ ئازادیی هەرچی زووتری ئەم کچە تێبکۆشن. ئەو ڕاگەیەندراوە دەڵێ: ژیلا منداڵە، منداڵێکی ١٣ ساڵە. ئەو نابێ بۆ یەك دەقیقەش لەزیندان دا وەمێنێ. ئێمە مرۆڤین و نابێ شایەدی زیندانی کرانی منداڵێك لە ژیانمان و لە وڵاتێك دابین کە لێی دەژین، چ بگا بە بەردباران و ئێعدامی منداڵێك.

ڕادیو فەرداش ڕۆژی ٢٨ی ڕەزبەر لە قەولی هەواڵنێریی ئیڕنا ڕایگەیاند کە سەرچاوەیەك لە دەزگای قەزایی گوتویەتی ژیلا ئیزەدی کچی ١٣ ساڵەی مەریوانی بە سەنگسار مەحکووم نەبووە، بەڵکوو بەتاوانی ئەنجامدانی پێوەندیی ناشەرعی، بەگوێرەی قانوونەکانی ئێستا بە حەبسی تەعزیری مەحکووم بووە. بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، ژیلا لەگەڵ تاوانباری ریزی دووهەم بۆ تێپەڕاندنی حەبسی تەعزیری تەحویلی ئیدارەی بێهزیستیی پارێزگای کوردستان دراون.

## بارودۆخی نائاسایی لە میاندواو بەردەوامە

بە دوای تێکهەڵچوونەکانی ئەم دوایییە لەنێوان گۆڕانەکان و هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیم لە "گۆکتەپە" و میاندواو، هەلومەرجی نائاسایی لەنێو ئەو شارەو دەوروبەر بەردەوامە. سەرچاوەیەك لەو ناوچەیە، ڕۆژی ٢٩ی ڕەزبەر بە "کوردستان"ی ڕاگەیاند کە لەنێو شاری میاندواو و لە دەرەوەی شار لە دەوروبەری بنکە نیزامی و سەرکوتکەرەکان و لەشوێنەکانی کۆنترۆڵی هاتووچۆ دا، سەنگەربەندی و ئامادەیی هێزەکانی ڕێژیم هەروا بەردەوامە و بەرپرسان و کاربەدەستانی نیزامی، ئینتیزامی و ئەمنییەتیی ڕێژیم بە جیددی نیگەرانی دژکردەوە نیشاندانی گۆڕانەکان بەرامبەر بەو سووکایەتی و ڕەفتارە سەرکوتکەرانەیەن کە لەم دوایییانەدا دەرهەق بەوان ئەنجام درا.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە بەرەبەیانیی ڕۆژی ١٩ی ڕەزبەر، چەند کەس لە گۆڕانەکان بە تۆڵەی جینایەتی ئەم دوایییانەی هێزی ئینتیزامی بەرامبەر بە خەڵکی ئاوایی گۆکتەپە، لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی بەیانانی ئەفرادی ئەو هێزە لە میاندواو، دەرفەتیان لێ هێنان و چەند کەسیان لێ کوشتن و چەند کەسیشیان لێ بریندار کردن. بە پێی هەواڵێك یەکێك لە کوژراوەکان، ئەفسەرێکی کوردی هێزی ئینتیزامییە کە خەڵکی مەهابادە. ناڕەزایەتی دەربڕینی پەیرەوانی ئەهلی هەق لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە کوشتارو سەرکوتی هاوئایینەکانیان بەهۆی هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی و هاودەردییان لەگەڵ ئەوان بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەیە. هەر لەو کاتەدا گرژی و ئەگەری دەست لێك وەشاندن و تێکهەڵچوون لەو ناوچەیەدا، بەردەوامە.

## ئێعدامی دوو لاو لەبەرچاوی خەڵك لەشیراز



دوو لاوی ١٨ و ٢٢ ساڵە، ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی ڕەزبەر لە گەڕەکی سوهەیل ئابادی شیراز بەهۆی جەرەسەقیلەوە هەڵاوەسران و گیانیان لێ ئەستێندرا. ئەم دوو لاوە هەشت مانگ لەمەوبەر کوڕێکی٦ ساڵەیان ڕفاندبوو و پاش ئازار دان کوشتبوویان. زۆر لە ئێعدامەکان لە ئێران بەنهێنی ئەنجام دەدرێن، بەڵام بەهۆی لەگۆڕێ دابوونی پەروەندەی جینایەتەکانی پاکدەشت ئێعدامی ئەو دوو لاوە لە شەقام و لەبەرچاوی خەڵك بەڕێوەچوو. لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ئێعدامی ئەو دوو لاوە، کەس گوێی نەدایە گریان و شیوەنی ئەوان، چونکە هەر لەو ڕۆژەدا موحاکەمەی تاوانبارانی پەروەندەی جینایەتی پاکدەشت بەڕێوەچوو.

## بەرپرسانی قەزایی پاکدەشت، پلەکانیان نزم کرایەوە

وتەبێژی هێزی قەزایی: دادستان و دادرەسی پاکدەشت پلەکانیان نزم بۆتەوە و ڕاگوێزراون بۆ بەشێکی دیکە.

هەواڵدەریی کۆماری ئیسلامی: دادستانی ئینتیزامیی قازییەکان و وتەبێژی هێزی قەزایی وتی: بەرپرسانی شارستانی پاکدەشت بەهۆی کەمتەرخەمی و پشتگوێخستن لە دۆزینەوەی تاوانەکانی ئەم دوایییانە لەو ناوچەیە، پلەکانیان هێنرایە خوارەوە.

جەمال کەریمیڕاد، ڕۆژی شەممە ٢٨ی ڕەزبەر لە کۆبوونەوەی حەوتووانە لەگەڵ هەواڵنێراندا، بە ئاماژەکردن بە کۆبوونەوەی ئەم دوایییانەی شووڕای ڕاگوێزان و ڕاگواستنی قازییەکان هەروەها گوتی: لەو کۆبوونەوەیەدا سەبارەت بە سەرپێچییەکانی بەرپرسانی قەزایی پاکدەشت بڕیار درا کە دادستانی پاکدەشت و بازپرسەکان بکرێن بە دادەرەس و دادیارو ڕاگوازرێن بۆ بەشە قەزایییەکانی دیکە.

وتەبێژی هێزی قەزایی و دادستانی ئینتیزامیی قازییەکان، هێنانە خوارەوەی پلە قەزایی لە هێزی قەزاییدا بە سزایەکی توندی ئیداری داناو گوتی: ئەو حوکمانە بۆ بەرپرسە قەزایییەکانی پاکدەشت، حوکمێکی تەمبێیی بەڕێوەبەرێتیی هێزی قەزایییە.

# ناسیۆنالیزمی مەدەنی، ڕێگاچارەیەکی ڕاستەقینە یا تراویلکەیەکی خاپێنەر!؟

## وەڵامێك بە نووسراوەیەکی حەمیدرەزا جەلاییپوور

رامبود لوتفپووری

ماوەیــەك لەمەوبــەر حەمیــدڕەزا جەلاییپوور بەناو کارناسی کێشەی کورد لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دیسانەوە دەستی بە بیردۆزەسازی کردوەو زۆر دڵسۆزانە!!! بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە هەوڵو تیۆریدانان دایە، بە واتایەك لێمان بۆتە دایەنی لە دایك دڵسۆزتر. لێرەدا هەوڵ دەدەین روونکردنەوەیەکمان هەبێ لەسەر قسەکانی ناوبراو لە وتاری "ناسیۆنالیسمی مەدەنی، گەڵاڵەیەك بۆ گەیشتنی هاوولاتییانی کورد بە مافەکانیان" و لێکدانەوەیەکی چەواشەکارییەکانی بکەین لەو چەمكو راستییانەدا کە باسی کردوون.

**ناسیۆنالیزمی کوردی بەربەستێك لە ڕێگای دێموکراتیزەکردنی ئێراندا:**

ناوبراو لە وتارەکەیدا ئاماژە بەوە دەکا کە ناسیۆنالیزمی کوردی نەك هەر کۆسپێکە لە رەوتی دێموکراتیزاسیۆن لە ئێراندا، تەنانەت پێشی بە گەشەو پەرەسەندنی ناوچە کوردنشینەکانیش گرتوە.

رەنگە ئاغای جەلاییپوور لە بیری چووبێتەوە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد یەکێك لە ئامانجەکانی پێکهێنانی بەستێنێکی دێموکراتیك لە ئێران دایە، چونکە زۆربەی ناسیۆنالیستەکانی کورد لەسەر ئەم باوەڕەن کە دێموکراسی یەکێ لە سەرەکیترین مەرجەکانی دابینو دەستەبەربوونی مافی نەتەوەکانی ئێرانە. هەروەها لە پێوەندییەکی دوولایەنەشدا دابینبوونی مافی نەتەوەکانی ئێرانو دابەشکردنی دەسەڵات لەم وڵاتە فرە نەتەوەیەدا بە تەنیا ڕێگای دێموکراتیزەبوونی دەزانن. جەنابت روونت نەکردۆتەوە کە لەسەر چ بنچینەیەك دێموکراسی لە ئێراندا سەقامگیر دەبێ، لە بواری کولتوورییەوە بواری دێموکراسی لە ئێراندا زۆر لاوازە، چونکە ئێران وڵاتێکی رۆژهەڵاتییەو پێکهاتەییەکی خێڵەکیی هەیە، کولتووری سەرەڕۆییو دەسەڵاتی مۆنۆپۆل لە هەموو بەشو بنیاتەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا رەگی داکوتاوە، گیانی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە لە نێو شوناسە جیاجیاکانی ئەم وڵاتەدا زۆر لاوازە، بەتایبەت کە خاوەنەکانی ئەم شوناسانە مافەکانی خۆیان ناسیوەو هەست بە چەوسانەوەی خۆیان لەلایەن نەتەوەی دەسەڵاتدارەوە دەکەن. لە بواری ئابووریشەوە ئێران وڵاتێکی تاك بەرهەمییە، نەوت بناغەی ئابووریی ئەم وڵاتە پێك دێنێ کە لە ژێر رکێفی دەوڵەت دایە، سەرمایەداریو لیبرالیزمی ئابووری گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردوە. پیشەسازیو بازرگانیو بەگشتی ئابووری لە کۆنترۆڵی دەوڵەت دایە. دەسەڵاتدارانی ئێران وەك دەسەڵاتدارانی هەموو وڵاتێکی تاك بەرهەمی نە تەنیا پێویستییان بە هێزی بازرگانو سەرمایەدارەکان نیە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە رێ لە دروستبوونی چینی سەرمایەدارو بازرگانێ دەگرن کە خاوەنی هێزێکی ئابووریی کاریگەرو چارەنووسساز بێ. لە کەشوهەوایەکی ئەوتۆدا هەڵگرتنی هەر هەنگاوێك بەرەو دێموکراسی لە ئاکامدا دێموکراسییەکی دەوڵەتیو کارتۆنیی لێ دەکەوێتەوە، چونکە ئابووریی دەوڵەتیو نەبوونی سەرمایەدارییەکی بەهێز دەبێتە هۆی پێکهاتنی هێندێك رێکخراوو بنیاتی بەڕواڵەت دێموکراتی کە یا راستەوخۆ

**بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد یەکێك لە ئامانجەکانی پێکهێنانی بەستێنێکی دێموکراتیك لە ئێران دایە، چونکە زۆربەی ناسیۆنالیستەکانی کورد لەسەر ئەم باوەڕەن کە دێموکراسی یەکێ لە سەرەکیترین مەرجەکانی دابینو دەستەبەربوونی مافی نەتەوەکانی ئێرانە. هەروەها لە پێوەندییەکی دوولایەنەشدا دابینبوونی مافی نەتەوەکانی ئێرانو دابەشکردنی دەسەڵات لەم وڵاتە فرە نەتەوەیەدا بە تەنیا ڕێگای دێموکراتیزەبوونی دەزانن.**

دەستکردی دەوڵەتن یا ئەوەی کە لە بواری ماڵییەوە بەستراوەی دەوڵەتن، بەستراوەیی ماڵیش دبێتە هۆی بەستراوەیی سیاسی.

کەوابوو ئێران نە لە بابەتی کولتووریو نە لە بابەتی ئابووریدا بواری دێموکراتیزەبوونەوەی نیە، لە بارودۆخێکی ئەوتۆداو بە لەبەرچاوگرتنی فرە نەتەوەییو فرە کولتووریبوونی ئێران، تەنیا ڕێگای دێموکراتیزەکردنەوەی وڵات، دابەشکردنی دەسەڵاتو دابەزاندنی سیستمی فیدراتیوە.

سەرەڕای ئەمەش، بە بۆچوونی من ئەوە ناسیۆنالیزمی کوردی نیە کە کۆسپی سەر ڕێگای دێموکراتیزەبوونی ئێرانە، بەڵکوو پێکهاتەو نێوەرۆکی سیستمی ویلایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامییە. زۆر ساویلکانەیە کە دێموکراسی لە سیستمێ چاوەڕێ بکەین کە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژییەکی ئایینیو نەریتی دامەزراوە، خاوەنی سەدان هێڵی سوورە، سیستمێ کە سەروەری بە ئینسان نادا، بەڵکوو دەیدا بە نوێنەرەکەی خودا لەسەر زەوی، واتا وەلی فەقیە، کە چارەنووسی ئینسانەکانی لە دەست دایە، لەم سیستمەدا هەموو بڕیارو دەسەڵاتێك رەوایی خۆی لە شەریعەتەوە وەردەگرێ نە لە دەنگو ویستی خەڵکەوە. هەرچەشنە هەوڵێ بۆ ساوکەی (سەقامیگری) دێموکراسی لە پێکهاتەیەکی ئەوتۆدا بێئاکام دەمێنێتەوە، ئەزموونی چاکسازیو پاشەکشە یەك لە دوای یەکەکانی ریفۆرمیستەکان سەلمێنەری ئەم راستییەیە.

بەڵام سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کوردی، لە راستیدا ناسیۆنالیزمی کوردی بەرهەمی گەشەی بورژوازی نیە، بەڵکوو ناسیۆنالیزمێکی ژێردەستو رزگاریخوازانەیە کە زیاتر پەرچەکرداری ناسیۆنالیزمی سەردەستەو لە دژی ستەمو چەوساندنەوەی داگیرکەراندا سەری هەڵداوە. یەکێ لەو سەرچاوانەی کە ناسیۆنالیزمی کوردی وزەو تینی لێوەرگرتوە، ئەو سەرکوتو زەبرو زەنگەی دەسەڵاتی ناوەندییە کە دەرحەق بە ویستو خواستەکانی ئەم نەتەوەیە دەکرێ. ناسینونالیزمی کوردی، ناسیۆنالیزمێکی روو لە گەشەیەو هەوێنێکی بەهێزی هەیە، چونکە خاوەن نێوەرۆکێکی پێشکەوتنخوازانەیە، داکۆکی لە مافەکانی نەتەوەیەکی بەشخوراو دەکاو بەرەو ئازادیو رزگاری لە بندەستی هەنگاو دەنێ. بەڵام، لە بەرامبەریدا ناسیۆنالیزمی ئێرانی کە نێوەرۆکێکی فارسی هەیە، ناسیۆنالیزمێکی کۆنەپەرستانەو چەوسێنەرە کە بەرەو ئامانجێکی شۆڤێنیو پاوانخوازانە هەنگاو دەنێ. ئەم چەشنە ناسیۆنالیزمە بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی کوردی کە کرانەوەی کۆمەڵگاو گەشەی دێموکراسی لە بەرژەوەندیی خۆیدا دەبینێ، بە هەموو هێزەوە هەوڵی داخستنی کۆمەڵگاو مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات دەداو هەر چەشنە گۆڕانو ئازادییەك بە مەترسییەك بۆسەر دەسەڵاتو سەروەریی خۆی دەزانێ، بۆیە ناچارە بەردەوام وەك پارێزەری نەریتو پێکهاتە کۆنەکان بمێنێتەوە. لەلایەکی دیکەش ئەم ئەندێشە تەنیا لەلایەن بەشێکی کەمی فارسەکانەوە لایەنگریی دەکرێ لە کاتێکدا کە خودی فارسەکان ڕێژەیەکی ٣٠ تا ٤٠ لە سەدی حەشیمەتی ئێران پێك دێنن، کەوابوو لە بازنەیەکی بەرتەسکدا دەمێنێتەوە کە هیچ ئاسۆیەکی سەرکەوتووی بۆ چاوەڕوان ناکرێ. بۆیە دەتوانین بڵێین کە دەسەڵاتی ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان دەسەڵاتێکی کارتۆنییەو لە کۆمەڵگای فرەنەتەوەییو فرەئایینیی ئێراندا بواری گەشەکردنی نیە، ئەزموونی هەرەسهێناوی دەسەڵاتی پەهلەوی نموونەیەکی زەقی ئەم راستییەیە. کەوابوو بەراوردکردنی ئەم دوو ناسیۆنالیزمە دروست نیەو بە پێچەوانەی وتەکانی جەلاییپوور، ناسیۆنالیزمی کوردی سەرچاوەیەکی وزەی بەهێزتری هەیە.

**خودموختاری، سەربەخۆییو فیدرالیزم:**

جەلاییپوور دەڵێ: کوردەکان لە کاتی بەهێزیدا داوای خودموختاریی سیاسییان کردوەو لە کاتی لاوازیشدا باس لە خودموختاری کولتووری دەکەن. یا دەڵێ ئەگەر کوردەکان سەرەتا رێبازی کولتوورییان وەربەرگرتبا، دەسکەوتی زیاتریان دەبوو.

بەڵام لێرەدا ناوبراو یا لە کێشەی کوردو داخوازەکانی تێنەگەیشتوە یا بە ئەنقەستو بە مەبەستی شێواندنی، چەواشەکاری دەکا.

کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەیییەو نەتەوەش مافی سیاسیو دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە، کورد قۆناغی قەومییەتی تێپەڕاندوەو بە تەواوەتی فۆرمێکی نەتەوەیی بە خۆوە گرتوە، بۆیە زۆر سروشتییە کە داخوازەکانیشی سیاسی بن. کورد قەوم نیە کە تەنیا مافی فەرهەنگی داوا بکا، بەڵکوو نەتەوەیەو هەوڵی دابینکردنی مافە سیاسیو نەتەوایەتییەکانی دەدا.

سەرەڕای ئەوەش قەت بزووتنەوەی راستەقینەی کوردی داوای خودموختاریی فەرهەنگیی نەکردوە، کەمترین داخوازیی بزاڤی کوردی لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئێستە خودموختارییەکی سیاسی لە چوارچێوەی ئێراندا بووە.

نووسەر لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژە بە ویستی سەربەخۆییخوازی لە نێو کورددا دەکاو وەك ئەفسانەیەك لە قەڵەمی دەدا، گوایە نە وڵاتانی دەوروبەرو نە کۆمەڵگای جیهانی پشتگیری لە دۆزێکی ئەوتۆ ناکەن. لێکدانەوەیەکی ئەوتۆ بەرهەمی لەبەرچاونەگرتنی هەلومەرجی نوێی جیهانو ئەو نەزمە نوێیەیە کە پاش رووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت خەریکە لە جیهاندا سەقامگیر ببێ. ئەوە لێکدانەوەی مێشکێکە کە هێشتا لە سەردەمی جەنگی ساردو دنیای دوو جەمسەریدا دەژیو پێوەرەکانی بۆ راڤەی هاوکێشە سیاسییەکانی جیهان هەمان پێوەرەکانی ئەو سەردەمەن.

بەرژەوەندیی ئابووریی زلهێزەکانی ئەمڕۆی جیهان لە سەقامیگیریی دێموکراسیو ئاسایش لە جیهاندا دەستەبەر دەبێ، بۆیە شێلگیرانەو بە کردەوە هەوڵی دابینکردنی ئاسایشو چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهانو یەك لەوانە کێشە ئێتنیکییەکان بەتایبەت لە ناوچەگەلێکی ستراتژیکیی وەك رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەدەن. جەنگی ساردو رووخانی سەدام یەکێك لەو نموونانە بوو کە زلهێزەکانی ئامریکاو بریتانیا بە پێچەوانەی ویستی جیهانیو وڵاتانی دەوروبەرو بە مەبەستی سەقامگیرکردنی ئاسایشو دێموکراسی، وەك پرۆژەیەك بەڕێوەیان بردو ڕێگای هیچ چەشنە دەستێوەردانێکیشیان بە وڵاتانی دراوسێی عێراق (ئێران، تورکیە، سووریەو...) نەدا. ئێستا کێشە نەتەوایەتییەکان لە چەقی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدانو لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی سەدەی بیستو یەکدا فاکتەرێکی چارەنووسسازی کێشەکانن. وڵاتانی داگیرکەریش رەنگە بەشێوەیەکی کاتی بتوانن کاریگەرییان ببێ لەسەر رەوتی گۆڕانکارییەکان، بەڵام، توانای دەستێوەردانیان لە رەوتی گشتیو سەرەکیی گۆڕانکارییەکاندا نیە.

کورد بۆ دووری لە شەڕی چەکداریو چارەسەریی ئاشتیانەی کێشەکەی نرخی زۆری داوە، تەنانەت گەورەترین ڕێبەری لەم ڕێگایەدا بوو بە قوربانی، هەر ئەو ڕێبەرە شەهیدە (دوکتور قاسملوو) سەبارەت بە فەلسەفەی شەڕی چەکداریی کورد دەڵێ: "ئێمە بە تەما نین بە چەك ئەو ڕێژیمە لەناو بەرین، تەنیا بۆ ئەوە جەنگ دەکەین کە ناچاری بکەین لێمان بپرسێ چیتان دەوێ." جەنگی چەکداری بەتایبەت لە چەن ساڵی رابردوودا تەنیا ڕێگای پاراستنی شوناسی کوردیو دەنگ هەڵبڕین بووە.

سەرەڕای ئەوەش، ئاغای جەلاییپوور! پێم سەیرە بۆ ئەم بابەتە نێوی ئەفسانە بەکار دێنی، ئایا هەتا پێش رووخانی یەکیەتیی سۆڤییەتیش بەبیری کەسدا دەهات کە ئەو وڵاتە بەو جۆرە پارچە پارچە بێو لێك هەڵوەشێتەوە، کەوابوو لە دنیای سیاسەتدا ئەم چەشنە رووداوو گۆڕانکارییانە ئەفسانە نین، بەڵکوو پێڕەوی هەلە مێژووییەکانو ویستی ئینسانەکانن. مێژوو سەلماندوویەتی کە هەرکات سێ فاکتەری: ویستو هوشیاری، ڕێبەرایەتیی زاناو هەلی مێژوویی یەکانگیر بووبێتن، گۆڕانکاریی مێژووییان بەرهەم هێناوە، ئەمە بە شێوەیەك وەڵامی ئەو قسەیەی جەنابتە کە دەڵێی کوردەکانی ژێردەستی تورکیە بۆ دەرفەتی بێوێنەی سەرەتای سەدەی بیستیان لەدەست دا، ئەگەرچی ئەودەم هەلی مێژوویی لەبار بوو، بەڵام رەنگە دوو مەرجەکەی دیکە تا رادەی پێویست ئامادە نەبووبێتن.

**ناسینونالیزمی کوردی، ناسیۆنالیزمێکی روو لە گەشەیەو هەوێنێکی بەهێزی هەیە، چونکە خاوەن نێوەرۆکێکی پێشکەوتنخوازانەیە، داکۆکی لە مافەکانی نەتەوەیەکی بەشخوراو دەکاو بەرەو ئازادیو رزگاری لە بندەستی هەنگاو دەنێ. بەڵام، لە بەرامبەریدا ناسیۆنالیزمی ئێرانی کە نێوەرۆکێکی فارسی هەیە، ناسیۆنالیزمێکی کۆنەپەرستانەو چەوسێنەرە کە بەرەو ئامانجێکی شۆڤێنیو پاوانخوازانە هەنگاو دەنێ.**

جەلاییپوور چوار رەخنە ئاراستەی دۆزی فیدراڵیزم لە ئێراندا دەکا کە بەکورتی راڤەیەکی ئەو رەخنانە دەکەم:

ناوبراو لە رەخنەی یەکەمدا دەڵێ کە بارودۆخی ئێران لەگەڵ عێراقدا جیاوازە، کوردەکان ئێرانینو لە فارسەکان نزیکترن، لە کاتێکدا کە کوردو عەرەب وانین، هەروەها دەڵێ عێراق وڵاتێکە کە لەبابەتی قەومیو ئایینزاییەوە سێ بەشە، بەڵام ئێران یەکپارچەیە.

بەڕاستی ئەم قسە لە دوکتورایەکی کۆمەڵناسی ناوەشێتەوە، ئەمە ئەوپەڕی چەواشەکارییە، ئاغای جەلاییپوور! یەکەم کوردو فارس تا ئەو رادەیە کە دەفەرمووی لێك نزیك نینو لە کولتوورو ویستو خەونەکانیاندا جیاوازییەکی قووڵیان هەیە، رەنگە بە رەچەڵەك هەردووك ئاری بن، بەڵام ئەوە تەنیا ئەوان نین کە ئارین، زۆر نەتەوەی دیکە لە ئاسیاو ئەورووپادا ئارین، بەڵام لە چوارچێوەیەکیشدا ناژین. جگە لەوەش مەگەر بیستو دوو وڵاتی عەرەبی لێك نزیکن یا کوردو فارس، بۆ دەبێ عەرەب بیستو دوو دەوڵەت بن کە هەر هەموویان سەر بە یەك کولتوورن، بەڵام کورد لەبەر ئەو نزیکایەتییە دۆبڕە درۆیینەیەی کە ئێوە باسی دەکەن بۆ هەتا هەتایە دەبێ پاشکۆی فارسەکان بێ. هەروەها جەنابت دەڵێی کوردو فارس لێك نزیکن، بەڵام عەرەبی سوننیو شیعە لە عێراقدا دوو کەرتی جیاوازن. ئێران لە عێراق کە خاوەنی دوو نەتەوەی سەرەکیو دوو ئایینزای سەرەکییە بە یەکپارچەتر دەزانی! لە کاتێکدا کە ئێران زۆر شوناسی جیاوازی ئێتنی (کورد، تورك، عەرەب، فارس، بەلووچو...)، ئایینی (ئیسلام، زەردەشت، مەسیحی، بەهاییو...)، ئایینزایی (سوننی، شیعەو...)ی تێدایە کە لە بەراورد لەگەڵ عێراقدا کۆمەڵگایەکی فرەرەنگترو ئاڵۆزتری هەیە.

باشترین ڕێگا بۆ سەرکەوتنی ئەم نەشتەرگەرییە کە بۆ پێکەوەلکانی ئەم شوناسە جیاوازانە لە ئێراندا کراوە، دابەزاندنی سیستمێکی فیدراڵی لەم وڵاتە دایە.

لە رەخنەی دووهەمدا ناوبراو دەڵێ، ئەزموونی فیدراڵی تەنیا لەو وڵاتانەدا سەرکەوتوو بووە کە فیدراڵیزم بۆتە هۆی کۆکردنەوەی چەند وڵاتی سەربەخۆ لە قەوارەیەکی سیاسیی یەکگرتوودا، نەك ئێران کە مێژوویەکی ٢٥٠٠ ساڵەی دەسەڵاتداریی هەیە.

بۆ ئاگاداریی ئەو نووسەرە دەبێ بڵێم کە فیدراڵیزم لە وڵاتێکی وەك هیندستانیشدا سەرکەوتوو بووە کە خاوەنی مێژووی دەسەڵاتداریش بووەو لە چەند وڵاتی سەربەخۆش پێك نەهاتووەو یەکێك لە سەرکەوتووترین دێموکراسییەکانی جیهانیشی هەیە، فیدراڵیزمیش هیچ کۆسپێکی بۆ دێموکراتیزاسیۆنی ئەو وڵاتە پێك نەهێناوە، بەڵکوو هەروا کە سەبارەت بە ئێران ئاماژەم دا لە وڵاتێکی رۆژهەڵاتیی وەك هیندا فیدراڵیزم باشترین بواری بۆ سەقامگیریی دێموکراسی لەو وڵاتە رەخساندوە.

مێژووی ٢٥٠٠ ساڵەی دەسەڵاتدارێتیش بەنێوی ئێرانەوە نەبووە، بەڵکوو دەسەڵاتی ئەو بنەماڵەو هۆزانە بووە کە بەشێکیشیان هەر فارس یا ئێرانی نەبوون. لەلایەکی دیکەشەوە وەك خودی نووسەر ئاماژەی پێداوە، حکوومەتەکانی پێش پەهلەوی بەشێوەیەکی نزیك بە فیدراڵی وڵاتیان بەڕێوە دەبرد، واتە دەسەڵاتەکەیان پێکهاتبوو لە چەند هەرێمی نیوە سەربەخۆ. کەوابوو فیدراڵیزم بەشێوەیەك لە ئێراندا خاوەن مێژینەیە.

لە رەخنەی سێهەمدا نووسەر بۆ پاساوی نەبوونی فیدراڵیزم دەڵێ، کە سیستمی دەسەڵاتی ئێران بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە بەرهەمی مۆدێرنیتەی ئێرانییە.

لەڕاستیدا دەسەڵاتی ئێران دەوڵەتێکی پۆست کۆلۆنیالە کە بەرهەمی مۆدێڕنیتەیەکی نیوەچڵەو لە نەشتەرگەریو پێکەولکانی شوناسگەلێکی جیاواز پێك هاتوە کە پێکەوە لە ناتەباییەکی قووڵ دان. بۆیە ئەم شوناسانە ئەم دەوڵەتە بە زۆر دروستکراوەیان بەردەوام تووشی کێشەو قەیران کردوە. دەوڵەت ـ نەتەوەی مۆدێڕن یا لەسەر بنچینەی نەتەوەیەکی تایبەت دروست دەبێ یا بەرهەمی یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی چەند نەتەوەیە، نەك وەك دەوڵەتی ئێران کە لەسەر بنچینەی نەتەوەی ساختەی ئێرانی بە نێوەرۆکی فارسیو بە زۆرو ملهۆڕییەوە لە چەند نەتەوەی جیاواز پێك هاتوە.

لە رەخنەی چوارەمدا، نووسەر باسی

**برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

سەرکەوتوو نەبوونی خودموختاری دەکاو دەیهەوێ لەو سەرەتایە بە ئاکامی ئایدیالیستی‌بوونی فیدرالیزم بگا.

یەکەم، دەبێ بڵێم کە خودموختاری دروشێمك بوو کە بەپێی هەلومەرجی سەردەمی خۆی هەڵبژێردراوەو بەئاکام نەگەیشتنی جگە لە دیکتاتۆری‌یەتی حکوومەتەکانی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ هێندێك هۆکاری وەك هاوکێشە سیاسی‌یەکانی سەردەمی جەنگی سارد، کرچوکاڵیی ناسیۆنالیزمی کوردی، دووبەرەکی یا چەنبەرەکیی هێزە کوردی‌یەکانی ئامادە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانو... . سەبارەت بە فیدرالیزمیش هەروەك باسمان کرد، باشترین سیستەمە بۆ دابینو دەستەبەرکردنی دێموکراسیو هەروەها باشترینو گونجاوترین ڕێگایە بۆ شیانی پێکەوەژیانی ئەو شوناسە جیاوازانە. ئەگەر خواستی فیدراڵیزم ئایدیالیستی بێ، بەپێی ئەو تایبەتمەندی‌یانەی کۆمەڵگای ئێران کە پێشتر باس کرا، ئاواتی دێموکراتیزەبوونەوەی ئێرانیش خەونێك زیاتر نیە. ئەوەندەی کە حکوومەت ڕێگای دابەزاندنی فیدرالیزمو دابەشکردنی دەسەڵات نادا، ئەوەندەش نەتەوەکانی ئێران ئامادە نین لەبەر دێموکراسی، چاوپۆشی لە مافەکانیان بکەن، ئەویش دێموکراسی‌یەك کە لە وڵاتێکی فرە نەتەوەی وەك ئێراندا بەبێ دابەشکردنی دەسەڵات، تەنیا بەرهەمهێنەری دیکتاتۆریی زۆرینەیە.

**بەجیهانیبوون و دەسەڵاتی دەوڵەت ـ نەتەوەکان:**

بەبۆچوونی نووسەر، بیرمەندانو ناسیۆنالیستەکانی کورد، لە تێگەیشتنو ڕاڤەی پرۆسەی بەجیهانیبووندا تووشی هەڵە بوون، چونکە دەوڵەت ـ نەتەوەکان لاواز نابن، دیسان هەر یاریکەری سەرەکیی هاوکێشە جیهانی‌یەکان دەمێننەوەو تەنیا هێندێك لە ڕۆڵەکانیان دەگۆڕدرێ، هەروەها دەڵێ ئەگەر نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بواری شوناسسازییان بۆ دەرەخسێ، ئەم بوارە بۆ دەوڵەت نەتەوەکان بەپێی دەسەڵاتیان لەبارتر دەبێ.

لە وەڵامی ئەم قسەیەدا، هەم دەبێ ئاماژە بە جیاوازیی بوارەکانی بەجیهانیبوون بکەینو هەم دەبێ جیاوازی‌یەك لە نێوان دەوڵەت ـ نەتەوەکاندا دابنێینو ئینجا چارەنووسیان پێشبینی بکەین. ئەمە ڕاستی‌یەکی حاشاهەڵنەگرە کە بەجیهانیبوون لە بواری ئابووریو بەتایبەت پەرەسەندنی هێندێك ڕێکخراوی وەك بازرگانیی جیهانی W.T.O دەسەڵاتی بڕیاردانی دەوڵەت ـ نەتەوەکان بەرتەسك دەکاتەوەو بەشێکی زۆری کێشە ئابووری‌یەکانیانو لە ئاکامیشدا کێشە سیاسی‌یەکانیشیان لە ئاستی جیهانی‌دا بڕیاری لەسەر دەدرێ، دروستبوونی پێشبڕکێ توندی ئابووریو کەمکردنەوەی باجەکانو لابردنی گۆمریك بناغەی ئابووری نەتەوەیی دەڕووخێنێو دەسەڵاتی دەوڵەت ـ نەتەوەکان کەم دەکاتەوە. ئەگەرچی ڕەنگە سەرمایەداریی پیشەسازی بەهۆی بەستراوەبوونی بە شوێنەوە تارادەیەك هەر لە ژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی دەوڵەت ـ نەتەوەکاندا بمێنێتەوە، بەڵام بزاڤو خێرایی سەرمایەداریی ماڵیو دراوی، ڕۆڵێکی کۆسپساز دەبینێ لە ڕەوتی بەرەوپێشبردنی سیاسەتە ماڵی‌یەکانی دەوڵەت نەتەوەکاندا. واتە سەرمایەداریی ماڵی بەشێوەیەکی بەرچاوتر کاراکتەری جیهانی بەخۆوە گرتووەو تەنانەت باندۆری لەسەر پیشەسازیش داناوە، بەڵام بارودۆخی دەوڵەتەکانیش لە ڕەوتی ئەم پرۆسەیەدا یەکسانو یەك چەشن نیە، واتە، هێندێك لە دەوڵەتەکان کە ژێرخانێکی گونجاوترو ئابووری‌یەکی گەشەکردووتریان هەیە، لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵێکی سەرەکیتر دەبینن‌و تا ڕادەیەکی زۆرتر کاریگەرییان لەسەر شێوەی دارشتنی سیاسەتەکانی ئەم ڕێکخراوە جیهانی‌یانەدا هەیەو توانایان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیان زیاترە. ئەم دەوڵەتانە کە بە دەوڵەتانی باکوور ناسراون، بریتین لە زۆربەی دەوڵەکانی ئورووپا، ئەمریکای باکووریو ئاسیای ڕۆژهەڵات، بەداخەوە بە پێچەوانەی خواستی جەلایی‌پوور ئێران لە ڕیزی ئەم وڵاتانەدا نیە، بەڵکوو لە ڕیزی دەوڵەتەکانی باشوور دایە کە بە واتایەکی دیکە جیهانی سێهەمیشیان پێ دەڵێن. ئەم وڵاتانە نە ژێرخانێکی لەبارو گونجاویان هەیە، نە خاوەنی ئابووری‌یەکی گەشەکردوون کە توانای پێشبڕکێیان لەم گۆڕەپانە نوێ‌یەدا هەبێ. ئەم دەوڵەتانە لە ئابووریی جیهانی‌دا دەبن بە دەوڵەتگەلێکی شوێنەوەرگرو ناتوانن کاریگەری‌یەکی ئەوتۆ لەسەر هاوکێشە ئابووریو سیاسی‌یەکان دابنێن، بۆیە دەسەڵاتیان تا دەڕوا بەرتەسکتر دەبێتەوەو بەهۆی کارتۆنی‌بوونی پێکهاتەکەیانو کێشە ناوخۆیی‌یەکانیانەوە تووشی لاوازیو ئەگەری هەڵوەشانەوە دەبن. بەڵام بەجیهانیبوونەوەی پێوەندی‌یەکانو ئینفۆرماتیك ئاراستەیەکی دیکەی هەیە، واتا هەتا دوێنێ ئەم ئامرازانە تەنیا لەژێر ڕکێفی دەوڵەتەکاندا بوون، بەڵام ئێستاکە نەتەوە بێ دەوڵەتەکانیش بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەم ئامرازانەوە، بە ئاسانی دەستیان پێیان ڕادەگاو بواری شوناسسازی‌یان بۆ ڕەخساوە. لەم بوارەدا بۆ دەوڵەتەکان نەك هەر بارودۆخەکە باشتر نەبووە، بەڵکوو بواری مانۆڕیان بەرتەسك بۆتەوە. پێشتر دەوڵەتەکان تەنیا سەرچاوەی شوناسسازی بوونو بەکەیفی خۆیان ڕاستی‌یەکانیان چەواشەو سانسۆر دەکرد، بەڵام ئەم کێشەیە بۆ نەتەوە ژێردەستەکان ڕۆڵی شۆڕشێکی مێژوویی دەبینێ، چونکە دەتوانن شوناسسازی بکەنو ئاستی هوشیاریی نەتەوەکەیان سەبارەت بە مافەکانیان بەرنە سەرو ڕاستی‌یەکان بە دوور لە چەواشەکاری بخەنە بەرچاو خەڵکەوەو تەنانەت توانای مۆبیلیزەکردنی خەڵکیش بەدەست دێنن. بۆیە چیدی داگیرکەران ناتوانن بەدوور لە چاوی جیهانو بەبێ دەنگدانەوە، کوردەکان سەرکوت بکەن. بەگشتی کوردەکانو تێکرای نەتەوە ژێردەستەکان شتێکیان نیە کە لە پرۆسەی بەجیهانیبووندا بیدۆڕێنن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە شتێکیشیان بەدەست هێناوە.

**تراویلکەی ناسیۆنالیزمی مەدەنی:**

جەلایی‌پوور لە وتارەکەی‌دا دەیهەوێ تیۆری‌یەك لەژێر ناوی ناسیۆنالیزمی مەدەنی‌دا گەڵاڵە بکاو وەك ئاڵترناتیڤی ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی بە سەر نەتەوەکانی ئێراندا بیسەپێنێ. مەبەستی لە ناسیۆنالیزمی مەدەنی، پێکهێنانی نەتەوەیەکی ئێرانی‌یە کە لەو هاوڵاتییانە پێك دێ کە لە ئێرانو لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی‌دا دەژینو خاوەنی مافی یەکسانن، بە بۆچوونی ناوبراو ئەم ناسیۆنالیزمە بەستێنو بواری پێویست بۆ ساوکەی دێموکراسی دەڕەخسێنێ.

یەکەم دەبێ بڵێین کە مافی هاووڵاتیبوون لە وڵاتێکدا دەبێتە هۆی پێکهاتنی دێموکراسی کە یا جیاوازیی شوناسی تێدا نەبێ یا ئەوەی کە زۆر کەم بێ، نەك لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەك ئێراندا کە نەتەوەکانیشی بەهوشیاریی نەتەوایەتی گەیشتوون. کەچی ئێستە ئاغای جەلایی‌پوور دەیهەوێ لە بەستێنو کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا هاووڵاتیبوون بکا بە ماکەی پێکهێنانی ناسیۆنالیزمێکی مەدەنی کە لە سەر بناغەی نەتەوەی ئێرانی ڕادەوەستێ! بەڕاستی کە ئەمە چەواشەکاری‌یەکی ئاشکراو دزێوە، ئەو بە تەمایە نەتەوەکانی ئێران هەموو شوناسی خۆیان بسڕنەوەو شوناسێکی ئێرانی وەرگرن. ناوبراو کە لە سەرانسەری وتارەکەی‌دا بەهەموو شێوەیەك هەوڵ دەدا ژێستێکی ڕیئالیستانە بەخۆوە بگرێ، لێرەدا دیسان تووشی هزری ئایدیالیستی دەبێو مەبەستە ناڕەواکانی دەردەخا، دەڵێ نەتەوەیەك پێك بێ کە نە بڕوای بە نەتەوەی کورد هەبێ، نە فارس، نە تورکو نە...، بەڵکوو تەنیا خۆیان بە هاووڵاتی‌یەکی ئێرانی بزانن، بەڵام ناڵێ کە ئەم ئێرانی‌یە چ زمانێکی هەیەو ئەو هەموو جیاوازی‌یە کولتووریو ئایینی‌یە چۆن لە شوناسێکی نوێ‌دا کۆ دەکرێتەوە، ئەوەی لەم دۆزەدا دەردەکەوێ، سەپاندنی ناسیۆنالیزمی ئێستای ئێرانی‌یە بە نێوەرۆکی فارسی‌یەوە، بەڵام لە بیچمو فۆرمێکی دیکەدا. لەڕاستی‌دا ئەمە هەر ئەو هەوڵە بێئاکامەی ڕەزاشایە بۆ پێکهێنانی شوناسێکی ئەوتۆ.

**ئاکام:**

ئەگەر چاوێ لە مێژینەی نووسەری وتاری ناسیۆنالیزمی مەدەنی بکەین، کە بێگومان بۆ زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کورد کەسێکی نامۆ نیە، بەجوانی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم دایەنە لە دایك دڵسۆزترە چ مەبەستێکی لە گەڵاڵەکردنی ئەم دۆزە هەیە. جەلایی‌پوور کە تا دوێنێ بە زمانی چەكو کوشتار دیالۆگی لەگەڵ نەتەوەی کورددا دەکرد، ئێستا ڕێبازی گۆڕیوەو لە پێنووسێکی ژەهراوی بۆ تواندنەوەو لەناوبردنی کورد کەڵك وەردەگرێ. بۆیە زۆر بێشەرمانە باس لە دروستکردنی ئوستانی موکریان دەکا کە تەنیا شارەکانی مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، پیرانشار، پەسوێو شنۆ لەخۆ دەگرێ، بەم جۆرە دەیهەوێ بەشەکانی دیکەی ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە کوردستان دابڕێو جیای بکاتەوە. یا باسی ئەوە دەکا کە ناسیۆنالیزمی کوردی نەیهێشتوە کوردستان وەك ناوچەکانی دیکەی ئێران گەشە بکا، بەڵام ناڵێ ئەی بۆ بەلووچستان، تورکەمەنسەحرا، لوڕستان، چوار مەحاڵو بەختیاریو... تووشی هەمان کێشەن. ڕەخنە لە شەڕی چەکداریی کوردەکان دەگرێ، ئەدی ناڵێ کە نەتەوەیەك کە بە هەموو شێوەیەك کەوتۆتە ژێر تەوژمی داگیرکردنو بە هەموو شێوەیەك هەوڵی ئاسیمیلەکردنی دەدرێ بە چ زمانێك دەبێ لەگەڵ حکوومەتێك کە بە قەدەر توسقاڵێکیش بڕوای بە ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانە نیە، دیالۆگ بکا. کورد بۆ دووری لە شەڕی چەکداریو چارەسەریی ئاشتیانەی کێشەکەی نرخی زۆری داوە، تەنانەت گەورەترین ڕێبەری لەم ڕێگایەدا بوو بە قوربانی، هەر ئەو ڕێبەرە شەهیدە (دوکتور قاسملوو) سەبارەت بە فەلسەفەی شەڕی چەکداریی کورد دەڵێ: "ئێمە بە تەما نین بە چەك ئەو ڕێژیمە لەناو بەرین، تەنیا بۆ ئەوە جەنگ دەکەین کە ناچاری بکەین لێمان بپرسێ چیتان دەوێ." جەنگی چەکداری بەتایبەت لە چەن ساڵی ڕابردوودا تەنیا ڕێگای پاراستنی شوناسی کوردیو دەنگ هەڵبڕین بووە.

کەوابوو حکوومەتی ئێرانو کەسانێکی وەك جەلایی‌پوور بە جێگای ئەوەی کە لە هەوڵی چەواشەکردنی ڕاستی‌یەکانو بازدان بەسەر کێشەکاندا بن، باشتر وایە بەشێوەیەکی واقیعبینانەو گونجاو هەوڵی چارەسەریی ڕاستەقینەی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا بدەن، چونکە ئەم چەشنە هەڵوێستانە نەك هەر کێشەکە چارەسەر ناکەن، بەڵکوو ئاڵۆزتریشی دەکەنو کەلێنی نێوان ئەم نەتەوانە قەڵاتیی نزیات دەکەن. ❋

# نامەی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی بەرەی نەتەوەیی ئازەربایجان بۆ هاوڕێی تێکۆشەر، کاك مستەفا هیجری

هاوڕێی تێکۆشەرو بەڕێز، ئاغای مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

بە هیوایەکی زۆرو لە ناخی دڵەوە، پیرۆزباییتان لێ دەکەم بە بۆنەی هەڵبژاردنی بەجێی بەڕێزتان وەك ڕێبەری حیزب. نەتەوەی ئازەربایجان لە دێرزەمانەوە، شایەتی خەباتی بێوچانی نەتەوەییو سیاسیی خەڵکی قارەمانی کورد بووەو هەیە. ئەم دوو نەتەوە چەوساوەیە بەپێی بڕیاری سروشتو مێژوو، چارەنووسێکی هاوبەشیان هەیە کە بە شایەتیی مێژوو، دەتوانێ ناشیرین، کاولکەرو، یان وەك سەردەمی حکوومەتە نەتەوەیی‌یەکانی ئازەربایجانو کوردستان دەتوانێ شیرینو پوزەتیڤو شانازیخوڵقێن بێ.

دوژمنانی هەر دوو نەتەوەی بەشەرەفو دادپەروەر، ڕێگای یەکەم دەسەپێنن بە سەرماندا، بە کەڵك وەرگرتنی ناڕەوا لە ڕۆحی پاکی ناسیۆنالیستیی ئێمەو، ڕێگای شەهید قازی موحەممەدو خوالێخۆشبوو پیشەوەری، دەبێ خۆمان هەڵی بژێرین.

بەپێی زەروورەتی مێژووییو بە هۆی دەرفەتێکی کەمەوە کە هەمانە، ئەم ئەرکە چارەنووسسازە ناتوانرێو نابێ لەبیر بچێتەوە. ئەمە هەنگاوێکە کە شەهیدانی هەمیشە زیندوو، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی باوەڕیان پێی هەبوو.

بەرەی نەتەوەیی ئازەربایجان، لەسەر بنەمای چل ساڵ ئەزموونی کۆمەڵایەتیو سیاسی، بە تێگەیشتنی لۆژیکیی واقعییەتە هەنوکەیی‌یەکان، دامەزراوەو ئامادەی هاوکاریی لۆژیکی‌یە، لەسەر بنەمای پاراستنی ڕێزی دوو لایەنە.

زەحمەت نەبێ، ڕێزی دەروونیی نەتەوەی ئازەربایجانو بەندە بە تێکۆشەرانی بەشەرەف ـ مێژووسازانی داهاتوو ـ ڕاگەیەنن.

**بە سوپاسەوە**

**سەرکەوتن نزیکە**

**دوکتور عەلیرەزا نەزمیی ئەفشار، بەرەی نەتەوەیی ئازەربایجان**

**900 Themam Rd.**

**Modesto, CA 95356**

**U.S.A**

**یەکی ئۆکتوبری ٢٠٠٤**

❋❋❋

## وەڵامی هاوڕێی تێکۆشەر، کاك مستەفا هیجری بە نامەی بەڕێز دوکتور عەلیرەزا نەزمیی ئەفشار

بەڕێز ئاغای دوکتور عەلیرەزا نەزمیی ئەفشار!

لەگەڵ ڕێزو سوپاسی بێ‌پایاندا نامەی هاوڕێیانەتم پێ‌گەیشت، سوپاسگوزارم لەو هەموو خۆشەویستی‌یە

ئێمە ئێرانێکی فیدراڵ ـ دێموکراتو پلورالیستی دەخوازین کە تێی‌دا هەموو گەلان وەك هاونیشتمانانی بەرامبەر، یەکیەتی‌یەکی دڵخوازانە ـ نە بە زۆری سەرنێزە ـ پێك بێنن، بە چەشنێك کە هەر ئێرانی‌یەك، خۆی بە خاوەنی ئێران بزانێ.

لەم نێوەدا دوو گەلی کوردو ئازەری، وەك دوو دراوسێی مێژوویی، ئەزموونگەلێکی مێژوویی بەنرخیان پێکەوە هەیە. هیوادارین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بەرەی نەتەوەیی ئازەربایجان بە کەڵك وەرگرتنی بەسوود لەم ئەزموونانە، ببنە ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ دامەزرانی وەها ئێرانێك.

ئێمە بۆ هەوڵدان لەم ڕێگەیەدا ئامادەگی تەواومان هەیە.

**سەرکەوتن بۆ خەڵکی ئێرانە**

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**مستەفا هیجری**

**١٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٤**

# "کۆمەڵەی گەلانی هەڕەشەلێکراو" سەردانی بارەگای حیزبی دێموکراتیان کرد

ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٣/٧/١١ی هەتاوی (٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٤ی زایینی)، هەیئەتێکی ئاڵمانی لە "کۆمەڵەی گەلانی هەڕەشەلێکراو" کە پێك هاتبون لە بەڕێزان:

M.r.Tillman Zulch تیلمان سۆلیش، سەرۆکی کۆمەڵەو بەرپرسی هەیئەت، خانمی ماریا سیدۆ Maria Sido و خانمی فەدیل میمی سیویچ Fadial Memi Sevic و دانیال بووگ Danial Bogge هاوکاری کومیتەو هەواڵنێری بەشی یەکەم لە تلویزیۆنی D.tvو بەڕێز کەمال سیدۆ Kamal Saydo و خەلیل سابۆ Khalil Sabo، ئەندامانی کومیتە، سەردانی بارەگای دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کردو لە لایەن بەڕێزان، کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو کاك محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیو کاك محەممەد حەسەنپوور، ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی‌یەوە بە گەرمی پێشوازییان لێ‌کرا.

لە دانیشتنێکی ڕەسمی‌دا هەیئەتی ئاڵمانی، ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە کاری خۆیانو ئامانجەکانی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی گەلانی بندەستو چالاکی‌یەکانی ئەو ڕێکخراوە لەو وڵاتانە کە تووشی کارەسات بوون، پێشکەش کرد. بەتایبەت لە بۆسنیو عێراقو هەرێمی کوردستان بە وردی ئاماژەیان بە کارە خزمەتگوزاری‌یەکانی خۆیان کرد.

لە ڕاپۆرتەکەیاندا لە پێوەندی لەگەڵ هاوکاریو هاودەردیان لەگەڵ کورد، ئاماژەیان بە کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨و کۆڕەوی خەڵکی کوردستانی عێراق دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١و یارمەتی‌یە ئینسانی‌یەکانیان کرد. هەروەها باسی پلانی کاری خۆیانیان لە عێراقو بەتایبەت لە هەرێمی کوردستانو کردنەوەی بنکەی ناوەندیان لە شاری هەولێر کرد.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ کارو تێکۆشانی خۆیاندا، ئاماژەیان بە ئاوەدانکردنەوەی ٥٠ گوندی پارێزگای دهۆك لە هەرێمی کوردستان کرد. بەنیسبەت مەسەلەی کورد لە ئێرانو سوریەو تورکیاو پرسی گەلانی بندەست لەم وڵاتانەدا بەتایبەت لەسەر ئازەری، بەلووچ، عەرەب، تورکمەنو کورد لە ئێرانو دۆخی فەرهەنگیو کەلتووری ئەم نەتەوانەو هەڵکەوتنیان لە ئێراندا، پرسیاریان لە سکرتێری گشتیی حیزب کردو بەڕێز کاك مستەفا هیجرییش بە وردی وەڵامی پرسیارەکانیانی دایەوە.

هەروەها لەو دانیشتنەدا، سەرکوتی خوێندکارانی ئازادیخوازی ئێران لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە خرایە بەرباسو تیشك خرایە سەر هۆکارەکانی هەڵهاتنی پسپۆڕان لە ئێرانو ڕێژیم بە هۆکاری سەرەکی ئەو دیاردەیە لە قەڵەم درا.

بەرپرسی "کۆمەڵەی باڵای گەلانی هەڕەشەلێکراو"، باسی پێوەندی دۆستانەی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو پێوەندی‌یەکانی خۆیانیان لەگەڵ نوێنەرایەتیی حیزب لە ئورووپاو بەتایبەت لە شاری ڤییەن، پێتەختی وڵاتی ئوتریش کردو جارێکی دیکە ئامادەیی خۆیانیان بۆ هاوکاری زێدەتر لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی.

❋❋❋

# هەواڵەکانی کوردستان

## لاوە بەهەستەکانی پیرانشار، لە هەڵمەتیکی تەبلیغیدا

لە ڕێکەوتی ١٣٨٣/٧/٢٥ی هەتاویدا، دەستەیەك لە لاوە شۆڕشگێڕەکانی ناوچەی بەری مێرگانی پیرانشار، بە شێوەیەکی بەربڵاو دروشمی شۆڕشگێڕانەیان نووسیو ڕۆژنامەو تراکتو فیلمە حیزبییەکانیان بڵاو کردەوە.

ئەو شوێنانەی کاری تەبلیغییان لێکرا، بریتین لە: قەبری حوسین - باوەلە - ترکەش - کانی شینکە - بێکۆس - کانی ئەشکەوت - جادەی سەردەشت پیرانشار.

دروشمە شۆڕشگێڕییەکان بریتی بوون لە: "بژی هێزی پێشمەرگە" - "سڵاو لە ڕێبەرانی شەهید، قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی" - "تا گەیشتن بە مافی ڕەوای گەلەکەمان، لە خەبات ناوەستین".

## کۆچی دوایی کاك ڕەسووڵی هەمزەزادە، هاوڕێو دڵسۆزی حیزب لە ناوچەی ڕەبەت

ڕۆژی ١٣٨٣/٧/٢١، هاوڕێیەکی تێکۆشەری حیزبی بە ناوی ڕەسووڵی هەمزەزادە، خەڵکی گوندی "گۆڵێ"ی ڕەبەت بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. ناوبراو لە ساڵەکانی ٤٧ــ٤٦دا ئەندامێکی چالاكو هەڵسووڕو پێشمەرگەیەکی فیداکارو بەوەج بوو.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی شاو ئاشکرابوونی چالاکییەکانی حیزب لە نێوخۆی وڵاتدا، ناوبراو لەگەڵ محەممەدی کوڕیو حەسەنی برای، بوون بە پێشمەرگەو ئەوپەڕی فیداکارییان لەخۆ نیشان دا. بەداخەوە محەممەدی کوڕی لە ساڵی ٦٠دا لە شاری ڕەبەت شەهید بوو، حەسەنی برایشی ساڵی ٧٣، بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. مام ڕەسوول تا ساڵی ٦٧، درێژەی بە ئەرکی پڕلەشانازیی پێشمەرگایەتی داو بە هۆی پیریو نەبوونی سەرپەرست بۆ بنەماڵەکەیان، حیزب ناردییەوە نێوخۆی وڵاتو هەتا دواهەناسە هەروا وەفادار بوو بە ڕێبازی حیزبو گەلەکەی.

ڕۆحی شادو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی پڕ ڕێبوار بێ

## لاوانی شۆڕشگێڕی مەهاباد لە هەڵمەتێکی دروشم نووسیندا

شەوی ١٨ لەسەر ١٩ی ٨٣/٧، چەند کەس لە لاوانی بەهەستو تێکۆشەری شاری مەهاباد لە چالاکییەکی شۆڕشگێڕانەدا، دیوارەکانی شاری مەهابادیان بە دروشمی حیزبیو نەتەوەیی ڕازاندەوە.

شوێنی دروشمەکان بریتین لە: باغی شایگان، مەیدانی ئیستقلال، دەوروبەری قوتابخانەی حەسەنزادە، کانی مام قەمبەران، دەوروبەری قوتابخانەی سەلاحەدینی ئەیوبی، گەڕەکی ئەرمەنیان، چوارڕێی ئازادی، سێڕای سەیدتورام، دەوروبەری قوتابخانەی کچانی شەرەف، شەهرەك. دروشمەکان بریتین لە: "شەهید نامرێ"، "خەبات درێژەی هەیە"، "بژی پێشمەرگە"، "بڕووخێ کۆماری ئاخوندی"، "بمرێ تیرۆریزمی ئاخوندی"، "بژی کچە پێشمەرگەی کورد"، مەرگ بۆ تیرۆریزمی ئاخوندی"، مەرگ بۆ حیجابی ئیجباری"، "بژی حیزبی دێموکرات"، "بژی دێموکرسیو ئازادی"، "بژی کوردو کوردستان".

## سەردەشت:

## هێندێ چالاکی حیزبیو ڕووداو لە ناوچەی سەردەشت

*) شەوی ٧ی ڕەزبەری ١٣٨٣ی هەتاوی، دۆستانو لایەنگرانی حیزب لە شاری سەردەشت کۆمەڵێك کاری تەبلیغیی سیاسی - نەتەوەییان لە گەڕەکەکانی فەرهەنگیانو دەوروبەری یانەی وەرزشیی شارو مەیدانی وەحدەت ئەنجام داوە.

*) هەر لەو شەوەدا لە گوندی "سێوەتاڵ"ی ناوچەی "هۆما" کەسێك بەناوی شێخەی ساڵحی ناسراو بە "شێخە چاڵان" تەقەی لێکراوەو کوژراوە کە تا گەیشتنی ئەو هەواڵە هۆکاری کوژرانو بکوژەکەی ڕوون نەبۆتەوە.

*) هەروەها شەوێك دوای ئەو شەوە واتە ٨ی ڕەزبەر دەستەیەك لە کاروانچییەکان لە نزیك گوندی "ڕەشە هەرمێ" ناوچەی هۆما دەکەونە ناو کەمینی هێزەکانی ڕێژیمو لە ئاکامی دەستڕێژیی هێزەکانی ڕێژیمدا ٣ وڵاغیان لێ دەکوژرێو سەرجەم بارەکانیشیان دەکەوێتە دەستی هێزە تالانچییەکانی ڕێژیم.

## لە تێکهەڵچوونی نێوان هێزەکانی ڕێژیمو گۆرانەکانی سەر بە ئایینی ئەهلی هەقدا ٢٥ کەس دەکوژرێن

بەپێی هەواڵێ کە بە دەستمان گەیشتووە، لە سەرەتای تێکهەڵچوونی هێزەکانی ڕێژیمو گۆرانەکانی سەر بە ئایینی ئەهلی هەق، هەتا ڕێکەوتی ١٩ی ڕەزبەر، ٨ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژراونو ٦ کەس لە گۆرانەکان بەداخەوە گیانیان لەدەست داوە. هەر بەپێی ئەو هەواڵە ڕۆژی ٢٠ی ڕەزبەری ٨٣، سێ کەس لە گۆرانەکان لە کاتی سوبحگای هێزی ئینتیزامیی میاندواودا، دەچنە نێو ستادی فەرمانداریی، لە ئاکامدا شەڕێکی توند لە نێوان گۆرانەکانو هێزەکانی ڕێژیمدا ڕوو دەدا، دەگوترێ لەو شەڕەدا ٢٢ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم دەکوژرێنو ٣ کەس لە گۆرانەکانیش گیانیان لەدەست دەدەنو ١٢ کەسیش بە هۆی ئەو شەڕەوە بە توندی بریندار دەبن. شایانی باسە کە هێزەکانی ڕێژیم دەستیان کردوە بە ڕەشبگیریو تا ئێستا ژمارەیەك لە گۆرانەکان دەستگیر کراونو ڕۆژبەڕۆژ گرژیو نائەمنی زیاتر باڵ بەسەر ناوچەکەدا دەکێشێت.

## ئیمام جومعەی مزگەوتی گەورەی شاری سنە لەسەر کار لابرا

ئیمام جومعەی شاری سنە، حاجی سەلاحەدین حیسامی، بە هۆی گوشاری سیاسیی ناوەندی گەورەی ئیسلامیی ڕۆژئاوای ئێرانو نوێنەری خامنەیی لە کوردستان لە بەرنوێژی ئەو شارە لابرا.

حیسامی لەم چەند ساڵەی دواییدا بە هۆی بەڕێوەنەبردنی خواستو فەرمانەکانی دەوڵەتیو دووریگرتن لە پیاهەڵگوتنو پڕوپاگەندە بۆ سیاسەتە ئایینییەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر میمبەرو هەروەها ڕەخنەگرتن لە ناوەندەکانی دەسەڵات، لەژێر چاوەدێریدا بوو. کەسانی نزیك بە سەلاحەدین حیسامی ڕایانگەیاند کە ئیمام جومعە بە هۆی ئەو گوشارو هەڕەشانەوە ناچار بوو ئیستعفا بدات.

ناوەندی گەورەی ئیسلامیی ڕۆژئاوای ئێران لە شەستەکانی هەتاوی، بە مەبەستی کونترۆڵکردنو چاوەدێری بەسەر ناوەندە سەربەخۆکانی ئایینی لە کوردستاندا دامەزراو یەکەم کاریشی داخستنی ناوەندی گەورەی ئیسلامی لە ئاوایی دەرگاشێخانی مەریوان بوو کە لەوێدا مامۆستایانو فەقێ ئایینییەکان بێچاوەدێری دەوڵەتو دەسەڵات سەرقاڵی پەروەردەی ئیسلامی لەسەر شێوازی ئەهلی سوننەت بوون.

## بێسەروشوێن بوونی چەند کەس لە مامۆستایانی سوننە لە سەرپۆل زەهاو

٩ کەس لە مامۆستایانی ئایینی سوننە لە سەرپۆل زەهاو سەر بە شاری کرماشان چەند ڕۆژە بێسەروشوێننو هیچ ئاگاداریيەك لە شوێنی زیندانیکردنیان لەدەستدا نیە.

ئەم کەسانە نزیکەی ٢٥ ڕۆژ لەمەوپێش بەدوای دەستگیرکردنیاندا گوێزراونەتەوە شوێنێکی نادیارو کەسوکاریان ئاگایان لێیان نیە.

تاوانو هۆکارو چۆنیەتی دەستگیربوونی ئەم کەسانە تاکوو ئێستا ڕانەگەیەندراوە.

سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە لەم پێوەندییەدا "مەلاکەریم، ستار ئەیوبیزادە، نادر ئەیوبیزادە، عەبدولڕەحمان، جەلال پوورکەند، محەممەد سەیفووری، مەلاحوسەین ڕێژاوی"، دەستگیرکراونو تاکوو ئێستا کەس نازانێ کە ئەمانە لە لایەن چ ئۆرگانێکی حکوومەتییەوە دەستگیرکراونو لە کوێ بەسەر ئەبەن.

"خودایاری"، فەرمانداڕو سەرۆکی لێژنەی ئیداریی سەرپۆل زەهاو لە وتووێژێك لەگەڵ هەفتەنامەی "سیروان" لە سنە، دەستگیرکردنی ئەم کەسانەی بە درۆ زانیو ڕەتی کردەوە.

خەڵکی ناوچەی سەرپۆل زەهاو دەڵێن: "ئەم کەسانە کە چەند ڕۆژ بێسەروشوێنن، بە هۆی ئەوەی لە وتەکانیاندا بۆ خەڵك، وتوویانە ئیسلامی واقیعی بەم چەشنە نیە کە بەڕێوەدەچێو ئەگەر ئیسلام ئەمەیە کە کۆماری ئیسلامی ئەیڵێ، ئێمە قەد نامانەوێ. . . دەستگیرکراون".

لە سەرپۆل زەهاو، ئەم وتە کەتۆتە سەر زاری خەڵك کە، ئەم کەسانە ڕەنگە لە تاران، هەمەدان یان کرماشاندا زیندانی کرابن.

"مەلا ڕەشید سەنایی"، ئیمام جومعەی جەماوەری سوننەنشینی سەرپۆل زەهاو ئەم هەواڵەی بەڕاست زانیو وتی: "ئەم کەسانەی کە دەستگیرکراون، لەگەڵ مامۆستایانی سوننی ئەم ناوچەیەدا بە هۆی هێندێ بیروڕای جیاواز، دژایەتییان هەبوو و زۆربەی ئەم کەسانەیان بە بێدینو لادەر ئەزانی".

"هادی ئەیوبیزادە" کوڕی یەکێك لە دەستگیرکراوان (نادر ئەیوبیزادە) لەم بارەوە وتی: "ماوەی ٢٥ ڕۆژ لەمەوپێش چەند کەس کە بەڵگەو حوکمی ڕێکخراوە ئاسایشییەکانی کۆماری ئیسلامییان بەدەستەوە بوو، هاتنە ماڵەوەو باوکمیان دەستگیرکردو ئێستا ئێمەش هاوڕێ لەگەڵ ئەو بنەماڵانەی دیکە کە لەم پێوەندییەدا کەسەکانیان دەستگیرکراون، چاوەڕێی ئازادکرانی ئەم کەسانەین".

سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە ژمارەی ئەم کەسانە لەو ژمارەیە زیاترنو چەند کەسی دیکە لەگەڵ ئەواندا دەستگیرکراون.

بەپێی ئەم پرۆسەیە، چەند ساڵ لەمەوپێش کۆماری ئیسلامی لەم ناوچەیەدا چەند کەسی لە کەسایەتییە سیاسیو ئایینییەکان وەکوو مامۆستا "مەلا محەممەدی ڕەبیعی" تیرۆر کرد، بێئەوەی کەس بزانێ تاوانیان چی بوو.

## مەشقی گەورەی ئەرتەش لە سنوورەکانی ئێرانو عێراقدا

لەدوای دامەزراندنی سەکۆی مووشەکی سوپای ئێران لە چلچەمەی سەقزو دامەزراندنی چەندین سەکۆیتر لە درێژایی سنووری ئێران لەگەڵ عێراقداو بە مەبەستی چاوترسێن کردنی کوردو هێزەکانی ئەمریکا، بەم زووانە مەشقی گەورەی هێزەکانی ئەرتەش دەست پێدەکا.

## دەیان نانەواخانە لە شاری سنەدا داخرانو کرێکارەکانی لە شوێنی یەکیەتیی کارفەرمایانی ئەم شارەدا مانیان گرت

کرێکارانی نانەواییەکانی شاری سنە بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین لە کردەوەکانی ئیدارەی غەڵلەی ئوستانی کوردستان، کە لە سەدا ٣ی پارەی ئەو کەسانەی کە گەنم دابەش دەکەن، نەداوە، نانەواخانەکانیان داخستو لە شوێنی یەکیەتیی کارفەرمایانی شاری سنەدا، مانیان گرت. دەگوترێ بەپێچەوانەی قانوونی تەعزیرات، ئیدارەی غەڵلەی ئوستانی کوردستان بەشی ئاردی دەیان نانەواخانەی بڕیوەو کرێکارانی ئەو نانەواخانانەش لە بەرپەرچدانەوەیەکدا، نانەواخانەکانیان داخستوە. مانگرتووەکان ڕایانگەیاندوە کە ئەگەر لەم چەند ڕۆژەدا، ئارد وەك ڕابردوو نەدرێ بە نانەواخانەکان، مانگرتنەکانیان لە شوێنەکانی دیکەدا درێژە پێدەدەن.

❊❊❊

# هەواڵ و چالاکییەکانی دەرەوەی وڵات

## کۆبوونەوەی هاوبەشی کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە وڵاتی سویس

لەسەر بانگهێشتنی ڕەسمیی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٤/١٠/٩، لە شاری بازڵی سویس، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان پێك هات. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەرپرسی کۆمیتەی حیزب، کاك نامدار سەفەری بەخێرهاتنی ئەندامانی کومیتەی یەکیەتیی نیشتمانی کردو ئەوانی لە ئاکامی ئاڵوگۆڕەکانی کۆنگرەی سێزدەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاگادار کردەوەو ئەندامانی کومیتەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش بە نۆرەی خۆیان پیرۆزباییی گەرمیان لە سەرکەوتنی کۆنگرەی سێزدەو ئاڵوگۆڕەکانی کرد. پاشان دوای باسێکی چڕوپڕی دوولایەنە لەسەر پێوەندییەکانی هەردوو کومیتە، لە ئەنجامدا لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش ڕێکەوتنو بەرنامە بۆ کاری داهاتووش دانرا. دەبێ بگوترێ کە ئەو کۆبوونەوەیە لە کەشێکی دۆستانەو برایانەدا بەڕێوەچوو و سەرئەنجام کۆبوونەوەکە لە کاتژمێر ٥/٥ی دوانیوەڕۆ کۆتایی پێهات.

## چاوپێکەوتنی نوێنەری حیزب لەگەڵ بەرپرسی حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە

ڕۆژی چوارشەممە ٦ی ڕەزبەری ١٣٨٣ی هەتاوی، هاوڕێ خوسرەو عەبدوڵڵاهی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، سەردانی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسەی کردو لەگەڵ بەڕێز "ژاك فات" بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی کۆمۆنیست لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کۆبۆوە. لەو دانیشتنەدا بەڕێزان لەسەر ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئێرانو کێشەی کوردەکانی ئێرانو ناوچە بە تەسەلی دوانو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد. پاشان نوێنەری حیزب لەسەر دۆخی ئێستای حیزبو کۆنگرەی ١٣ی حیزب بۆچوونەکانی خۆی ئاراستەی ناوبراو کرد. لە کۆتاییدا هەردوولا خۆشحاڵیی خۆیان سەبارەت بەو کۆبوونەوەیە دەربڕیو دووپاتیان کردەوە کە درێژە بەو پێوەندییانە بدرێ.

## چاوپێکەوتنی ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لەگەڵ سیناتۆر "کیرك"

ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی ڕەزبەری ١٣٨٣ی هەتاوی، هاوڕێیان محەممەد هاشمیو زاهید کەریمی ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لە ئوسترالیا لەگەڵ سیناتۆر خاتوو "لیندا کیرك" کۆبوونەوە. لەو چاوپێکەوتنەدا کۆمەڵێك باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر کۆماری ئیسلامیو کوردستانو ناوچەکە هاتە گۆڕێو لە کۆتاییدا خاتوو کیرك خۆشحاڵیی خۆی بەهۆی ئەو چاوپێکەوتنەوە دەربڕی. هەروەها جیا لەوەی بەڵێنی دا ئەو باسانە بگوازێتەوە بۆ ناو کابینەی دەوڵەت، دووپاتی کردەوە کە درێژە بەو کۆبوونەوەو پێوەندییانە بدەن.

## چاوپێکەوتنی کۆمیتەی حیزب لەگەڵ "فۆلك سوونەمان"

ڕۆژی دووشەممە ١٣ی ڕەزبەری ١٣٨٣ی هەتاوی، هەیئەتێك لە بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە فینلاند سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەی کردو لەگەڵ بەڕێز "فۆلك سوونەمان" ڕاوێژکاری تایبەتیی وەزیری دەرەوەی فینلاند کۆبوونەوە.

لەو چاوپێکەوتنەدا لەسەر بابەتەکانی: وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێرانی دوای مەجلیسی حەوتەم، پرسی چڕکردنەوەی ئۆرانیۆم لەلایەن ئێرانو هەڵوێستی ئەنجومەنی ئورووپا، ڕەوشی کوردستانو کردەوەکانی ڕێژیم لە کوردستانو... بە تەسەلی باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا. لە کۆتاییدا دوو لایەن دووپاتیان کردەوە کە درێژە بەو چاوپێکەوتنو کۆبوونەوانە بدەن.

❊❊❊

## کۆبوونەوەی کومیتەی بریتانیای حیزبی دێموکرات

لە ڕێکەوتی ١٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٤، کۆبوونەوەی کۆمیتەی بریتانیا گیرا. لەپێشدا نوێنەری حیزب، هاوڕێیانی حیزبی لە پلینۆمی سێهەمی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاگادار کردەوەو دەقی بەرنامەی کاری پلینۆمی، پێشکەشی ئەندامانی حیزب کردو هەروەها هاوڕێیانی لە نێوەڕۆکی نووسراوەی سکرتێری گشتی کە لە ١٣ی سێپتامبری ٢٠٠٤، لە لایەن دەفتەری پاریسەوە هاتبوو، ئاگادار کردەوە. بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە تەرخان کرا بۆ ڕاپۆرتی کارو تێکۆشانی کومیتەی بریتانیا.

لەم کۆبوونەوەیەدا هێندێك پرسیار لەسەر کاروباری حیزبو سیاسەتەکانی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ئێرانیو کوردستانیو هەروەها گرتنی سیمیناری ١٦ی ئۆکتۆبر، لە لایەن بەشدارانەوە خرانە ڕوو، کە وەڵامی پێویست بەم پرسیارانە درانەوە.

## چاوپێکەوتنی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە فینلاند لەگەڵ ڕاوێژکاری وەزیری دەرەوەی فینلانددا

بە مەبەستی تازەکردنەوەی پێوەندی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە، دوای ئاڵوگۆڕەکانی ناو ئەو وەزارەتەو ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر ڕەوشی ئێرانو کوردستانی ئێران، ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٤/١٠/٤، هەیئەتێك لە بەشی پێوەندییەکانی کومیتەی حیزب لە فینلاند سەردانی وەزارەتی دەرەوەی کردو دیدارێکی دۆستانەی لەگەڵ بەڕێز "فۆلك سووندمان"، ڕاوێژکاری وەزیری دەرەوە پێك هێنا.

تەوەری گفتگۆکان بریتی بوون لە: وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێران بەدوای هاتنەسەرکاری مەجلیسی حەوتەم، پرسی چڕکردنەوەی ئورانیۆم لە ئێرانو هەڵوێستی یەکیەتیی ئورووپا، ڕەوشی کوردستانو سیاسەتو کردەوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستانو لەوانە چۆڵکردنی گوندەکانی ناوچەی چلچەمەو پلانەکانی ڕێژیم لە ئازەربایجانی ڕۆژئاواو هەروەها ڕەوشی ژنان لە ئێراندا.

بۆ لاپەڕەی ١٠

# مافی مرۆڤ پرەنسیپێکی جیهانگیر یان ئامرازێکی سیاسی؟

عەلی بداغی

سەرتاپاگیربوونی زانیاری، پەرەسەندنی خێرا، بەربلاوو سەرسوورهێنەری پێوەندییە جیهانی‌یەکان‌و هەنگاوەکانی مرۆڤ لە رەوتی بەجیهانیبوون‌و بەکردەوە، بوونی جیهان بە گوندێکی بچووکی جیهانی بە ئەنجامی تێکەڵاوبوون‌و لێك گرێدانی هەموو هەرێمە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی، دینی‌و زمانی‌یەکان دەگا. لەو پێوەندی‌یەدا دوو چەمکی دێموکراسی‌و مافی مرۆڤ وەك دوو پێشمەرجی بنەڕەتی هاتنەنێو ئەو کۆمەڵگا نێونەتەوەیی‌یە دێنە ژمار.

دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکان بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و جیهانی سێهەمدا، بۆ پاساودان‌و پووش بەسەرکردنی کردەوە نامرۆڤانەکانیان بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتە نگریسەکەیان بەردەوام دژایەتیی مافی مرۆڤیان کردوە، بەو بیانووە کە هەموو جۆرە ماف‌و بایەخ‌و پرەنسیپێك بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە فەرهەنگی‌یەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان پێناسە دەکرێ‌و چونکە هیچ فەرهەنگێکی جیهانی بوونی نیە، مافی مرۆڤێکی جیهانیش ناتوانێ بوونی هەبێ! بەڵام هەروەك گوترا ئەوە رەهەندێکە بۆ خۆلادان لە کۆی هەموو ئەو جینایەت‌و توندوتیژی‌یانی لەپێناو پاراستنی دەسەڵات‌و بەرژەوەندی‌یەکانیاندا بەسەر خەڵکی‌دا دەسەپێنن. ئەگینا روون‌و ئاشکرایە فەرهەنگ شتێکی دوگم‌و تابۆ نیە‌و لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەردەوام رەوتی گۆڕان‌و کامڵبوون دەپێوێ‌و هەستیارە لە بەرامبەر هەموو بزوێنەرە نێوخۆیی‌و دەرەکی‌یەکاندا.

بەوپێیە مافی مرۆڤ وەك بایەخێکی جیهانی، پرەنسیپێکی بنەڕەتی‌و نێونەتەوەیی‌یە بۆ هەموان، بەبێ جیاوازیی بیروڕاو ئایین، رەگەز، شوێنی نیشتەجێبوون‌و پێگەی کۆمەڵایەتی. مرۆڤ لەژێر تیشکی ئەو دروشمە جیهانی‌یە ناخرێتە نێو بازنەی تەسکی هیچ ئیدئۆلۆژی‌یەك‌و لەم روانگەیەوە مافەکانی پێناسە ناکرێ، بەڵکوو مافەکانی ئەو بە پشت بەستن بە کەسایەتی‌و ئازادیی تاکەکەس وەك مرۆڤێکی سەربەست‌و خاوەن ئاوەز دەستنیشان دەکرێ.

> **لە ئێراندا جگە لە یاسای باوو ئاسایی، یاسایەکی دیکەش بەناوی یاسای شەرع بە هەموو رێوشوێنە ناکۆتاو بێسنوورەکانی حاکمە کە هەموو پرەنسیپ‌و ئیلتزامەکانی مافی مرۆڤ دەباتە ژێر پرسیارو دەکەوێتە دژایەتی کردنیان.**

کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان یەکێك لە ئۆرگانە چاوەدێرەکانی ئەو رێکخراوەیە‌و بە مەبەستی لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی مافی مرۆڤ لە ولاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان ساڵێ جارێك کۆ دەبێتەوەو پاشان راپۆرتی ساڵانەی خۆی بڵاو دەکاتەوە. ئەو ئۆرگانە توانای بڕیاردان‌و هێزی بەرێوەبەریی نیە، بەڵام پەسندکراوەکانی لە ئاستی دنیادا دەخرێتە بەرباس‌و لێدوان‌و بۆ زۆربەی ئەو وڵاتانەی رێز لە مافی مرۆڤ دەگرن‌و مافی مرۆڤیان وەك پرەنسیپێکی جیهانی بە فەرمی ناسیوە، دەبێتە بەڵگەیەك بۆ شوێندانان لەسەر پێوەندی‌یەکانیان لەگەڵ وڵاتانی پێشێلکەری مافی مرۆڤ.

کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پاش ٢٠ جار مەحکوومکردنی بەردەوامی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە تاوانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٣ تاکوو بەهاری ٢٠٠٢ ئەوە ٣ ساڵە لە پەسندکردنی بڕیارنامە لە دژی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا خۆی دەبوێرێ.

ئورووپا سەرەڕای هەڕەشەی ناوبەناوو گرتنەبەری سیاسەتی دیالۆگی رەخنەگرانە لە کاتێکدا پەرە بە پێوەندی‌یە سیاسی، ئابووری، بازرگانی‌یەکانی لەگەڵ ئێران دەدا کە بارودۆخی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا پتر لە هەموو کاتێك شپرزەو نالەبارە. ئێعدام‌و سزای نامرۆڤانە بە شێوەیەکی بەربلاو لەو وڵاتەدا بەرێوەدەچێ. لە ئێراندا ئەمنییەتی قەزایی نەك هەر بوونی نیە بەڵکوو چەندین دەزگای نایاسایی‌و هاوتەریبی قەزایی خەریکی نواندنی زەبرو زەنگ‌و توندوتیژی، سزادان‌و سەپاندنی یاساورێسای نامرۆڤانەو دژی گەلین. لە ئێراندا رێز لە مافی ژیان ناگیرێ، مافی دەربڕینی راو بۆچوون باسی سەرە. رەخنەگران‌و جیابیران لەگەڵ هەر جۆرە مەترسی‌یەکی چاوەڕوانکراو لە راوەدوونان، گرتن، ئەشکەنجەو تەنانەت کوشتن بەرەورووو دەبنەوە.

گەرچی ئێران بە رواڵەت چەند پەیماننامەی گرینگ‌و بنەڕەتیی مافی مرۆڤی بە فەرمی ناسیوەو چۆتە ریزی بەڵێندەرانی ئەم پەیماننامانەوە بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا قەت ملکەچ‌و پابەندی بڕیارەکانی ئەو بەڵێنانە نەبووە. هۆیەکەشی بۆوە دەگەڕێتەوە کە لە ئێراندا جگە لە یاسای باوو ئاسایی، یاسایەکی دیکەش بەناوی یاسای شەرع بە هەموو رێوشوێنە ناکۆتاو بێسنوورەکانی حاکمە کە هەموو پرەنسیپ‌و ئیلتزامەکانی مافی مرۆڤ دەباتە ژێر پرسیارو دەکەوێتە دژایەتی کردنیان.

واتا بە فەرمی ناسینی رواڵەتیی مافی مرۆڤ لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە تەنیا بۆ سەقامگیرکردنی خۆی لە هاوکێشەجیهانی‌یەکان‌و رێگە خۆشکردن بۆ ساتوسەوداو بازرگانی بووە ئەگینا لەبەرچاوی هەموو چاوەدێران‌و پارێزەرانی مافی مرۆڤو بیروڕای گشتیی جیهان هێرشی بەربلاوو هەمەلایەنە بۆ سەر ئازادی‌یەکانی گەلانی ئێران هەروا بەردەوامە. ئێعدامی بەکۆمەڵ، پێخوست کردنی مافی کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌و ئایینی‌یەکان، داخستنی بەکۆی رۆژنامە ئازادو رەخنەگرەکان، زیندانی‌کردن‌و ئەشکەنجەدانی جیابیران‌و رۆژنامەنووسان، سەپاندنی سزای نامرۆڤانەی وەك بەردەباران‌و جیاوازیدانانی جینسی‌و رەگەزی، پێناسەیەکی کورتن بۆ ئەو رێژیمە بەخوێن دەستنوێژی هەڵگرتووەو مانەوەی خۆی بە قیمەتی قەڵتوبڕی جیابیران‌و سەرکوتی هەموو ئازادی‌یەکان وەدەست هێناوەو پاراستوویەتی. هەنووکە لە کاتێکدا کە مافی مرۆڤو لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپەکانی وەك پێوەری هەڵسەنگاندنی رەوایی‌و مەشروعییەتی نیزام‌و حکوومەتەکان سەیر دەکرێ‌و لەلایەکی دیکەش ساڵەهایە خەبات دژی تیرۆریسم، پاراستنی مافی مرۆڤو خەبات دژی چەکە کۆکوژەکان لەو مەرجانەن کە بە رواڵەت لە لایەن وڵاتانی ئورووپاوە بۆ پەرەپێدان‌و بەردەوامبوونی پێوەندی‌یە سیاسی‌و ئابووری‌یەکانیان لەگەڵ ئێران دەستنیشان کردون، بێدەنگیی‌و هەڵنەهێنانەوەی هەنگاوی کاریگەرو بەردەوامبوونی پێوەندی‌یەکانی ئورووپا لەگەڵ ئێران سەرەڕای شێلگیریی هەوڵەکانی رێژیم لە هەر سێ تەوەرەکانی سەرەوەدا چ پاساوێك هەڵدەگرێ؟ بێ‌تەفاوەتی‌و خۆدزینەوەی ئورووپا لە هەمبەر هەموو پێشێلکاری‌یەکانی مافی مرۆڤو پێش مەرجەکانی‌تر بۆ چڕکردنەوەی پێوەندی‌یەکانی جگە لە بەهێند نەگرتنی مافی مرۆڤ وەك پرەنسیپێکی جیهانی‌و گاڵتەپێکردنی‌و قوربانی‌کردنی لەپێناو قازانجی بازرگانی‌و بەرژەوەندی‌یە ئابووری‌یەکانی ئەو وڵاتانە دەکرێ چ ناوێکی دیکەی لێ بنرێ؟

> **بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو هەوڵە هەمەلایەنانەی کە لە دژی پرچەك بوونی ئێران‌و دەست پێراگەیشتنی بە چەکی ناوکی‌و کۆکوژ وەرێ خراوەو تەنگیان بە رێژیم هەڵچنیوە، جێی خۆیەتی لە پەنا ئەو هەوڵانە لە مافی مرۆڤ وەك ئەهرۆمێکی فشاری بەهێزی دیکە بۆ ملکەچ کردنی ئێران بۆ خواست‌و ئیرادەی جیهانی‌و رێزگرتن لە پرنسیپە ئینسانی‌یەکان کەڵك وەربگیرێ‌و چیتر نەکرێتە ئامرازی ساتوسەودا پێکردن‌و ئیمتیاز وەرگرتن لە قۆناغێکی کاتی‌دا.**

راستی‌یەکەی ئەوەیە کە ئورووپا لە هەموو ماوەی تەمەنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا کێشەی مافی مرۆڤ لە ئێرانی وەك ئامرازێکی کاریگەر لە هاوسەنگیی پێوەندی‌یەکانی خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بەکار هێناوە. هەمووکات لە بەرامبەر پشتگوێخستن‌و بەخشکە تێپەربوون لە ئاست پێشێلکاری‌یەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن رێژیمەوە، ئیمتیازێکی دیکەیان لە رێژیم وەرگرتووە. بە هەڵاوهەنگامەو هات‌و هاوار لەسەر کێشەی مافی مرۆڤ خۆیان کوتاوەتە تاران‌و پاش دانووستان‌و وتووێژ مافی مرۆڤیان کردۆتە قۆچی قوربانی بەرژەوەندی ئابووری‌و ئەو ئیمتیازە نوێیانەی رێژیم بە قیمەتی خوێنی ئازادیخوازان پێیانی بەخشیوە.

ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو هەوڵە هەمەلایەنانەی کە لە دژی پرچەك بوونی ئێران‌و دەست پێراگەیشتنی بە چەکی ناوکی‌و کۆکوژ وەرێ خراوەو تەنگیان بە رێژیم هەڵچنیوە، جێی خۆیەتی لە پەنا ئەو هەوڵانە لە مافی مرۆڤ وەك ئەهرۆمێکی فشاری بەهێزی دیکە بۆ ملکەچ کردنی ئێران بۆ خواست‌و ئیرادەی جیهانی‌و رێزگرتن لە پرنسیپە ئینسانی‌یەکان کەڵك وەربگیرێ‌و چیتر نەکرێتە ئامرازی ساتوسەودا پێکردن‌و ئیمتیاز وەرگرتن لە قۆناغێکی کاتی‌دا.

کاتی ئەوە هاتوە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە توندترین شێوە بەرهەڵستی پێشێلکەریی مافی مرۆڤ بێتەوەو میکانیزمێك بۆ چۆنیەتی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ وڵاتانی پێشێلکەری مافی مرۆڤو سزادانیان دابنێ.

دەرکردنی بەیاننامەو مەحکوومکردنی سەرزارەکیی رێژیمێکی سەرکوتکەری وەك کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتوانێ پێش بە رەوتی سەرکوت‌و زەبرو زەنگ‌و کپ کردنی ئازادی لەو وڵاتەدا بگرێ. ئەوە هەنگاوی بەکردەوەو کاریگەری لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌یەوە پێویستە‌و ئێستاش باشترین دەرفەت بۆ قۆستنەوەی ئەو هەلەو سەپاندنی ئەو ئیرادە جیهانی‌یە.

ماوە بڵێین گەرچی فشاری نێونەتەوەیی‌و هێزی دەرەکی فاکتۆرێکی گرینگ‌و شوێندانەرە لەسەر رەوتی رێزگرتن‌و لەبەرچاوگرتنی رێوشوێنەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ئەوە کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانن کە دەبێ لێبڕاوانەو شێلگیرانە لەسەر داواکانی خۆیان‌و ملکەچ کردنی دەسەڵات بۆ رێزگرتن لە مافی مرۆڤ سوور بن‌و خۆبەخشانە بە پەرەپێدان بە بزووتنەوە ئێعترازی‌یەکان ئەو پرەنسیپە لە ئێراندا جێگیر بکەن.

❊❊❊

# نامەی بەڕێز سوڵتان عەلی محەممەدی،
# کەسایەتیی مەزنی ئەهلی هەقەکان بۆ رێبەری رێژیم:

## سووکایەتی بە ئایینی ئەهلی هەق مەحکووم دەکەم

بەڕێز موحەممەدی لە بەشێك لە نامەکەی‌دا دەنووسێ: "فەرماندەی ناوەندی ئامووزشیی ئیمام سەجادی ورمێ، سووکایەتی بە نەریت‌و بایەخەکانی ئێمە کردوەو لە کۆبوونەوەیەکی گشتی‌دا بێحورمەتی بە بیروباوەڕە ئایینی‌یەکانی ئێمە کردوەو "سمێڵ" کە یەکێ لە باوەڕە ئایینی‌یەکانی ئێمەیە بە "ئەنگەل"و شوێنی میکرۆب ناوی هێناوەو فەرمانی داوە کە هەموان دەبێ سمێڵیان بە نمرە ٢ بتاشن، دەنا رێگا نادا پێ بنێنە پادگانەوە. من بە راشکاوی‌یەوە رادەگەیەنم کە ١) هیچ کەس ناتوانێ لە بیروباوەڕە مەزهەبی‌یەکانمان پاشگەز بکاتەوەو بە هیچ نرخێك ئامادە نین چاوپۆشی لە بیروباوەڕە پیرۆزەکانمان بکەین، تەنانەت ئەگەر لەو رێگەیەدا گیان‌وماڵیشمان بە تەواوی لەدەست بدەین، ٢) ئەگەر کەسێ بیەوێ بە زۆر ئایینەکەمان بخاتە ژێر پرسیارو سەرکوتمان بکات، ئێمەش وەڵامی دەدەینەوەو مێژووش دەریخستووە کە ئەوانەی سووکایەتی بە ئایینی حەزرەتی هەق دەکەن بە هەورە تریشقەی حەزرەتی هەق دەبنە خۆڵەمێش".

ناوبراو لەو نامە سەرئاوەڵایەدا، ئەو راستی‌یەی ئاشکرا کرد کە ئەوان ئازاد نین لە هەڵبژاردنی ناو بۆ منداڵەکانیان‌و ناوی پیرانی مەعنەویی کۆمەڵی ئەهلی هەق لە ریزی پێشەوەی ئەو ناوانەدان کە لە لایەن رێژیمەوە قەدەغە کراون. بەڕێزیان هەروەها ئاماژەیان بەوە کردوە کە خەڵکانی سەر بە ئایینی ئەهلی هەق لە ئیدارەکاندا کاریان نادرێتێ‌و لە تەلفزیۆنی کۆماری ئیسلامی‌دا، تەوهین بە پیرەوانی ئەو ئایینە دەکەن‌و کاراکتەری مرۆڤکوژ لەو فیلمانەدا، مرۆڤێکە کە سمێڵێکی ئەستووری هەیە، لە کاتێکدا، سمێڵ یەکێك لە بیروباوەڕەکانی ئێمەیە. ئاغای موحەممەدی لە کۆتایی نامەکەی‌دا، سێ داخوازی لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هێناوەتە گۆڕێ:

١) چارەسەرکردنی خێراو بەپەلەی کێشەکە بە شێوەیەك کە هەموو ئەهلی هەقەکان‌و رۆڵەکانم بتوانن لەم وڵاتەدا لە رووی ئایینی‌یەوە هەست بە ئاسایش بکەن.

٢) فەرماندەی ناوەندی ئامووزشیی ئیمام سەجادی ورمێ دەبێ لە پشت تریبوونەوە داوای لێبوردن لە هەموو ئەهلی هەقەکان بکا.

٣) پەسەندکرانی گەڵاڵەیەك لە هەیئەتی دەوڵەت‌و پەسەندکرانی لە لایەن مەجلیسی شوورای ئیسلامی‌یەوە کە تێی‌دا ئایینی کۆمەڵی میلیۆنیی ئەهلی هەق بە رەسمی بناسرێ‌و کۆتایی بە بێحورمەتی بەو ئایینە بهێنرێ.

تەنیا لە بەڕێوەچوونی ئەو داخوازیانە دایە کە ناوچەکە ئارام دەبێتەوە. بەندە، گیانێکم بە ئەمانەت پێ‌دراوە، ئەگەر پێویست بکات، ئامادەم بیبەخشمە باوەڕە پیرۆزە ئایینی‌یەکانم.

❊❊❊

# بە بەشداریی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب

## رێوڕەسمێك بەبۆنەی کۆتایی‌هاتنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەوە بەڕێوەچوو

دوانیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ٢٣ی رەزبەری ١٣٨٣ی هەتاوی، پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردستان، دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەیان لە فێرگەی سیاسی - نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تەواو کردو جلوبەرگی پیرۆزو پڕلەشانازیی پێشمەرگایەتییان لەبەر کرد.

لە رێوڕەسمێکدا کە بە بۆنەی کۆتایی‌هاتنی ١٦٢هەمین دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە لە فێرگەی سیاسی - نیزامیی حیزبدا بەڕێوەچوو، هەیئەتی نوێنەرایەتی کومیسیۆنی سیاسی - نیزامی، کادرو پێشمەرگەکانی فێرگەو دەیان کەس لە تێکۆشەرانی حیزب‌و بنەماڵەکانیان‌و لاوانی بەشدار لە دەورەکەدا بەشدار بوون، کۆتایی‌هاتنی‌دەورەکە راگەیەندراو پێشمەرگە سەرکەوتوو و نموونەکان بە بەشدارانی رێورەسمەکە ناسێندران. رێورەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێ‌کرد. پاشان هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر کاك حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتی‌و بەرپرسی کومیسیۆنی سیاسی - نیزامی بەم بۆنەیەوە چەند وتەیەکی پێشکەش بە بەشدارانی رێورەسمەکە کرد.

لە بەشێکی دیکەی رێورەسمەکەدا، یەکێك لە مامۆستایانی فێرگە راپۆرتی ئامووزشیی فێرگەی پێشکەش کرد. دواتر بەشدارێکی دەورەکە بە نوێنەرایەتی لە لایەن هاوڕێیانی‌یەوە، پەیامی کۆتایی دەورەی پێشکەش کردو لە پەیامەکەی‌دا وێڕای ئاوڕدانەوەیەك لە وەزعییەتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ئێران‌و کوردستان‌و دەربڕینی شادی‌و خۆشحاڵی خۆیان بۆ پەیوەست بوونیان بە ریزی تێکۆشەرانی دێموکرات، سوپاسی بەرپرس‌و مامۆستایانی فێرگەی کرد بۆ هەوڵ‌و تێکۆشانیان لە پێناوی پەروەردەکردن‌و پێگەیاندنی لاوانی کوردستانی ئێران بۆ ریزەکانی پێشمەرگایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. پاشان هاوڕێی بەڕێز کاك کاوە بەهرامی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی خەڵاتی بەسەر ژمارەیەك لە بەشدارانی دەورەکەدا دابەش کرد.

پێشکەش‌کرانی چەند گۆرانی لە لایەن بەشدارانی دەورەو بە هاوکاری کۆڕی هونەری حیزب‌و چەند پارچە شێعرێك کە لە لایەن بەشدارانی دەورەوە ئامادە کرابوو، بوون بە نێوئاخنی رێورەسمەکە.

❊❊❊

# ژاك دریداو تیئۆریی هەڵوەشاندنەوەی پێكهاتە

## دریدای جەستە مرد



لە شەوی ١٨ی ڕەزبەری ١٣٨٣ی هەتاوی‌دا، فەیلەسۆفی بەناوبانگی فەرانسەوی "ژاك دریدا" لە تەمەنی ٧٤ ساڵی‌دا بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە كۆچی دوایی كرد. دریدا لە بنەماڵەیەكی جولەكە لە ئەلجەزایر لە دایك بوو لە "ئیكول نورمالی سوپێر یوور"ی پاریس خوێندنی تەواو كردوە، پاشان لە زانكۆی سوربۆنی فەرانسە و هێندێ لە زانكۆكانی ئەمریكا دا دەستی بە وانەكوتنەوە و مامۆستایەتی زانكۆ كردوە. دریدا یەكێك لەو دەگمەن فەیلەسۆفانەی سەدەی بیستەم بوو كە جیا لە خەڵكانی زانكۆیی و خوێندەوار تەنانەت بەشێكی بەرچاو لە خەڵكانی ئاسایی جیهانیش، ناسیاویان لەگەل ناوەكەی‌دا هەیە بەڵام ئەوە هەرگیز بەو مانایە نیە كە هەموو كەس توانیبێتی لە هزر و بیرۆكانی تێ بگا، بەڵكوو بە پێچەوانە. دریدا لە پەنا چالاكی و لێكۆڵینەوەی زانستی دا لە بوارەكانی دیفاع كردن لە مافی ئەو پەنابەرانەی روویان كردبووە فەرانسە، خەبات بە دژی ئەو "ئاپارتاید"ەی كە لە ئەفریقای باشوور بەرێوە دەچوو. هەروەها پشتیوانی كردن لە نەیارانی سیاسی دژی چەسپاندنی نیزامێكی كۆمۆنیستی لە چكسلواكی و ... هتد كۆمەڵێك هەولی جیددی داوە.

دریدا لە ناو كۆمەڵگای ئینگلیزی زماندا زیاتر لە هەر شتێك بە هۆی هێنانە ئارای رەخنەیەكی پێكهاتە شكێنانە، واتە بە هۆی بردنە ژێر پرسیاری پێكهاتە و پێكهاتە خوازی بە باوكی پێكهاتە شكێنی ناوبانگی دەركرد. دەكرێ لەو بوارەوە دریدا وەك یەكەمین فەیلەسۆفی سەدەی بیستەم چاولێبكرێ، كە بە شێوەیەكی ئاگایانە و زانستیانە "پێكهاتییەتیی پێكهاتە" دەخاتە ژێر هەژموونی خوێندنەوەو بیرۆكەیەكی رەخنەگرانەی جیددی یەوە، بە جۆرێك لەو پێوەندی‌یەدا توانی قۆناغێكی نوی بێنێتە ئاراوە. قۆناغێك كە لە سەر بنەمای هەڵوەشاندنەوەی پێكهاتە و دۆزینەوەی دیوە شاراوەكان و توێژەمانایی‌یە جیاجیاكانی ناو پێكهاتە و دەقێك و ناوەند سڕینەوەو ... كار بكا، كە بە بۆ چوونی ئەو لە ئاكامی رەوتێكی مێژوویی فەلسەفی‌دا هاتوونەتە ئاراوە و لە تەنیشت و لە سەر یەكتری جێگیر بوون. بەو پێیە هەر دەق و پێكهاتەیەك لە كۆمەڵێك توێژی جیاجیای كەمتر دیار و زیاتر نادیاری مانایی و .. هتد پێك هاتوون، كە رەنگە تا ئەو كاتەی كە راڤیارێكی رەخنەگر پەردەیان لەسەر هەڵدەداتەوە هەر وا بە نادیاری بمێنەوە.

ئەو رەوتە یا ئەو هەوڵە پێكهاتە شكێنانەیەی دریدا لە سەرەتای دەیەی ٦٠دا و لەگەڵ بڵاوكردنەوەی یەكەمین بەرهەمی دا دەست پێ دەكا. واتە ئەو كاتەی كە لە ساڵی ١٩٦٢ی زایینی دا یەكەم كتێبی خۆی بە ناوی "ئاخێزگەی هەندەسە"ی بڵاوكردەوە، هەر خوێنەرێكی ئەو كتێبە بە خوێندنەوەی پێشەكی‌یەكەی بۆی دەردەكەوێ كە دریدا چەندە لە ژێر كاریگەریی فەلسەفە و نەریتی دیاردەناسی فەیلەسۆفانێكی وەك هێگل، هوسرێل، هایدگەر دا بووە، تەنانەت لە بەرهەمەكانی دواتریشدا بە جۆرێك داكۆكی لە فەلسەفەی دیاردەناسی هوسرێل دەكا، كە

**ئەوەی كە دریدا دەتوانێ بە ئێمەی بدا گومان كردن لە حەقیقەت و ئەو ئامرازەیە كە لەوێوەوە تەك پێكهاتەیی خۆمان هەڵوەشێنینەوەو ئینجا لە فرە مانایی دا خۆمان دارێژینەوە**

ئوتوماتیك بە هۆی ئەو داكۆكی كردنە قووڵەوە دەكەوێتە دەرەوەی پانتایی باڵادەستێتیی ئەو تیئۆری‌یە پێكهاتەخوازی‌یەی كە لە دەیەی ٦٠دا بە تەواوی هزر و كولتووری فەرانسەوی خستبووە ژێر هەژموونی خۆیەوە، هەر بۆیەش یەكەمین دەركەوتن و درەوشانەوەكانی مێتۆدی پێكهاتەشكێنانەی دریدا بەشێكی هەرە دیاری دەگەڕێتەوە بۆ دەرئەنجامی ئەو راڤەو خوێندنەوانەی كە لە لایەك لە سەر ئیدئالیزمی فەلسەفیی هوسرێل و لە لایەكی دیكەشەوە لە سەر مێژووی میتافیزێكیی خۆرئاوا پێشكەشی كردن.

دریدا سەر بە فەیلەسۆفە پۆست مۆدێرنەكانی هاوچەرخی خۆی بوو، فەیلەسۆفگەلێك وەك "میشل فۆكۆ و ژان فرانسوا لیوتارد" و ... هتد، كە لەسەر ئەو باوەڕە بوون لە جیهاندا حەقیقەتێكی رەهابوونی نیە و تەنانەت زانستی "نوێ"ش ناتوانێ حەقیقەتێكی لەو چەشنە بەرهەم بێنێ، ئەو پێی وابوو كە مێژووی میتافیزیكیی خۆرئاوایی هەر لە ئەفلاتوونەوە تا ئێستا، لە سەر بنەمای هەڵەیەكی بنەڕەتی و كلاسیك دامەزراوە، واتە بنەمایەك كە بەردەوام بە شوێن مەدلولێكی باڵادەست دا دەگەڕێ، مەدلولێك كە تەنانەت وەك ژێدەرێكی دەرەكی رەنگە لە سەر بنەمای فەلسەفەو چەمكێك دامەزرابێ یا دابمەزرێ، كە هەركاتێكیش هاتە ئاراوە لەگەڵ خۆی دوا "مانا"ش بێنێتە ئاراوە، بۆ وێنە كۆمەڵە مەدلولێكی وەك خوا، عەقل، روح، حەقیقەت، ئەزەل، بوون، ئەبەد، خود و ... هتد، كە میتافیزیكی خۆرئاوایی پێی وایە ئەوانە تەنیا لە خۆیانەوە سەرچاوە دەگرن و وەك مەدلولی باڵادەست ئەركی خۆیان بەرێوە دەبەن كە لە بەرامبەر ئەو مەدلوولانەدا لایەنێكی بەرامبەریش هەیە وەك دژوازەیەك بۆ وێنە خودا/ مرۆڤ بەڵام، لێرەدا ئەوەی كە باڵادەستە خۆدایە و مرۆڤ دەبێ بچێتە ژێر هەژموونی خودا و خوداتەوەری‌یەوە. دریدا ئەو پێوەندی‌یە ناو دەنێ "ئاخافتن ـ عەقل تەوەری" واتە باوەڕ هێنان بە دوا واقیع یا دوا ناوەندی حەقیقەت، دوا واقیع و حەقیقەتێك كە وەك ژێرخانی سەرجەمی هزر و كردەوەكانمان ئەركی خۆی بەرێوە بەرێ، دروستە دریدا ئەو شێوە روانین و پێوەندی‌یە دەباتە ژێر پرسیارەوە بەڵام لە لایەكی دیكەوە دەڵێ ئێمە ناتوانین هەرگیز خۆمان لە "ئاخافتن ـ عەقل تەوەری" رزگار بكەین، بەڵام كاتێ چەمكی "خود" وەك ناوەندی "من" ئەركی خۆی بەرێوە بەرێ و پاشان من "خودی نەست" واتە ناخودئاگای خۆمم دۆزی‌یەوە ئەوا ئوتماتیك دەكەومە ناو بازنەی دووچەمكی دژوازەوە، لێرەوە بە هۆی ئەو گومانەوە لە "خود" بناغەی ناوەندێكی نوێ دادەمەزرێ ئەویش ئەوەیە كە ئەو مەدلوولانەی كە میتافیزیكی خۆرئاوایی بە دوا واقیع و حەقیقەت و سەرچاوەی حەقیقەتیان دەزانێ، دەكەونە ناو پرۆسەی ناوەند سڕینەوەوە، هەر بۆیەش دریدا، دەستەواژەی "میتافیزیكی ئامادەبوون" دادەهێنێ كە هەڵگری بیرۆكە گەلێكی وەك ئاخافتن ـ عەقل تەوەری، دەنگ تەوەری، كاركردی دوانە لێكدژەكان و ... هتد، لێرەوە ئامانجی دریدا شیكردنەوەی ئەو بنەما سست و ناقایمانەیە كە باوەڕگەلێكی لەو چەشنەیان لە سەر دامەزراوە، دریدا پێی وایە لە رێگەی پێكهاتەشكێنی وە بە ستراتیژی‌یەكی خوێندنەوەیی دەگەین كە كۆمەڵێك راڤە و تێگەیشتنی نوێمان پێ دەبەخشێ كە لە فیكری خۆرئاوایی‌دا بە نهێنی ماونەتەوە و لە قۆناغە جیاجیاكان دا نەبینراون. لێرەوە دەبینین دریدا بە هۆی بنیات نانی پێكهاتەشكێنی و هێنانە ئارای تیئۆریی رەخنەیی هەڵوەشاندنەوەی دەق زیاتر لە هەر شوێنێكی دیكەی جیهان كۆمەڵگای زانكۆیی ئەمریكا و قوتابخانەی رەخنەی نوێی ئەدەبی كە لە سەرەتای دەیەی ٢٠ی زایینی لە سێنت ئەنگلۆی ئەمریكا سەری هەڵ دابوو و تا دەیەی ٦٠ هەروا بەردەوام بوو، دەشلەقێنی بە تایبەت كە هەر لەو دەیە دا واتە دەیەی ٦٠ی زایینی بەرهەمەكانی دریدا لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە شێوەیەكی زۆر جیددی و جیاواز دەكەونە بەر روانگەو سەرنجێكی رەخنەگرانەی زیاترەوە. بەڵام لەگەڵ كۆی ئەوانەش دا دریدا هەرگیز پێكهاتەشكێنی‌یەكەی خۆی كورت نەكردەوە بۆ پێناسەیەكی دیاریكراو و رەهاو ناو بازنەی كۆمەڵێك واژە و دەستەواژەی وەك تیئۆری رەخنەگرانە، رێباز، قوتابخانەی رەخنەیی یا رەوشتێكی ئەدەبی و فەلسەفی رەخنەیی و هتد. ئەو پێی وابوو كە بە پێچەوانەی پێكهاتەخوازەكان هەرگیز ناتوانێ ئەو یاسایانەی كە بۆ خوێندنەوە و نووسین و راڤە كردن كەڵكیان لێوەردەگرێ كورتیان بكاتەوە بۆ شێوە دەربڕینێكی پێشوەخت دارێژراو دیاریكراو هەر بۆیەش دریدا پێی وابوو بە پێچەوانەی ئەو كەسانەی لەو بوارەدا باوەڕیان بە گوتارێكی یەكدەست هەیە، روانگەی ئەو بۆ خوێندنەوە و راڤە و رەخنەی ئەدەبی بەر لەوەی رەوشتناسی بێ گەلاڵەیەكی ستراتیژیكە، بەر لەوەی قوتابخانە یا تیۆری‌یەكی رەخنەگرانە بێ، ستراتیژی یا روانگەیەكی ستراتیژیكانەیە بۆ ئەدەب. دریدا سەرەتا و دەسپێكی ئەو ستراتیژی‌یە پێكهاتە شكێنانەی خۆی لەو قوتابخانە رەخنەیی‌یە وەرگرت كە بە پێكهاتەخوازی ناوبانگی دەركردبوو كە پەیڕەوی لە كۆمەڵێك یاسا و رێسای دیاری پێكهاتە تەوەرییانە دەكرد. هەر بۆیەش بۆ تێگەیشتن لە پێكهاتەشكێنی دریدا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ناو زەمانی سەرهەڵدان و مێژووی گەشە كردنی پێكهاتە خوازی، ئەو پێكهاتەخوازی‌یەی كە زمانەوانەكان وەك روانگەیەك بۆ لێكدانەوەی دەق پێناسەی دەكەن. چونكە سەرچاوەی سەرهەڵدانەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆكەكانی زمانەوانی بەناوبانگ "فێردینان دۆ سۆسور" ئەو بیرۆكانەی كە سەبارەت بە زمان پێشكەشی كردن، بەڵام لە لایەكی دیكەشەوە بوون بە سەرچاوە و كاكڵی پێكهاتەخوازیش، ئەو پێكهاتە خوازی‌یەی كە هەر وەك باسمان كرد وەك تیئۆریی رەخنەی ئەدەبی سەیر دەكرێ هەر ئەوەش ببوو بە یەكێك لە سەرەكی‌ترین ئەو بنەمایانەی كە دریدا روانگە و فەلسەفەی پێكهاتە شكێنانەی خۆی لێ وەرگرتوە.

ئەوەی كە لەو وتارەدا باسی لێكراوە لە راستی‌دا كورتەیەكە لە بیرۆكەو بەرهەمەكانی ژاك دریدا، بەڵام بە بۆ چوونی خۆم لە پەنا خوێندنەوە و شیكردنەوەی بیرۆكەكانی دریدا و باندۆریان لە سەر ئەدەب و فەلسەفەی جیهانی، پێویستە لە ئەدەب و فیكری ئێستای كوردی‌دا دەبێ بە شوێن تیئۆری و شوێندانەری پێكهاتەشكێنانەی دریدا دا بگەڕێن، هەرچەند مێژووی وەرگرتنی پێكهاتەشكێنی دریدایی لی لایەن ئەدەبی كوردی‌یەوە دەگەڕێتەوە بۆ كەمتر لە دەهەیەك لەمەوبەر بەڵام ئەوەی كە دریدا دەتوانێ بە ئێمەی بدا گومانكردن لە حەقیقەت و ئەو ئامرازەیە كە لەوێوەوە تەك پێكهاتەیی خۆمان هەڵوەشێنینەوە و ئینجا لە فرە مانایی‌دا خۆمان دارێژینەوە.

مەحموود شێرزاد

سەرچاوەكان

* پین ـ مایكل ـ فرهنگ اندیشه انتقادی از روشنگری تا پسامدرن ـ ترجمه پیام یزدانجو
* برێسلێر ـ جارلز ـ رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەكانی ـ وەرگێر لە ئینگلیزی‌یەوە:عەبدولخالق یەعقووبی
* جیهانبگلو ـ رامین ـ گفتگو با رادیو فردا در مورد دریدا

***

# ئایدا لە ئاوێنەدا

شێعر: ئەحمەد شاملوو
و: مەسعوود بابایی

لێوەكانت
بە ناسكی شێعر
پڕهەوەسترین ماچەكان
دەكەنە شەرمێكی ئەوتۆ
كە گیانەوەری ئەشكەوتنشین
هەڵی ئەمژێ
تا سیمای مرۆڤ
هەڵگرێ
كوڵمەكانت
بە دوو درزی كوورەوە
كە چاوساغی
نەفس بەرزیت و
چارەنوسمن
(فێریان كردم)
كە لەبەردەمی شەوا خۆڕاگر بم
بەبێ ئەوەی لە چەمەڕایی بەیان دا
ئامادە بم
كچێنی‌یەكی سەربەرزم
لە سۆزانیخانەی سەودا دا
سەربە مۆر هانیوەتەوە.
هەرگیز كەسێ بەم چەشنە بە كوشتنی خۆی
پشت راست نەبوو
كە من بە ژیانەوە
نوسام!
چاوەكانت نهێنی ئاگرەو
ئەوینت سەركەوتنی مرۆڤ
كاتێ بەگژ چارەنووسا دەچێتەوە.
ئامێزت
شوێنۆكەیەكە بۆ ژیان
شوێنۆكەیەكە بۆ مردن
هەڵاتنە لە شارێك
كە بەهەزار ئەنگوستی ئاماژە
بە بێ شەرمی
بێگەردی ئاسمان تۆمەتبار دەكا
***
شاخ بە یەكەمین بەردەكان دەست پێدەكاو
مرۆڤ بە یەكەمین ژان
لە مندا یەخسیرێكی ستەمكار هەبوو
كە خووی بە زڕەی زنجیرەكەی
نەدەگرت
من بە یەكەم نیگای تۆ هاتمە بوون
***
با ڕەشەكان
لە سەمای مەزنی تۆدا
بە شكۆوە
شمشاڵێك دەژەنن و
گۆرانی دەمارەكانت
پڕشنگ دەبەخشێتە
هەتاوی هەمیشە
لێگەڕێ بە چەشنێ راچەنم
لە كۆڵانەكانی شارا
بزانن كە لێرەم
دەستەكانت ئاشتی‌یە
تا كوو نەیارێك لە یادبچێ
نەوچەوانت ئاوێنەیەكی بڵێند باڵاو
درەوشاوەو بەرز
كە حەوتەوانە لێی دەنۆڕێ،
تا جوانیەكەی پەیدا
بكاتەوە.
دومەلی بێئوقرە لە سینەت دا دەجریوێنن
هاوین لە كامە رێگاوە دێتەوە
تا تینوەتی و تامەزرۆیی
ئاوەكان سازگارتر بكا
بۆ ئەوەی لە ئاوێنە دەركەوی
تەمەنێكی درێژ لێی رامام
من پڕ بە گۆماو و دەریاكان گریام
ئەی پەری ئاسای جەستە مرۆڤ
كە پەیكەرت جگە لە ئاگردانی
ناڕاستی‌یا
ناسووتێ!
بەهەشت ئاسایە ئارایت
كە پاساوی هەڵاتن لە دۆزەخ دەداتەوەو
دەریایەكە من لەخۆدا
نغرۆ دەكا
تاكوو پاك ببمەوە
لە هەموو گونا و
درۆكان
بەرەبەیان بە دەستەكانی تۆ لەخەو ڕابی.

# هێزی بەرەوپێشبەری دەیەکانی داهاتوو

ئامادەکردنی: قادر وریا

## سەبارەت بە گرینگیی پاراستنی ژینگە

خەڵاتی ئەمساڵی نوبێلی ئاشتی درا بە خاتوو "وانگاری ماتائی" لە تێکۆشەرانی پاراستنی ژینگە لە وڵاتی کینیا. خاتوو ماتائی ئێستا جێگری وەزیری کینیایە. نابراو پلەی زانستیی دوکتورای هەیەو یەکەم ژنە ئەفریقایی‌یە کە نوبێلی ئاشتی وەردەگرێ.

وانگاری ماتائی ٢٧ ساڵ لەمەوبەر، کاتێك "بزووتنەوەی پشتێنەی سەوز"ی کینیای وەڕێ خست، ناوبانگی دەرکرد. ئەم بزووتنەوەیە بەرپرسیارەتیی چەقاندنی ٣٠ میلیون نەمامی تازەی لە ئەفریقادا گرتە ئەستۆ. "ماتائی" کە تەمەنی ٦٤ ساڵە لە پێوەندی لەگەڵ تێکۆشانی ژینگەپارێزانەی خۆیو بەربەرەکانی بە دژی لەنێوبردنی لێرەوارەکان لە ئەفریقا، چەندین جار چۆتە بەندیخانە. خەباتو تێکۆشانی ئەو خانمە هەر تەنیا لە دژی خاوەنانی سنعەتەکان نەبووە، بەڵکوو لەگەڵ گیانو کەشو هەوای پیاو سەردارانەی زاڵ بەسەر وڵاتەکەشیدا، خەباتی کردوە.

سەرۆکی کومیتەی نوبێلی ئاشتی، لە کاتی ڕاگەیاندنی هەواڵی درانی ئەو خەڵاتە بەم خانمەدا گوتی "ئەوە یەکەم جارە کە کێشەی ژینگە لە بەخشینی خەڵاتی نوبێل دا وەبەرچاودەگیرێ. ئەو گوتی کە ئەم مەسەلەیە، بەشێکی گرنگو بنەڕەتی‌یە لە دابینکردنی ئاشتیدا".[1]

## هەڕەشەو مەترسی‌یەکانی بەردەم ژینگە

پیسبوونی لێرەوارەکان، هەستانو نیشتنی ئاوەکانو چوونەسەرو هاتنەخواری تینی هەوا، خێراتربوونی ڕەوتی لەنێوچوونی لێرەوارەکانو هەستانی لافاوەکان لەسەرانسەری تۆپی زەویدا، لەو تیترو سەردێڕانەن کە ئەم ڕۆژانە لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانی جیهاندا لە پێوەندی لەگەڵ ژینگەدا دیانخوێنینەوەو بەرگوێمان دەکەون. تۆپی زەوی لانی زۆر دەتوانێ پێنج تا شەش میلیارد کەسی دیکە کە پێشبینی دەکرێ تا ساڵی ٢١٠٠ بێنە سەر دنیا، لە خۆیدا جێ‌بکاتەوە. بەڵام بەبێ گۆڕانی بەرچاوی شێوەکانی بەرهەمهێنان، ئەوە [تێرکردنو ژیاندنی ئەو خەڵکە] مومکین نیە. بەرهەمی ئابووری جیهان لە ساڵی ١٩٥٠ەوە بۆ ئەم لایە چوار بەرابەر بووەو ئەگەر تەنیا بمانهەوێ وەڵامدەری پێداویستی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی مرۆڤ بینو ڕزگار کردنی بە میلیارد مرۆڤیش لە گێژاوی هەژاری پشت گوێ بخەین، ئەم ڕەوتی گەشەکردنە دەبێ بەخێرایی بچێتە پێش. بەڵام گەشەی ئابووریی بە گوێرەی تێگەیشتنی ئەمڕۆی مرۆڤ ، پێویستی بە دەکارکردنی ئینێرژیی زیاتر، بڵاوکردنەوەی زۆرتری گازەکانو ماددە بێ‌کەڵکەکان، وەدەرنانی زەویی زیاتر لە حاڵەتی سروشتیی خۆیانو، بردنەسەری پێویستیی ئێمە بە بەرهەمەکانی سیستمە سروشتی‌یەکانە. هێشتا ڕوون نیە کە ئایا زەوی دەتوانێ شانی لە ژێر ئەو هەموو قورسایی‌یەدا ڕاست بکاتەوە یان نا؟[2]

جگە لەمەش، بۆیەکەم جار لە مێژوودا، مرۆڤ بەخێرایی‌و لە ڕووی کەمتەرخەمی‌یەوە خەریکی گۆڕینی فیزیۆلۆژی بنەڕەتیی تۆپی زەوی‌یە. هەر ئێستا لە ئاستی جیهاندا گۆڕانێك لە تەرکیبی شیمیایی ئەتمۆسفێر، جۆراوجۆریی ژێنێتیکی چەشنەکانی سەرتۆپی زەویو، سیکلی ماددە شیمیایی‌یە حەیاتی‌یەکان لە ئوقیانووسەکانو هتد دا خەریکە ڕوودەدا کە هەم لە باری ڕەهەندەکانیەوەو هەم لەباری خێرایی‌یەوە، وێنەی نەبووە. ئەگەر ئەم ڕەوتە بەربەست نەکرێ، زۆر ئاسەواری قووڵو قەرەبوو نەکراو ـ جیا لەو زەبرە ناسراوانەی تا ئێستا بە ژینگە گەیشتوون ـ لە سەر ژینگە دادەنێ.[3]

زۆر لە زانایان لەو بڕوایەدان کە زەوی هەر ئێستا شەشەمین شەپۆلی بڕانەوە (انقراض) واتە شەشەمین دەورە لە مێژووی زەوی کە بڕانەوەی تۆو ڕەچەڵەکی ژمارەیەکی زۆر لە زیندەوەرانی بەدواوەیە، تاقی دەکاتەوە. ئێمەی مرۆڤ لە دەورەکانی پێشووی بڕانەوەدا، هێشتا نەهاتبووینە سەر زەوی، بەڵام ڕەوتی ئەمجارەی بڕانەوە لە سێبەری بوونی ئێمەدا، تۆزی فەرامۆشیی لێ‌دەنیشێ. ئێمە لەنیوسەدەی ڕابردوودا، حەشیمەتی خۆمان کرد بە دوو بەرامبەر. پێویست بە گوتن ناکا کە ئەم وەزعە جێی بە بوونەوەرەکانی دیکە تەنگ کردوە. لە ساڵی ٢٠٠٣دا، پێرستی سووری یەکیەتیی جیهانی پارێزگاری لە ژینگە (WCU) نیشانی دەدا کە زیاتر لە ١٢ هەزار چەشن (گونە) لە نێو ٤٠هەزار چەشنی لێکۆڵینەوە لەسەر کراودا، بە جۆرێك لە جۆرەکان لەگەڵ مەترسیی بڕانەوەو لەنێوچوون بەرەوروون کە هەشت یەکی باڵندەکان، سەدی ١٣ی گیاگوڵدارەکانو، چواریەکی گوانداران دەگرێتەوە. زۆر لەم چەشنانە لە پاڵاوتنی ئاو، کردنی نیترۆژن بەو لێکدراوە سەقامگرتووانە کە لەش کەڵکی خۆیان لێ‌وەردەگرێ، کەلکی دووبارە وەرگرتن لە پیسایی‌و، بڵاوکردنەوەو پڕژاندنی دەنکە هەڵاڵە (گردەافشانی)ی بەروبوومە کشتوکاڵی‌یەکاندا، یارمەتی بە بەردەوامیی ژیانی ئێمە دەکەن. دارەکان دی‌ئوکسیدی کەربۆن (گەورەترین گازی گوڵخانەیی) کە لە ئاکامی تێکۆشانو چالاکی‌یەکانی مرۆڤ دا دروست دەبێ، وەردەگرن . . . بە پێی بەراوردێك، لە ماوەی ١٥ ساڵی داهاتوودا نزیکەی پێنج یەکی سەرجەمی لێرەوارەکانی ئەفریقای ناوەندی لەنێو دەچنو لێرەوارەکانی ئەندونیزییش بە خێرایی پاشەکشە دەکەن. بەو حاڵەش چەشنە زیندەوەرێك هەیە ناوی مرۆڤە کە نەك بەرەو بڕانەوە، بەڵکوو بەرەو زۆربوون هەنگاو دەنێ. لە ساڵی ١٩٥٣دا نزیکەی دوومیلیاردو نیو مرۆڤ لەسەر زەوی دەژیان، بەڵام ئێستا ٦ میلیارد مرۆڤ هەیە! دەستەبەر کردنی ئەو مەسەلەیە کە چەشنەکانی دیکەی زیندەوەران دەتوانن جێگەو شوێنی پێویست بۆ مانەوەی خۆیان بپارێزن، شتێکی هەروا سادە نیە، درێژەی ژیانی ئێمە بەوەوە بەستراوەتەوە.[4]

گەرم بوونی زەویو گۆڕانە جەووی‌یەکانی پێوەندیدار بەوەوە، گەورەترین کێشەی ژینگەیی لە جیهانی ئەمڕۆ دایە. ئەم دیاردەیە لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی گازە گوڵخانەیی‌یەکان دا ـ دی‌ئوکسیدی‌کەربۆن، مێتان ئوکسیدنیترۆو کولۆرۆفلور کەربۆنەکان ـ پێك هاتوە. بوونی ئەم گازانە لە ئاتمسفێر دا بووە بە هۆی ئەوە کە ڕووبەری زەوی وەك گوڵخانە، گەرمای سەرچاوەگرتوو لە تیشکی هەتاو لەخۆیدا ڕابگرێ. لەسەرەتای شۆڕشی پیشەسازی‌یەوە تا ئێستا، بڵاوبوونەوەی گازە گوڵخانەیی‌یەکان بە تایبەتی دی‌ئوکسیدی‌کەربۆن ($CO_2$) کە بە هۆی کەڵك وەرگرتن لە سووتەمەنی‌یە فوسیلی‌یەکانو تەنانەت میتانی سەرچاوەگرتوو لە کشتوکاڵ بەرەبەرە زیاتر بووە. بە گوێرەی بۆچوونە زانستی‌یەکان، ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی زۆرتر بوونی شوێنەوارە گوڵخانەیی‌یەکان کە لە جیاتی پاراستنی پلەیەکی جێگیربووی گەرما، دەبێتەهۆی بەرەوژوور چوونی بەرەبەرە بەڵام ڕاوەستانی گەرما. نیشانەکان دەری دەخەن کە ئەم دیاردەیە ڕووی داوە.[5]

هێشتا ڕوون نیە کە ئەم بەرەوژوورچوونەی گەرما، بە ڕوونی تا چ ڕادەیەك دەبێ‌و چەندە خێرا ڕوودەدا. بە گوێرەی مۆدێلەکانی تا ئێستا، لە سەرەتاکانی دەیەی ٢٠٣٠ یەوە، گەرمای زەوی بە شێوەیەکی نێونجی ١/٥ تا ٤/٥ پلەی سانتیگراد (٣ تا ٨ پلەی فار نهایت) دەچێتە سەر. زەوی تەنیا دەمیلیون ساڵ لەوە پێش، واتە زۆر بەر لە پێکهاتنی کۆمەڵگە ئینسانی‌یەکانو، لە ڕاستی‌دا تەنانەت زۆر پێش ئەوەی مرۆڤی



سەرەتایی پێ‌بنێتە سەر زەوی، ئەم جۆرە گەرمایەی تاقی کردۆتەوە. بەرەوژوورچوونی گەرما تەنیا یەکێك لە ئاکامەکانی گەرما بەخشینی بەردەوامی گوڵخانەیی‌یە. لە قۆناغێك دا کە ڕەنگە بەم زووانە دەست پێ‌بکا، لەوانەیە نموونەکانی بارینیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردابێ‌و پشتێنەی سەوزی دەغڵودانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە تۆفانی لم دابپۆشرێ. چاوەڕوان دەکرێ کە هەر ئەم بەڵایە بەسەر ڕەوتە ئوقیانووسی‌یەکانیش دا بێ‌و لە ئاکام دا، ئاوو هەوای زۆر لە ناوچە بەشێوەیەکی بەرچاو، گۆڕانی بەسەردا بێ.

لەگەڵ گەرمتربوونی هەواو توانەوەی سەهۆڵە قوتبی‌یەکان، ئاستی ئاوی دەریاکان دەچێتە سەرتر. هەر ئێستا ئاستی ئاوی ئوقیانووسەکان هەر بە دەساڵان، بەقەرا ئینجێك هەڵ دەکشێ کە هەر ئەمە بۆ شۆڕانەوەو لەنێوچوونی جیددی خاك لە بەشێکی گەورەی لێوارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بەسە. بەگوێرەی بەراوردەکان تا ساڵی ٢٠٥٠ ئاستی ئاوە ئازادەکان، یەك تا چوار فوت (پێ) دەچێتە سەر. ئەمە یانی نوقم بوونی ناوچە لێوارییەکان، شۆڕانەوەو لەنێوچوونی هێڵە لێواری‌یەکان، فەوتانی زۆنگاوەکانو تاڵاوە لێواری‌یەکان کە لە باری زیندەوەرناسی‌یەوە یەکجار بەکەڵکن، پیسبوونی سەرچاوە ئاوی‌یەکان لە ئاکامی‌ڕژانی ئاوی سوێر بۆ نێو ئەوان دا، لە مەترسیکەوتنی بە جیددیی بەشێکی گەورە لە سامانی ئابووری‌یە کە لە درێژایی لێوارەکان دا هەڵ کەوتوون. بەستێنی چۆمەگەورەکانی وەك می‌سی‌سی‌پی‌و گەنگ وەبن ئاو دەکەون. بەراوردەکان نیشان دەدەن کە ئەگەر ئاستی ئاوی چۆمی "نیل" تەنیا نیو میتر زیاد بکا، سەدی ١٦ی خەڵکی میسر ناچار دەبن شوێنی ژیانی خۆیان بەجێ بێڵن. ئەوە لە حاڵێك دایە کە زیاتر بوونی ٢ میتر ئاو بە ئاستی ئاوەکان لە بنگلادش، سەدی ٢٨ی ئەو زەوی‌یانە وەبن ئاو دەدا کە ئەمڕۆ شوێنی ژیانی ٣٠ میلیون کەسەو پێش بینی دەکرێ تا ساڵی ٢٠٣٠ حەشیمەتێکی زیاتر لە ٥٩ میلیون لە خۆیدا جێ بکاتەوە.[6]

### لە پێناوی چارەسەری نیگەرانی‌یە ژینگەیی‌یەکانی سەردەم دا

ساڵی١٩٧٢ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کونفرانسێکی بە بەشداریی ١١٣ وڵاتی جیهان لە پێتەختی سوئێد پێك هێنا کە بە پەسندکردنی ٢٦ ئەسڵ، دەوڵەتانی بۆ هاوکاری لە پێناوی پاراستنو بەهێزکردنی ژینگەی سروشتی لە ڕێگای پێشگیری لە پیسبوون، فێرکردنو بەرنامەڕێژی‌و شارسازیی عەقڵانی‌یەوە، بانگەواز کرد. ٢٠ ساڵ دواتر لە ریودۆژانیرۆ، کونفرانسی "سەرانی زەوی" (Earth Summit) بەڕێوە چوو. لەم کونفرانسەدا دەستووری کار (پروگرام)ی سەدەی ٢١ پەسند کرا. بەربڵاوترین کێشەی ژینگەیی گەرمبوونی زەوی‌و ئاڵوگۆڕە جەووی‌یەکانی پێوەندیدار بەو بوو. ئەو ڕووداوو دیاردانەی بوونە هۆی پێکهاتنی ئەم کونفرانسە بریتی بوون لە کارەساتە ژینگەیی‌یەکانی وەك دەڵاندنی تیشکە کوشەندەکانی ڕادیوئەکتیڤ لەلایەن ڕیئاکتورە تەقیوەکەی چێرنوبیل کە سەرانسەری ئورووپای داگرت (١٩٨٦)، دڵاندنی نەوتی ئێگزۆل والدیز لە ساڵی ١٩٨٩دا، دیاردەی جێگەی داخی کون بوونی لایەی ئوزۆن لە قوتبی باشوور لە نێوان دەیەی ٨٠ی زایینی‌داو هتد. ئەم ڕووداوانە وشیارکردنەوەیەك بوون بۆ دانیشتووانی سەرتۆپی زەوی کە ئیدی واز لە بەدخولقی لەگەڵ زێدو سەرزەویی خۆیان بێنن.

درێژەی کونفرانسی "سەرانی زەوی" بەستنی کونوانسیۆنی گۆڕانە جەووی‌یەکان، بوو کە بە "پرۆتۆکۆلی کیوتۆ" ناوی دەرکردوە. بە گوێرەی ئەم پرۆتۆکۆلە وڵاتانی پەرەگرتوو بەرعۆدەبوون کە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٨ تا ٢٠١٢ دا، بەرادەیەکی دیاریکراو لە بڵاوبوونەوەی گازە گوڵخانەیی‌یەکان کەم بکەنەوە. بەرپرسیارەتی‌و دەرەوەستیی وڵاتان لەو بوارەدا جیاوازەو، نێونجەکەی، کەمکردنەوەی گازە گوڵخانەیی‌یەکان تا ڕادەی سەدی ٥ی ئاستی بڵاوبوونەوەیان لە ساڵی ١٩٩٠ دایە.[7]

مەسەلەی گرنگ لە پروتوکۆلی کیوتودا، کەمکردنەوەی سووتەمەنی‌یە فوسیلی‌یەکانە . . . کەمکردنەوەی گازە گوڵخانەیەکان کاتێك دێتە دی کە سووتەمەنی‌یە نافوسیلی‌یەکان، یا سووتەمەنیی خاوێنتر جێگایان بگرێتەوە. نەوتو خەڵووزی بەرد، لە هەموو سووتەمەنی‌یەکانی دیکە پتر کەلکیان لێ‌وەردەگیرێ کە بە گوێرەی پرۆتۆکۆلی کیوتۆ، دەبێ کەمتر کەڵکیان لێ‌وەربگیرێ. سووتاندنی خەڵووزی بەرد بەو هۆیەوە کە ژینگە پتر پیس دەکا، دەکرێ جێگای خۆی بدا بە سووتەمەنیی دیکە، بەڵام نەوت کە دەتوانین بڵێین تاقە سووتەمەنیی هەرزانەو بە هاسانی ڕادەگوێزرێو لە زۆر بارەوە سوودی ئابووریی هەیە. سەبارەت بەزۆر بوونی هەزینەکەیان ناکرێ بە هاسانی جێگای خۆی بدا بە هێندێك جێ‌نشینی وەك وزەی ناوکی، وزەی هەتاوی، وزەی وەرگیراو لە گەرمای زەوی‌و هتد.

ڕووی قسەی پەیمانی کیوتۆ بۆ گەیشتن بە زەویی پاكو دوور لە ژینگە پیسکەر، زیاتر لە وڵاتانی لە حاڵی پەرەستاندن دایە کە چواریەکی ژینگە پیسکەرەکان بەرهەم دێنن. لەونێوەدا چوونەدەری ئەمریکا لەو پەیمانە بە ناوی دژایەتی لەگەڵ گەلاڵەی سەرو سامان دان بە پیشەسازی‌و خۆبواردنو خۆگنخاندنی ڕووسیە لە چوون بۆ نێو ئەم پرۆتۆکۆلە، بەڕێوەچوونو جێبەجێ بوونەکەی لەگەڵ دژواری بەرەوروو کردوە.[8]

کلینتۆن سەرکۆماری پێشووی ئەمریکا گوتبووی کە "هەڕەشەی لەنێوچوونی ژینگە جێگای هەڕەشەی یەکتر لەنێوبردن بە هۆی بۆمبی ئەتۆمیی ـ کە تایبەتمەندیی پێوەندیی نێوان زلهێزەکان لە سەردەمی شەڕی سارد دا بوو ـ گرتۆتەوە". پرسیار ئەوەیە ئایا هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ نەمانی ئەم هەڕەشەیە هەیە؟ "جێسیکا تاچمەن مەتیووز" جێگری سەرۆکی "دامەزراوی سەرچاوەکانی جیهان"و بەڕێوەبەری دەفتەری کێشە جیهانی‌یەکان لە ئەنجومەنی ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٩ ـ ١٩٧٧ لە وتارێك لە ژێر ناوی "ژینگەو ئاسایشی نێونەتەوەیی"دا دەڵێ: تۆپی زەوی ناچار نیە بەرەبەرە لەنێو بێ‌سەرەوبەرەیی‌و قەیرانە ژینگەیی‌یەکان دا نوقم بێ. چونکە بۆ زۆر لەو ڕەوتە جێی داخانەی ئێستا، ڕێگاچارەیەکی تێکنیکی، زانستی‌و ئابووریی گونجاو هەن". ناوبراو وێڕای هێنانەگۆڕی بۆچوونو پێشنیارەکانی خۆی لە بوارەکانی ئابووری، زانستی، پەرەستاندنو...

مەسەلەیەکی گرنگ دێنێتە گۆڕو دەڵێ: "لە بەرەی سیاسی‌دا، دیپلوماسیی تازە، دامەزراوو ڕێژیمی نوێ بۆ ڕێکخستنەوەو زاڵبوون بەسەر ڕەوتی ڕوو لە گەشەی بەستراوەیی دوولایەنەی ژینگەی جیهان، پێویستە. با بە ڕاشکاوی بڵێیم ئەو پێناسانەی بۆ سنوورەکانی دەسەڵاتدارەتیی نەتەوەیی (حاکمیت ملی) قبوولمانو لەگەڵ سنوورە نەتەوەیی‌یەکان بەیەکدیگر (منطبق)یان دەزانین، ئەمڕۆ ئیدی هەڵ وەشاونەوە. زۆر لە گیروگرفتە ژینگەیی‌یەکان پێویستیان بە ڕێگاچارەی ناوچەیی هەیەو، بەرەسمییان دەناسین. ئەمەش لێرەوە سەرچاوەدەگرێ کە دیاردە ژینگەیی‌یەکان نەك لەسەر بناغەی سنوورە نەتەوەیی‌یەکان، بەڵکوو بە پێی سنووری ئاوەڕۆکان، ئیکوسیستەمەکان، یا ئاڵوگۆڕە جەووی‌یەکان ڕوو دەدەن. لە ڕاستی‌دا بەبێ هەبوونی ڕوانگەیەکی ناوچەیی لە جیاتی ڕوانینی نەتەوەیی، کەم وا هەیە بگەینە داواکاری‌یەکی دروست لە بارەی تێچوو (هەزینە)و قازانجەکانی سیاسەتی ئاڵترناتیڤ".[9]

### "گۆڕانی ژینگە، هێزی بەرەوپێشبەری دەیەکانی داهاتوو"

"جێسیکا تاچمەن مەتیووز" وتارەکەی خۆی بەم ڕستانە ـ کە ئێمەش کۆتایی ئەم وتارەی پێ دەڕازێنینەوە ـ کۆتایی پێ‌هێناوە:

ئاڵبێرت ئەنیشتەین، سەردەمێك لەبارەی دۆزرانەوەی وزەی ئەتۆمی‌یەوە گوتبووی "[لێرە بەدواوە] هەموو شتێك دەگۆڕێ". بەڕاستییش تێکنۆلۆژیی قەڵشاندنی ناوکەی ئەتۆم لە دەیەکانی دواتر، بوو بە هێزی ـ نیزامی، ژئوپۆلتیكو تەنانەت دەروونناسی‌و کۆمەڵایەتی ـ ی باڵادەست. هەر بەم شێوەیە، دوور نیە گۆڕانی پێکهاتوو لە ژینگەش دا ببێتە هێزی بەرەوپێشبەری دەیەکانی داهاتوو. مرۆڤەکان تا ئێستاش بە تەواوی بە جیهانی سروشتی‌یەوە بەستراونەوە، بەڵام ئێستا بۆ یەکەم جار توانایی پێکهێنانی گۆڕانیان لە سەرانسەری جیهان دا هەیە. هەر لەبەر ئەم جیاوازی‌یە، وا دیارە ئەم حوکمەی ئەنشتەین کە "مانەوەی مرۆڤ لە گرەوی گرتنەبەری شێوەبیرکردنەوەی بە تەواوی نوێ دایە" هەروا لەجێی خۆی دایە.[10]

پەراوێزەکان:

١ـ "جایزه صلح نوبل برای فعال محیط زیست"، ماڵپەڕی BBCPERSIAN.com جمعه ٨ ئۆکتوبری ٢٠٠٤

٢ـ محیط زیست و امنیت بین الملل، جسیکا تاچمن متیوز، منبع: کتاب "ارزیابی‌های انتقادی در زمینه امنیت بین الملل"، کۆکردنەوەووەرگێرانی علیرضا طیّب، چاپی یەکەم ١٣٨٠، تاران

٣ـ هەمان سەرچاوە

٤ـ"تکثیر زیستی: موج ششم انقراض"، الکس کربی، ڕاپۆرتنووسی بی بی سی لە پێوەندی لەگەڵ کاروباری ژینگەدا

سەرچاوە: ماڵپەڕی "ایران امروز" ١٠ی ئوکتوبری ٢٠٠٤

٥ـ "دغدغه‌های جهانی زیست محیطی"، مریم طهماسبی، هەواڵدەریی شانا، ٢٣ گەلاوێژی ١٣٨٣

سەرچاوە : ماڵپەڕی "ایران امروز"

٦ـ محیط زیست و امنیت بین الملل، جسیکا تاچمن متیوز

٧ و ٨ ـ "دغدغه‌های جهانی زیست محیطی"، مریم طهماسبی

٩ و ١٠ ـ "محیط زیست و امنیت بین الملل"، جسیکا تاچمن متیوز

***

# ئێران و فەندەمێنتالیزمی سوننی

مەحموود شێرزاد

لە مانگی خەرمانانی ١٣٧٠ی هەتاویدا، گرووپی فەندەمێنتالی "جوندولئیسلام" لە کوردستانی عێراق دامەزرا، لە سەرەتادا زۆربەی ئەندامەکانی لەو کوردە ئیسلامییانە پێك هاتبوو کە کاتی خۆی واتە لە دەیەی ٧٠ی هەتاویدا، لە ئەفغانستانو لەنێو ریزی رێکخراوی ئەلقاعیدەو لە فێرگەکانی ئەلقاعیدەدوە پەروەردە کرابوونو بەشدارییان لە شەڕەکانو چالاکییەکانیاندا دەکرد. پاش ماوەیەك نواندنی چالاکی لە هێندێ ناوچەی کوردستانو کۆکردنەوەی کۆمەڵێك خەڵکی ناوچەکە لە دەوری خۆیان، لە جوندولئیسلامەوە ناوی خۆیان بۆ "ئەنسارولئیسلام" گۆڕی. لە سەرەتای پرۆسەی رووخاندنی رێژیمی بەعسی عێراق، ئەو هێزەو سەرکردایەتیی ئەو هێزە وەك بەشێك لە پێکهاتەی تیرۆرو تیرۆریزم لە ناوچەکەدا کەوتە بەر هێرشی مووشەکەکانی ئەمریکا. دوای ئەو هێرشە ئەنسارولئیسلام هانای بۆ دەوڵەتی ئێران برد، بە جۆرێك کە دەوڵەتی ئێرانیش ئامێزی بۆ کردنەوەو لە هەمان کاتیشدا هاوکارییە نیزامیو سیاسیو ماڵییەکانی ئێران تا هەنووکەش هەروا بەردەوامن، تا ئەم جێگەیەی بوارێکی لەباری بۆ رەخساندوون تا خۆیان رێکبخەنەوە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بگەڕێنەوە ناو کایەکانی ناوچەکە.

ئەگەر ئەمڕۆ ئەنسارەکانو هەر هێزێکی دیکەی فەندەمێنتاڵی سوننی لەلایەك لەلایەن دەوڵەتی فەندەمێنتالی شیعەی ئێرانەوە لە هێندێ لە شارەکانی کوردستانی ئێراندا بە هەموو شێوەیەك ئیزنیان پێدراوە درێژە بە چالاکییەکانو مەشقی سەربازیو سیاسیو ئایینییەکانی خۆیان بدەن، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێك ناوەندی تەبلیغی دامەزرێننو لە رێگەی CD و کتێبگەلی ئایینیو ئیدئۆلۆژییانەوە دەنگە مەرگدۆستو وتارو پەیامە تاریكو پاسیڤەکانی ئوسامەو مەلا عومەرو مەلا کرێکارو بیرۆکەی جیهادو توندڕەویی ئایینی بڵاو بکەنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە سەرنجی کۆمەڵێك خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە بۆ لای خۆیان رابکێشنو ببنە هۆی بووژانەوەو بنیاتنانەوەی بیرۆکەو شوێنو ناوەندە پاسیڤەکان، راستەوخۆ هێمایە بۆ چەندین فاکتەری سەرەکی کە لەو وتارەدا ئاماژە بە چەند فاکتەرێکیان دەکەم.

خەمساردیی هێزە نەتەوەییو سێکۆلارەکانی کوردستان، ئەو ئەنجامەی لێکەوتۆتەوە کە بەردەوام نیگەرانیی ئەوەی لێ دەکرێ لەو پێوەندییەدا کۆمەڵێك هێزو گرووپو تەنانەت زنجیرەیەك گرفتی سەرەکیو کارەسات بەرهەم بێنێ، هەر ئێستاکەش کە کۆمەڵگای کوردو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردی رووبەرووی هەلومەرجێکی یەکجار هەستیار بۆتەوە، دەبینین لە لایەن ئەو هێزانەوە هیچ چەشنە پرۆژەو گوتارێکی بەهێزی نەتەوەیی لە ناو واقیعو گۆڕەپانەکەدا ئامادەگی نیە تا لە ململانێیەکی فیکریدا رووبەرووی ئەو لایەنە فەندەمێنتالانە بێتەوەو توانای ئەوەی هەبێ بواری تەشەنەکردن بۆ ناو کۆمەڵگایان لێ لاوازتر بکاو پێیان بڵێ ئێمە نەتەوەیەکین خاوەن هەڵکەوتەیەکی جوغرافیایی تایبەت، خاوەن شوناسو پێناسەو خەونو خولیای تایبەت، بەڵام ئێوە هەرگیز سەر بەو ئاوو خاکە نەبوونو نین، نامۆن بە فیزیكو متافیزیکی ئێمە، دەبێ بڕۆنو بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێی لە دایك بوونو کورت بکرێنەوە لەو ژینگەیەدا کە تەنیا شایانی ئێوەیە، چونکە ئێمە نەتەوەیەك نین تاوانبارو نەتەوەیەك نین لە رووناکی بترسێنو پێشکەوتن بمانکوژێو سۆز بۆ رابردوو

**ئەمڕۆ هێزەکانی ئامادە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە چەپی چەپەوە تا ڕاستی راست لەگەڵ یەکتریدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە، بە جۆرێک کە دەبینین هەر هەموویان رۆژانە بە دەوری پێناسەکردنی سێ تەوەری سەرەکیدا خول دەخۆن، واتە پێناسەکردنی خوداو مرۆڤو سروشت.**

چاوو گوێی سەردەمان لێ بستێنێتەوەو وامان لێبکا ئێستا بە پێوانەکانی رابردوو هەڵسەنگێنین، برۆن ئێمە ئەوە نین ژیان سەرکوت بکەین، مەرگدۆستی جەوهەری بیرۆکەو کردەوەو سەرجەمی وتارەکانمان بێو... هتد. لێرەوە نەبوونی گوتارێکی بەهێزی نەتەوەیی، هەڕەشەیەکی گەورەیە لە سەرمانو بوارێکی شازە بۆ ئەوەی ئەو هێزە فەندەمێنتالو توندڕەوانە زیاتر جێگەی خۆیان لە ناو کۆمەڵگادا بکەنەوە، بە جۆرێك کە وەك مەریوان وریا دەڵێ: "رەنگە لە داهاتوودا بە ئاستی دەسەڵاتداریتی بگەن". ئەو قسەیە راستە، چونکە کۆمەڵگای ئێستای ئێمەو تەنانەت کۆمەڵگای داهاتوومان، کۆمەڵگای ئەویندارکردن لەگەڵ فلان هێزو فیسار هێزدا نیە، بەڵکوو کۆمەڵگایەکی نیازمەندی رێئالیستە، هەربۆیە دەنگ بەو کەسە دەدا کە هەڵگری مۆژدەی وەڵامدانەوە بە نیازەکانی ئەو کۆمەڵگایە بێ. بەڵام ئەو هەڕەشەیە ئەو کاتە جیددیتر خۆ دەردەخاو رووبەڕووی واقیعی ئێمە دەبێتەوە کە ئەو هێزانە بەپێی ئەو خوێندنەوانەی لە رەهەندی میتۆدەکانی هاوچەرخەوە لە هەمبەر بیرۆکەو مەرجەعییەتەکانیان دەیهێننە ئاراوە (کە ئەو خوێندنەوەیە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو هێزانە بەشێك واقیعی سەردەمیان خوێندنەوە، کەوابوو دەبێ لە رەهەندێك لە رەهەندەکانەوە خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن) لە هێزێکی توندڕەوی ئیسلامیی خاوەن میلیشیاوە بپەڕنەوە بۆ هێزێکی ئیسلامی بێ میلیشیاو مەدەنی، کە لەڕاستیدا ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوەو هەر ئێستاش فەندەمێنتالیزمی سوننی لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەسەر بنەمای ئەو دووالیزمەدا ئامادەگی هەیەو کار دەکا، لێرەوە ئەو هێزانە بە جۆرێك دەگەڕێنەوە سەر بنەمای واقیعی خۆشیان، چونکە نیشان دەدەن کە هەر بە تەنیا هێزگەلێکی فەندەمێنتالی ئایینی نین، بەڵکوو هێزگەلێکی سیاسی - نەتەوەیشن، بەجۆرێك کە لە ئایین وەك چەکێکی ئیدئۆلۆژیك بۆ گەیشتن بە ویستە سیاسیو نەتەوەیییەکانیان کەڵك وەردەگرن، کە دەکرێ بڵێین ئەوە جەوهەرەی ئیسلامی سیاسییە کە پرۆژەکانو ستراتیژییەکەیانی لەسەر بنیات نراوە. بۆیە دەبینین گوتارەکانیان پڕە لەو مۆژدە بریقەدارانەی کە پێمان دەڵێ: تەنیا من دەتوانم وەڵامی پێداویستییەکانتان بدەمەوەو لەسەر دوو ئاستی فیزیكو متافیزیك بە حەزەکانتان بگەیەنمو لە سەرجەم قەیرانەکانی سەر دنیاو تەنانەت دنیای دوای مەرگیش رزگارتان بکەم، لەڕاستیدا هەر ئەو راستییە یا ترس لەو راستییە کە وای کردوە هێزە سکۆلارەکانیشمان گوتارێکی ئایینی جێگە بکەنەوە لە ناو گوتارە نەتەوەییو سیاسییەکانیاندا، بەجۆرێك کە ئەمڕۆ هێزەکانی ئامادە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە چەپی چەپەوە تا ڕاستی راست لەگەڵ یەکتریدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە، بە جۆرێك کە دەبینین هەر هەموویان رۆژانە لە تیۆریو پراکتیکدا بە دەوری پێناسەکردنی سێ تەوەری سەرەکیدا خول دەخۆن، واتە پێناسەکردنی خوداو مرۆڤو سروشت. لێرەوە لەلایەك بۆمان دەردەکەوێ کە لەگەڵ چ واقیعێکی ئاڵۆز رووبەڕووینو لەلایەکی دیکەشەوە بێ پرۆژەیی هێزە سێکۆلارەکانی ئێمە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا رەنگە واقیعەکە ئاڵۆزتر بکاو رووبەڕووی هەڕەشەیەکی ترسناکمان بکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر ئەو رەوتە درێژەی هەبێ، ئیسلامی سیاسی بە هەموو فۆرمەکانییەوە بە پێچەوانەی گەشەی ئاسۆیی زەمان پێگەیەکی قورسو قایمتر بەدەست بێننو تا ئاستی دەسەڵاتداێتی نەتەوەییو سیاسی پێشڕەوی بکەن، بە جۆرێك کە نەتوانین، کە نەهێڵین، نەمانکەنەوە بە جەستەو فکرە پاسیڤەکانی سەدەکانی ناوەڕاست.

دیوێکی دیکەی ئەو کێشەیە پەیوەستە بە دەسەڵاتی تارانو ئەو دۆستایەتیو پێوەندییە گەرمەی لەنێوان فەندەمێنتالیزمی ئێرانی شیعەو فەندەمێنتالیزمی کوردی سوننیدا هەیە، واتە یەکبوونی دوو دژە دیوی یەکجار پێك ناکۆك، یەکێك لە دەیان لە رەهەندە کارییەکانی هەموو بزووتنەوەیەکی فەندەمێنتالو توندڕەوی سوننی، دژایەتیکردنە لەگەڵ بیرۆکەی شیعەو فەندەمێنتالیزمی شیعەیە، واتە بەشێك لە پێکهاتەی ئەو هێزە توندڕەوە سونییانە یا بەشێك لە فەلسەفەی بوونی ئەو هێزانە لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکەی دژایەتیکردنەو بەرهەمی ئامادەبوونی تێزی شیعەو فەندەمێنتالیزمی شیعەی هێرشهێنە لە ناو واقیعی سیاسی - ئایینی ئێستای ئەو ناوچەیەدا، هەر بۆیەش دۆستایەتیی ئەو هێزە پێك ناکۆکانە رووبەڕووی کۆمەڵێك پرسیارمان دەکاتەوە کە بێشك بۆ گەیشتن بە وەڵامەکانیان دەبێ بچینە ناو سیستمی فکریو بەشێك لەو ستراتیژییە سیاسی - ئایینییە راڤە بکەین کە دەسەڵاتی فەندەمێنتالی تاران بۆ کارپێکردن لە نێوخۆو دەرەوەدا ئامادەی کردوە. ستراتیژێك کە هەڵگری هەقیقەتێکەو هەر لە سەرەتاوە پێمان دەڵێ کە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیو بردنەوەی ئەو گەمە سیاسیو مەزهەبییانەی لە نێوخۆو دەرەوەدا رووبەڕوویان دەبێتەوە لە هیچ چەشنە کردەوەو دژکردەوەیەك خۆی نابوێرێ. بۆ وێنە یەکێك لەو کێشانەی لە نێوخۆدا ئازاری دەدا، کێشەی نەتەوایەتی لە کوردستانو بوونی چەند هێزێکی سێکۆلارو چەپ لە ناو کێشەکە دایە، کێشەیەك کە هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتی تارانەوە وەك کێشەیەکی بچووکی نێوخۆیی ناوزەدو سەرکوت کراوە، بەڵام ئەمجارەیان دەیهەوێ لە فۆرمو میتۆدێکی ترسناکتر کەڵك وەربگرێ. واتە لە رێگای فەندەمێنالیزمی سوننییەوە، چونکە ئەو هێزانە لە بیرۆکەو بەرنامەو پێڕەوەکانیاندا هەڵگری کۆمەڵێك بواری لابارن بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تاران لەوێوە لە گەڵیان بکەوێتە مامەڵەکردنو بیانخاتە خزمەت ئامانجەکانی خۆیەوە، بۆ وێنە یەکێك لەو خاڵانەی کە ئەو هێزانە بەشێك لە ستراتیژیی خۆیان لەسەر بنیات ناوە، دەڵێ: "ئێمە دان بە حیزبایەتیی هیچ حیزبێکدا ناهێنین، ئەگەر لە ژێر پەرچەمی ئیسلامدا کار نەکا، واتە کۆی ئەو هێزانەی لە دەرەوەی ئیسلامو ئاڵای ئیسلامدا کار دەکەن، لەلایەن ئێمەوە بە کافرو مولحێد دەناسرێن". یا خاڵێکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە دەڵێ: "ئێمە خۆمان چەکدار کردوە بۆ دیفاعکردن لە نیشتمانی ئیسلامیمانو هێرش بردنە سەر دوژمنانی خودا". لێرەوەو لەو روانگەوە دەبینین هەموو هێزە سێکۆلارەکان دوژمنی خودانو دەبێ لە باشترین رێگە، واتە لە رێگەی جیهادەوە لەناو ببرین.

**ئێمە دان بە حیزبایەتیی هیچ حیزبێکدا ناهێنین، ئەگەر لە ژێر پەرچەمی ئیسلامدا کار نەکا، واتە کۆی ئەو هێزانەی لە دەرەوەی ئیسلامو ئاڵای ئیسلامدا کار دەکەن، لەلایەن ئێمەوە بە کافرو مولحێد دەناسرێنو دەبێ لە رێگای جیهادەوە لەناو ببرێن**

دەکرێ بڵێین کە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی نائایینی نیە تا ئەو هێزانە ئاییندارى بکەن، دوای ئەوەش هێزە سێکۆلارەکانی ناو واقیعی نەتەوەیی - سیاسی هەروەك لە پراتیکدا نیشانیان داوە هێزگەلێك نین لەسەر بنەمای سڕینەوەی ئایین کار بکەن، بەڵکوو بە پێچەوانە هەوڵ دەدەن بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ کە "هەموان" لە سنووری خۆیاندا خاوەن رێزو پلەو پایەی کۆمەڵایەتیی خۆیان بن. واتە ئایین بگەڕێننەوە چوارچێوەی ئایینی خۆیو سیاسەتو بوارەکانیتریش بە هەمان شێوە، بەڵام ئەوە چیە کە ئەو هێزە ئیدئۆلۆگانە وا لێدەکا ئەو واقیعانە وەرنەگرن، ئەو هەقیقەتەیە کە پێی گەیشتو دەیانهەوێ بە هەموو نرخێك بەسەر ئەوانی دیکەیدا بسەپێنن. هەربۆیەش دەبینین لەنێو ئەو هێزانەدا کۆمەڵێك بواری یەکجار شاز هەیە بۆ ئەوەی لە لایەك توندۆتیژی بەرهەم بێنێو لەلایەکی دیکەشەوە دەسەڵاتی ئیسلامیی شیعەی تاران بیانکاتە ئامرازی دەستی خۆیو بەهەر شێوەیەك بیهەوێ کەڵکیان لێوەربگرێ، بۆ وێنە لە ناوخۆدا شەڕی هێزە سێکۆلارو نەتەوەییەکانی کوردستانیان پێبکا، بەجۆرێك کە لە لایەك ئەو هێزە سێکۆلارانە مەجالێکی ئەوتۆیان نەبێ تا رووبەڕووی دەسەڵاتی فەندەمێنتالی تاران ببێتەوەو لەلایەکی دیکەشەوە جەستەی کۆمەڵگای کوردی تووشی ئەو فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی بکا.



هۆکارێکی دیکە کە ئەو هێزانەی لەگەڵ دەسەڵاتی تاران لە یەك بازنەدا کۆ کردۆتەوە، بوونی دوژمنێکی هاوبەشی بەهێزە لە سەر ئاستی جیهانو ناوچەکەدا، واتە ئەمریکا. هەروەك دەبینین بوونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، ئەو هێزانەی بەشێوەیەکی زۆر ئاشکراتر لێك نزیك کردەوە. یا دەکرێ بڵێین بەشێك لە ستراتیژییە هاوبەشە نهێنییەکانیان بە تەواوی دەمامکی لەسەر هەڵدرایەوە. کەوابوو بوونی ئەمریکا کە خۆی لەلایەك ئیدیعای شتێکیتر دەکاو لەلایەکی دیکەشەوە لە روانگەی ئەوانەوە وەك نوێنەری ئیمپریالیزمی دنیا خۆرو شارستانییەتی مۆدێرنی رۆژئاوایی، هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی هەموو ئەو هێزو گرووپو تەنانەت حکومەتە فەندەمێنتالو دواکەوتوانە لە دەوری یەکتری کۆ بکاتەوە. بەڵام لەو رەهەندەیانەوە حاکمییەتی ئێران لە هەمبەر فەندەمێنتالەکانەوە سیاسەتێکی بەربڵاوترو ئاڵۆزتری هەڵبژاردوە، ئەویش ئەوەیە کە لە لایەك ناوچەکە ئاڵۆزتر بکا تا ستراتیژیی پراکتیکی ئەمریکا درەنگتر بگاتە ئێرانو لەلایەکی دیکەشەوە شەڕی ئەمریکایان پێ بکاو کۆسپسازی بکا لە بەردەم پراکتیزەکردنی پرۆژەکانی ئەمریکاو ئەو بوارەش لاوازتر بکا کە لەو ناوچەیەدا بۆ وەرگرتنی ئەمریکا لە ئارادایە. کەوابوو ئەوە فکرو ئیدئۆلۆژییەکی هاوبەش نیە کە ئەو هێزە دژە دیوو پێك ناکۆکانە لە دەوری یەکتری کۆ دەکاتەوە، بەڵکوو ئەوە بەرژەوەندی سیاسیو بوونی دوژمنی گەلێکی هاوبەشە، بۆ وێنە کاتێ تاڵیبان لە ئەفغانستان حکومەت دەکا، ئێران بەردەوامو بە ئاشکرا دژایەتیی دەکاو تەنانەت بەهەموو شێوەیەکیش پشتیوانی لەو هێزە شیعەیەش دەکا کە لە ناو ستراکتۆری ئەو وڵاتەدا بە دژی تاڵیبان کایە دەکا. بەڵام کاتێ ئەمریکا لە حکوومەتی ئەفغانستانی دا، دەسەڵاتی تاران نە تەنیا جارێك بە دژی تاڵیبان هەڵوێست ناگرێ، بەڵکوو زۆریش بە پێچەوانە هەڵسوکەوت دەکا. ئەو مۆدێلە لە پێوەندی لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوەو تەنانەت هەڵوێستی فەندەمێنتالەکانی کوردستانیشەوە لە هەمبەر زۆر هێزو دەسەڵاتی دیکەشەوە راستە. هەر بۆیەش جەوهەری ئەو هاوپەیمانەتییە جەوهەرێکە دەبێ راڤەی بکەین، چونکە لەڕاستیدا ئەگەر گوێ لە گوتارو دەنگی مەرگدۆستانەی فەندەمێنتالەکانی لای خۆشمان بگرین، بۆمان دەردەکەوێ کە نە هەرگیز باوەڕیان بە شێعەیەو، نە رۆژێك حەز دەکەن ئەو بیرۆکەیە ئەزموون بکەن، هەر بۆیە پێوەندییەکانی دەسەڵاتی تارانو ئەو گرووپانە لە سنووری کۆمەڵێك کاری ئیتلاعاتیو سیاسی لە پێناو گەیشتن بە کۆمەڵێك ئامانجی سیاسی تێنەپەڕیوە.

ئەنجام:

سوننەتیبوونی کۆمەڵگاو ئینتیما بۆ ئایینو کۆی ئەو بوارانەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەن بۆ ئەوەی رۆژێك بمانگەڕێننەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاستو، بێپرۆژەیی هێزە سێکۆلارو نەتەوەییە کوردییەکان بۆ کۆمەڵگاو لە هەمان کاتیشدا دژایەتینەکردنی بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگای ئێمەو بەگشتی ناوچەکە بە بوونو مانەوەی ئەمریکا کە ئیدیعای گۆڕینی پێکهاتەی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئەو ناوچەیە دەکاو هتد، کۆمەڵێك فاکتەری گرینگو سەرەکین کە بێشك دیاردەیەکی بە کۆمەڵگای ئێمە نامۆی وەك ئیسلامی سیاسی چ خاوەن میلیشاو چ بێ میلیشا زیاتر پەرە پێ بدەنو تەنانەت نیگەرانیی ئەوە لە ئارادایە کە رۆژێك لەسەر خوانی لاوازی ئەوانی دیکە، وەك هێزێکی سەرەکی بە ئاستی دەسەڵاتیش بگەن.

لە کۆتاییدا فاکتێك لە دوکتور سرووش دێنمەوە کە دەڵێ: "ئایین بۆ ئەوە هات کە بە مرۆڤ بڵێ تۆ ناتوانی ببی بە خودا لەسەر زەوی". دیارە لە بەرامبەر ئەوەدا بیرۆکەیەکی دیکەش هەیە کە دەڵێ: "سێکولاریزمیش بۆ ئەوە هات کە بە مرۆڤ بڵێ کە تو نە تەنیا ناتوانی ببی بە خودا لەسەر زەوی، بەڵکوو ناتوانێ نوێنەرایەتیی خوداش بکەی."

***

# قەیرانێك كە ئەستەمە ڕێژیم لێی دەرباز بێ

ئەڵوەن

پتر لە دوو ساڵە کە کێشەی ناوکیی ئێران لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی و وڵاتانی ڕۆژئاواییدا هاتۆتە گۆڕێ و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم کێشەیە ئاڵۆزترو قووڵتر دەبێتەوە. سەرەتا ڕێژیم کۆسپ و تەگەرەیەکی زۆری بۆ پشکێنەرانی سەر بە ئاژانسی ناوبراو دروست دەکرد، بەڵام، پاشان ناچار کرا ڕێگا بە پشکێنەران بدا تا ناوەندە ناوکییەکانی بپشکنن، لە چەند پشکنین و سەردانی کارناسان و سەرۆکی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکیدا بۆ ئێران، کاربەدەستانی ڕێژیم تەنیا ئامادەبوون وەڵامی هێندێك پرسیاری کارناسەکان بەشێوەیەکی ناتەباو ناڕاست بدەنەوەو خۆیان لە وەڵامدانەوەی سەرجەم پرسیارەکانی ئەوان دەدزییەوە، بەڵام، بەو حاڵەش پشکێنەرەکان نەك هەر توانییان چەواشەکارییەکانی سەرانی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ پرسیارەکانیاندا بسەلمێنن، بەڵکوو هێندێك کەرەستە، کەلوپەل و تەنانەت بڕێك ئورانیۆمی زۆر دەوڵەمەندکراوی وایان دۆزییەوە کە لە چێکردنی چەکی ناوکیدا دەکار دەکرێ. ئەمەش هیچ گومانێکی لەلای ناوەندی ناوبراو و وڵاتانی ڕۆژئاوایی نەهێشتەوە کە ئێران بە جیددی لە هەوڵی وەدەستهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ دایەو مەسەلەی کەڵكوەرگرتنی ئاشتییانە لە وزەی ئەتۆمی، تەنیا سەرپۆشێکە بۆ مەبەستەکانی.

ئەو ڕاپۆرتانەی کە پشکێنەران لە سەردانەکانی خۆیاندا ئامادەیان کردن، بوونە مایەی پەشێوی و نیگەرانیی قووڵی وڵاتانی جیهان بەگشتی و یەکیەتیی ئورووپاو ئامریکا بەتایبەتی. گڤاش و سەنگیی ئەم وڵاتانە بۆسەر ئێران وای کرد کە ئێران بۆ ڕزگاربوون لەو قەیرانە دەستەوداوێنی سێ وڵاتی ئورووپایی واتە بریتانیا، فەرانسەو ئاڵمان ببێ. لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی لە پەنابردنە بەر ئورووپا سێ مەبەستی هەیە کە یەکەم: دەستی دەستیکردن بە وڵاتانی ئورووپایی، هەر وەك چۆن لە سەردەمی "دیالۆگی ڕەخنەگرانە"دا ئەو کارەی کرد" دووهەم، دروستکردنی کەلێن و دووبەرەکی لە نێوان ئورووپاو ئامریکاداو، قوستنەوەی ئەو هەلە بۆ بردنەپێشی ژێربەژێری پرۆگرامە ناوەکییەکەی" سێهەم، پووچەڵکردنەوەی هەر چەشنە هەوڵ و بزاڤێکی دیپلۆماتیك یا گەمارۆیەکی ئابووری لەلایەن ئامریکاوە. چونکە هەر لەم یەك دوو ساڵەدا زۆری هەوڵ دا کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو وڵاتەدا دامەزرێنێ و بەدانی هێندێك ئیمتیاز پێی، وای لێ بکا تا چاوپۆشی لەو مەترسییە مەزنە بکا کە لەلایەن ئەم ڕێژیمە تیرۆریستەوە بەرەوڕووی ناوچەکەو جیهان بەگشتی دەبێتەوەو لەڕاستیدا دەبێتە هەڕەشەیەکی یەکجار گەورە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خودی ئامریکاش. بەڵام، دەوڵەتی ئامریکا کە بە سیاسەتێك و نەخشەیەکی نوێوە هاتۆتە ناوچەکەو دەیەوێ پۆستی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دروست بکاو، دیاردەی تیرۆرو تیرۆریزم قەڵاچۆ بکا، پێ ناچێ بکەوێتە نێو هەموو جۆرە ساتو سەودایەك لەگەڵ ڕێژیمی تیرۆیست، تیرۆریستپەروەر، یاخی و کۆنەشوێنی "سنتی"ی کۆماری ئیسلامی، چونکە لە وەها حاڵەتێکدا دژ بە سەرجەم ئەو پرنسیپانە دەجوولێتەوە کە بە بەرزکردنەوەیان، هاتۆتە ناوچەکەوەو، کۆماری ئیسلامییش بە هەموو پێوانەیەك و بە سەرنجدان بە سیاسەتەکانی، دوژمنی هەرە سەرەکیی هەر چەشنە گۆڕان و نوێبوونەوەیەکەو بەگشتی ڕێژیمێکە کە بەتەواوی ڕەوایی و کارامەیی خۆی لەدەست داوەو لەگەڵ پرنسیپ و شەت و مەرجەکانی ئەم سەردەمەدا ناگونجێ. جا ئەگەر ڕێژیمێکی وا لە هەوڵی دروستکردن و دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمیدا بێ، دیارە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان دەکەونە چ حاڵ و ڕۆژێکەوە.




ئێران ئیددیعای سازکردنی چەکی ئەتۆمی، ڕەت دەکاتەوە

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ئورووپاش‌دا بە هەڵەدا چوون و لەوە تێنەگەیشتوون کە وڵاتانی ئورووپاییش وەك ئامریکا، بە هیچ جۆرێك ڕێگا نادەن کە ئێران ببێتە خاوەنی چەکی کۆمەڵکوژو هاوپەیمانی ستراتیژیی ئامریکان و ئەو هاوپەیمانەتییەش ناکەنە فیدای پێوەندی لەگەڵ ئەوان و ئامادە نین بوار بۆ درێژبوونەوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمە خۆش بکەن، چونکە ئەوان باش دەزانن تەنیا ڕێگاو بەختی مانەوەی ئەو ڕێژیمە ڕەنگە لە دەستڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکیدا بێ. بۆیە نایانەوێ یارمەتی بە درێژبوونەوەی تەمەنی ڕێژیم بدەن و بەم شێوەیە جیهان ناخەنە نێو ترس و دڵەڕاوکێ و هەڕەشەیەکی بەردەوامەوە، دژ بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان ناوەستنەوە. بێجگە لەمەش ئاڵمان، فەرانسەو بریتانیا بە ڕاوێژو تەگبیر لەگەڵ ئامریکادا وتووێژیان لەگەڵ ڕێژیم دەست پێ کردوە تا بەڵکوو لەڕێی دیپلۆماتیکەوە کێشەکە چارەسەر بکرێ و ئەگەر نەکرا، هەروەك خاوییر سۆلانا بەڕاشکاوی وتوویەتی بە پێی بڕیارنامەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، فایلی ناوکیی ڕێژیم، دەدرێتە دەست ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ سەپاندنی سزاو دووڕپێچی ئابووری بەسەریدا.

لە قسەو ڕاوبۆچوونی سەرجەم کاربەدەستانی وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکاییدا وا دەردەکەوێ کە ئەوان هیچ متمانەیەکیان بە کۆماری ئیسلامی نەماوەو بەتایبەت کاتێکە بە ماوەیەکی کەم پاش ڕێککەوتنی سێ وڵاتی ئورووپایی لەگەڵ ڕێژیم لەسەر ڕاگرتنی بەتەواویی پرۆسەی دەوڵەمەندکردنی ئورانیۆم، ڕێککەوتنامەکەی پێشێل کردو ڕایگەیاند کە دەستی بە دەوڵەمەندکردنی ئورانیۆم کردۆتەوەو بەوحاڵەش بە تەمابوو ئەو وڵاتانە ڕێگە نەدەن پەروەندەکەی بکەوێتە دەستووری کاری ئاژانسەوە. بەڵام، بڕیارنامەی ئاژانس سەبارەت بە ئێران کە لەلایەن کانادا، ئوستراڵیاو ئامریکاوە داڕێژرابوو، بەکۆی دەنگی ٣٥ ئەندامی ئەنجومەنی حاکمانی ئاژانسەوە پەسند کراو، بەمجۆرە رادەی شێلگیری و نیگەرانیی وڵاتانی ئورووپایی سەبارەت بە بەرنامەی ناوکیی ئێران دەرکەوت و ئاوێکی ساردیان بە دەستی کاربەدەستانی ڕێژیمدا کردو بەرەبەرە ڕێگایان بۆ ئەوە خۆش کرد کە ئەم کێشەیە بەرنە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەرچەند کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەڵوێستی توندیان لەم بارەیەوە گرتوەو ڕایانگەیاندوە کە نەك مل بۆ بڕیارنامەی ئاژانس ڕاناکێشن، بەڵکوو هەڕەشەیان کردوە کە لە NPT دەردەکەون و ترسیان لەوەش نیە کە پەروەندەکە بدرێتە ئەنجومەنی ئاسایش. بەڵام، ئەمە هەر تەنیا قسەی ڕووتەو ئەوان ناتوانن لە بەرامبەر فشاری نێونەتەوەییدا خۆیان ڕاگرن، بەتایبەت NPT و سێ وڵاتی ئۆووپایی و ئامریکا، هەروەها نوێنەرانی گرووپی هەشتیش بە یەك دەنگ داوای ڕاگرتنی چالاکیی ناوکیی لەلایەن ئێرانەوە دەکەن. ئەمەش پێشاندەری ئەوەیە کە هەتا دێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێونەتەوەییدا پتر تەریك دەکەوێتەوەو کۆدەنگییەکی جیهانی لە دژی سەر هەڵدەدا کە ئیدی دەربازبوونی بۆ نیە. یان دەبێ چالاکیی ناوکیی خۆی لە ژێر چاوەدێریی تەواوی نێونەتەوەییدا ئەنجام بدا، یان لەگەڵ سزاو گەمارۆی ئابووری لەلایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە بەرەوڕوو دەبێ. کە دیارە کۆمەڵگای جیهانییش هەموو شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی ڕێژیم بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێ.

ئەزموون سەلماندوویەتی کە ڕێبەرانی کەللەڕەق و کۆنەپەرستی ڕێژیم پێ ناچێ بە پێی ئەو بارودۆخە نێوخۆیی و نێونەتەوەیییە کە تێی کەوتوون و هەروەها بەو پێیەی کە تاقە ڕێگای مانەوەی خۆیان لە وەدەستهێنانی چەکی ناوکیدا دەبینن، بە سانایی دەست لە بەرنامەی ناوکی هەڵگرن و بەشێوەیەکی زەلال بەرنامەی چالاکییە ناوکییەکەیان ئاشکرا بکەن. بۆیە ئەستەمە لەم قەیرانە دەرباز ببێ و دیسانەکە بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگای جیهانی، چونکە ئیدی هیچ مەرجێکی ئەوتۆی مانەوەی تێدا بەدی ناکرێ.

❊❊❊

کۆماری ئیسلامی لە پەنابردنە بەر ئورووپا سێ مەبەستی هەیە کە یەکەم: دەستی دەستیکردن بە وڵاتانی ئورووپایی، هەر وەك چۆن لە سەردەمی "دیالۆگی ڕەخنەگرانە"دا ئەو کارەی کرد" دووهەم، دروستکردنی کەلێن و دووبەرەکی لە نێوان ئورووپاو ئامریکاداو، قوستنەوەی ئەو هەلە بۆ بردنەپێشی ژێربەژێری پرۆگرامە ناوەکییەکەی" سێهەم، پووچەڵکردنەوەی هەر چەشنە هەوڵ و بزاڤێکی دیپلۆماتیك یا گەمارۆیەکی ئابووری لەلایەن ئامریکاوە

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ئورووپاش‌دا بە هەڵەدا چوون و لەوە تێنەگەیشتوون کە وڵاتانی ئورووپاییش وەك ئامریکا، بە هیچ جۆرێك ڕێگا نادەن کە ئێران ببێتە خاوەنی چەکی کۆمەڵکوژ




ئێران دەڵێ: مەودای ڕۆیشتنی مووشەکی شەهابی ٣ی زیاتر کردوە

## درێژەی هەواڵەکانی دەرەوە

پاشان بەڕێز "فۆلك سووندمان"، وێڕای بەخێرهاتنی هەیئەتی حیزب بۆ وەزارەتی دەرەوە، نیگەرانییەکانی یەکیەتیی ئورووپاو دەوڵەتی فینلاندی لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ و بەرنامەی ناوکی ئێران ڕاگەیاند.

لەو دیدارەدا هەروەها پێشنیاری تازە بە مەبەستی بەرفراوانترکردنی پێوەندی و گفتگۆکان خرایە بەرباس. هەیئەتی کومیتەی حیزب بریتی بوون لە، هاوڕێیان، شەهین بەهمەن سوڵتانی، بەرپرسی کاروباری ژنان لە کومیتە، ئەیووب سووری و مەجید حەقی.

### بەشداریی نوێنەری کومیتەی حیزب لە نۆروێژ لە کۆنفرانسی کۆنتاکتی پەنابەران و دەوڵەتدا

ڕۆژی پێنجشەممۆ، ڕێکەوتی ٢٠٠٤/١٠/٧، کۆنفرانسی ساڵانەی ڕێکخراوی "ك.ی.م"، واتە کۆنتاکتی پەنابەران و دەوڵەت، پێك هات کە لە لایەن ئیدارەی پەنابەرانی وڵاتی نۆروێژو حیزب و ڕێکخراوە بیانییەکانەوە بەڕێوەچوو. ئەو کۆنفرانسە ٣ ڕۆژی خایاندو لە ڕۆژی یەکەمدا، کۆنفرانسەکە بە قسەکانی خاتوو "یەتەماری بۆکی"، شای نۆروێژ دەستی پێکردو دواتر وەزیری شارەوانییەکان و نوێنەری پارلمان، خاتوو "ئەناسولبەرگ" بەخێرهاتنی بەشدارانی کرد.

لەو کۆنفرانسەدا، ١٨٠ کەس لە لایەن حیزب و ڕێکخراوە بیانی و نۆروێژییەکانەوە بەشدار بوون. لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشەوە، کاك قادر عەزیزبەیگی، وەك بەرپرسی کومیتەی ناوچەی ئوستفولدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشداری کۆنفرانسەکە بوو. بەشداربووان بە ٥ گرووپ دابەش کرابوون، کە بریتی بوون لە:

١ـ گرووپی تێکەڵبوون لە شوێنی کار

٢ـ ئایین و کەلتوور ـ ئەفسانە یان واقعییەت

٣ـ شێوەی هەڵسوکەوتی دەوڵەت

٤ـ منداڵ و لاو

٥ـ پەروەردەو خوێندن

ڕۆژی دووهەم، گرووپەکان دەستیان بە کارەکانیان کردو پاشنیوەڕۆ، وەزیری دادوەری و وەزیری شارەوانییەکان، خاتوو "ئەناسۆلبەرگ" بەشداری کۆنفرانسەکە بوون. هەر ئەو ڕۆژە کاك قادر چاوی بە دوو وەزیری ناوبراو کەوت و سەبارەت بە کوردستان و جووڵانەوەی کورد لە ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسێکی پێشکەش کرد.

دواتریش کاك قادر، چاوی بە جێگری ئیدارەی پەنابەرانی نۆروێژ، خاتوو "مانویولا" کەوت. ڕۆژی سێهەم، کۆنفرانسەکە بۆ کۆبوونەوەیەکی هاوبەش تەرخان کرابوو، کە تێیدا چەندین پرسیار، لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی کۆنفرانسەکەوە لە دەستەی بەڕێوەبەری کۆنفرانسەکە پرسراو، دوای وەڵامدانەوە بە پرسیارەکان کۆنفرانسەکە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

### کۆبوونەوەی کومیتەی مەنچێستێری حیزبی دێموکرات

لە ڕێکەوتی ٢٦ی سێپتامبری ٢٠٠٤، کۆبوونەوەی کومیتەی مەنچێستێری حیزب گیرا. هۆی سەرەکی ئەم کۆبوونەوەیە باسێك لەسەر گرتنی کۆنگرەی ١٣هەمی حیزبەکەمان و هەروەها گۆڕانی دروشمی ستراتیژیکی حیزب و باسێك لەسەر بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب بوو. ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ماوەی سێ سەعات و نیو درێژەی کێشا.

❊❊❊

# یەکەمین هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی ئەفغانستان،

## هەنگاوێك بەرەو کۆمەڵگای مەدەنیو دەستووری

**هەژیر**

ڕۆژی شەممە ١٨ی ڕەزبەر (٩ی ئۆکتۆبر)ی ئەمساڵ، یەکەمین سەرۆك کۆماریی ئەفغانستان بە بەشداریی ١٨ کاندیدا لە ١٩ ئۆستانی ئەو وڵاتەدا بەڕێوەچوو. لەو هەڵبژاردنەدا زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس وەك هێزی ئەمنییەتی بۆ وێنە ٢٧ هەزار کەس هێزی بیانی ئەرکی پاراستنی ئەمنییەتیان بەڕێوە دەبرد. هەربۆیەش دەکرێ بڵێین تاڕادەیەك هەڵبژاردن لە کەشوهەوایەکی ئارامدا بەڕێوەچوو کە لە ماوەی هەڵبژاردندا هەواڵدەرەکان تەنیا ئاماژەیان بە تەقینەوەی دوو مووشەك لە شارەکانی "گەردیز"و "ئەسەدئاباد"دا کرد. شایانی باسە کە خراپیی جەوهەری مۆرکردن لەگەڵ ناڕەزایەتیی کاندیداکانی هەڵبژاردن ڕووبەڕوو بوو کە ١٥ کەس لەو کاندیدایانە خوازیاری ڕاگرتنی دەنگدان بوونو ڕایانگەیاند کە ئەم کەموکوڕییە دەبێتە هۆی ئەوە ڕەوایی هەڵبژاردن بچێتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام، نوێنەرانی یەکیەتیی ئورووپا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو سەرجەم ئەو هەیئەتانەی چاوەدێریی هەڵبژاردن بوون، خوازیاری درێژەدان بە پرۆسەی دەنگدان بوونو تەنانەت بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە هەیئەتێکیان پێك هێنا کە ئەویش دوای چەند ڕۆژ لەگەڵ دەستنیشانکردنی هێندێ وردەهەڵە، ڕەوایی هەڵبژاردنیان دووپات کردەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو گومانو نیگەرانییانەی لە پێوەندی لەگەڵ چۆنییەتیی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی ئەفغانستان لە ئارادا بووە، جەوهەری ئەو ڕوانگەیەیە کە وەك دیاردەیەکی دەگمەنو بێوێنە لە مێژووی گۆڕانکاریی سیاسی ـ کۆمەڵایەیەکانی ئەو وڵاتەدا چاوی لێدەکرێ، ڕەت ناکاتەوە. گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەو پرۆسەیە بریتین لە:

١ـ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی ئەفغانستان یەکەمین ئەزموونی نوێی ئەفغانییەکانە لەمەڕ تەمرینی کێبەرکێی سیاسیدا. پێشتر هەوڵ دەدرا لە ڕێگەی نیزامیو وەڕێخستنی کێشە خوێناوییە گەلییەکان ڕەقەبەرەکان لە مەیدان وەدەرنێن. بەڵام ئەمجارەیان بە تێپەڕین لە کێشە خوێناوییەکانو ڕووکردنە سندووقی هەڵبژاردن، قۆناغێکی نوێ لە پێکەوەژیانو لێکبوردن دەستی پێکردوە. بە واتایەکی دیکە قەبووڵکردنی ئاکامی هەڵبژاردن لەلایەن ئاغا شەڕە ئەفغانییەکانەوە بە بنەمای قبووڵکردنی "ئەوی دی"و "ویستی دی"یە کە لە کردەو گوتاری ئەفغانەکاندا وەك گۆڕانکارییەکی قووڵ چاوی لێدەکرێ.

٢ـ بەشداریی بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵك لەو هەڵبژاردنەدا یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو هەڵبژاردنە بوو. کاندیداکان هەرکەسە بە ڕوانگەو ئینتمای گەلیو گرووپیی جیاوازەوە هاتبوونە ناو پێشبڕکێی هەڵبژاردنەوە. هەر چوار گرووپی نەتەوەیی سەرەکی، واتە پەشتوون، تاجیك، هەزارەو ئۆزبەکەکان، کاندیدای سەرۆك کۆمارییان هەبوو. تەواوی کاندیداکان ئازادیو مەجالی بەربڵاویان هەبوو بۆ چالاکییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان. بەرپرسانی ئەفغانستان ڕایانگەیاند کە ٩٠٪ی خەڵك لەو هەڵبژاردنەدا بەشدار بوون، بەجۆرێك کە بەهۆی پێشوازیی بەرینی خەڵکی، ماوەی هەڵبژاردن ٢ سەعات وەدوا درا.



لیستی کاندیداکانی سەرکۆماری لە ئەفغانستان

حەشیمەتی ١٠/٥ میلیۆن کەسی کە کارتی ناونووسیان وەرگرتبوو، بە ئامادەبوون لەسەر سندووقەکانی دەنگدان، سەلماندیان کە دوای چەند ساڵ شەڕو خوێنڕێژیو وێرانی، ئیدی ئێستا لە فکری ئاشتیو ئارامیو پێکەوەژیان دان. لە هەر حاڵدا پێکهاتەی نەتەوەیی کاندیداکانو هەروەها زۆریو جۆراوجۆریی دەنگدەران نیشانەی سووربوونی ئەفغانییەکانە بۆ گەیشتن بە پێکەوەژیانو هاوسەنگیی نەتەوەیی لەو وڵاتەدا. حامید کەرزای، بەرپرسی دەوڵەتی کاتیو یەکێك لە کاندیداکان سەبارەت بە بەشداریی بەرچاوی خەڵك لە هەڵبژاردندا خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی.

٣ـ هەڵبژاردن یەکێك لە بنەماکانی دێموکراسییە. بەشداریی گشت لایەنەی ئەفغانییەکان لەو هەڵبژاردنەدا نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی بە پێکهاتەیەکی نوێوە لەسەر بنەمای دێموکراسیو پلۆرالیزمو نەزمو یاسا لێك بگەن. ئەوە لە حاڵێك دایە کە ئەفغانستان چوار ساڵە لە قەیرانی تراژیکی ٣٠ ساڵەی نێوخۆییو حاکمییەتی ٥ ساڵەی سەدە ناوەڕاستییانەی تاڵیبانو ئەلقاعیدە ڕزگاریان بووە. ئەفغانەکان بەو هەنگاوە نەتەوەییە هەنگاوێکی گەورەیان بەرەو دێموکراسی هەڵگرت. گۆڤاری "ئێکۆنۆمیست" لەو پێوەندییەدا دەڵێ: ئەفغانییەکان شتێکی ئەوتۆ لە دێموکراسی نازانن، بەڵام دوای ئەو ئەزموونانەی کە لەگەڵ کۆمۆنیزمو فێندەمێنتالیزمدا بەدەستیان هێناوە، کاتێ جنسێکی ناجۆریان پێبدرێ، دەتوانن بیناسن.

٤ـ بەشداریی ژنان یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو هەڵبژاردنە بوو. ژنان لە ناوەندگەلی جیاوازدا دەنگیان دەداو زیاتر لە ٤٠٪ی ئەو ١٠/٥ میلیۆن کەسەی بۆ هەڵبژاردن ناوی خۆیان نووسیبوون لە ژنان پێك هاتبوو. بەپێی هێندێ سەرچاوەی هەواڵدەری، بەشداریی ژنان لە هێندێ لە ناوەندەکانی دەنگدان، لە بەشداریی پیاوان زیاتر بووە. بەشداریی ژنێك لە ئاستی کاندیدایی‌دا، گرنگییەکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی تایبەتی بەو پرۆسەیە دابوو. ئەوە لە حاڵێك دایە کە بە درێژایی ساڵەکانی پێشوو، ژنان بەردەوام لە پەراوێزدا بوونو هەلێکی ئەوتۆیان پێ نەدراوە تا تەعبیر لە تواناییو ئیستعدادەکانی خۆیان بکەن.

هەرچەند ئامریکا لەو چەند ساڵە زیاتر لە بنیاتنانەوەی وڵات، سەرقاڵی شەڕ لەگەڵ چریکەکانی تاڵیبان بووەو تەنیا لە یەك ساڵی رابردوودا ٤٨ کەس لە یارمەتیدەرانی بیانی لە بەشەکانی ڕێگاسازیو چاوەدێرانی هەڵبژاردن سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو هەروەها زۆرێك لە بەرپرسانی ناوچەیی کوژراون. بەڵام بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لەو کاتەدا جگە لەوە پێگەی جۆرج بووش لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەمریکادا قایمتر دەکا، بەڵکوو دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە زیاتر هان دەدا بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پرۆسەیە لە عێراقیشدا. جیا لەوانەش پێکهێنانی دەوڵەتێکی دێموکراتیك لەسەر بنەمای دەنگی خەڵك لە ئەفغانستاندا، یەکێکی دیکە لە ئامانجە ڕاگەیانراوەکانی شەڕی ئەمریکا بەدژی تیرۆریزمە لە ئەفغانستاندا.

بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە ئەفغانستاندا دەبێتە هۆی ئەوە بواری لەبار بۆ پراکتیزەکردنی دێموکراسیو گەیشتن بە ئازادی لە وڵاتە ئیسلامییەکانی ناوچەکەدا بڕەخسێ. بە واتایەکی دیکە ئەو هەڵبژاردنە دەبێتە نموونەیەکی سەرکەوتوو بۆ بردنەپێشی پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن لە ناوچەکەدا. هەڵوێستی جۆراوجۆرو ڕاگەیەنەکانی ژێر هێژموونیی پاوانخوازانو کاربەدەستانی تاران لە هەمبەر ئەو هەڵبژاردنە کە بە پێچەوانەی پێشبینییەکانیان لەگەڵ پێشوازیی خەڵکی ئەفغانستانو بەتایبەت پەنابەرانی ئەفغان لە ئێران ڕووبەڕوو بوو، نیشاندەری نیگەرانیی قووڵی ئەوانە لە هەمبەر بەڕێوەچوونی ئەو هەڵبژاردنە دێموکراتیکە لە ئەفغانستانی دراوسێدا. هەر ئەوەش وەڵامێکی توندە بە دەسەڵاتدارەتیی ئێران کە بەردەوام ئەفغانستان بە وڵاتی داگیرکراو لە لایەن ئەمریکاوە دەزانێو هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بڵاوکراوەکانی سەر بە پاوانخوازان تەنانەت لە ڕۆژەکانی هەڵبژاردنیشدا گرنگی ئەوتۆیان پێ نەدەداو بە بڵاوکردنەوەی هێندێ ڕاپۆرت لەبارەی دانانەوەی بۆمبو هەڕەشەی مانگرتن قەناعەتیان کرد. بەڵام، ئەفغانییەکان بێ سەرنجدان بە هەڵوێستی پارێزاویو ناشیرینی کاربەدەستانی ئێرانی، بە بەشداریی بەربڵاوی خۆیان لە هەڵبژاردندا نیشانیان دا سوورن لەسەر گواستنەوەی ئەفغانستان لە کۆمەڵگایەکی سوننەتییەوە بۆ وڵاتێکی نوێی ئاوەدان.

سەرچاوەکان:

ـ سایتی B.B.C

ـ سایتی، "صدای آمریکا"

ـ سایتی "اخبار امروز"

❊❊❊



ژماردنی دەنگەکان لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەفغانستاندا

# راگەیەندراو

## لە تەحویلدرانەوەی دوو پەنابەری کورد بە ڕژێمی ئێران بەرگری بکەن!

کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!

حیزبو ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی پەنابەران!

هەواڵنێرانو ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ!

بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ١١ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٤، چەند کەس لە پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە تورکیە بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتیو ئیعترازی خۆیان لە سیاسەتی پڕ لە فەرقو جیاوازیدانانو هەست بە بەرپرسایەتینەکردنی UNHCRی تورکیە دەرهەق بە گرووپی زیاتر لە ١٢٠٠ کەسی ئەو پەنابەرانە، مانگرتن لە خواردنیان دەست پێکرد. لەو نێوەدا، ٢ کەس لە پەنابەران دەمیان دوورییەوەو خۆیان بە زنجیر لە دەرگای UNی ئانکارا گرێ دا. پاش چەند سەعات پولیس گەیشتە ئەو شوێنەو بە مەبەستی بەرگریکردن لە پەرەئەستاندنی مانگرتنەکەو زۆربوونی ژمارەی مانگرتووان، دەستی کرد بە دەستگیرکردنیان. هاوکات یەکێك لە مانگرتووەکان بە مەبەستی بەرگریکردن لە هێرشی پولیس شادەماری دەستی خۆی بڕی. بەڵام پاش چەند ساتێك بە هۆی خوێنڕێژیی زۆر، لە هۆش خۆی چووو لە ژێر چاوەدێری پولیسدا ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا. گیراوەکان پاش لێپرسینەوەو باسکردن لە بارودۆخی دژواریان لە ماوەی ٣ ساڵی ڕابردوودا، ئازاد کران. بەڵام ئەو دوو کەسەی بە زنجیر خۆیان بە دەرگای UNی ئانکارا گرێ دابوو، بە ناوەکانی "بورهان ئیزەدی"و "باقی حەسەنی"، پاش لێپرسینەوەو یەك شەو دەستبەسەری، ڕەوانەی دادگای ئانکارا کران. پولیسی تورکیە بەپێی ویستی بەرپرسانی UN دەیهەوێ ئەو دوو پەنابەرە تەحویلی ئێران بداتەوە تا باقی پەنابەرانی کوردی پێ چاوترسێن بکاو لە ڕوودانەوەی مانگرتنی ئیعترازی بەرگری بکا. بە سەرنجدان بە ڕابردووی سیاسیی ئەو دوو پەنابەرە، تەحویلدانەوەیان بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەرامبەرە لەگەڵ حوکمی مەرگیان.

گرووپی زیاتر لە ١٢٠٠ کەسیی پەنابەرانی سیاسیی کوردی ئێرانی کە ماوەی ٣ ساڵە لە تورکیە دان، سەرەڕای لەدەستدابوونی پەرتوکی قبوولیی کومیسارییای بەرزی پەنابەرانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەر چەشنە مافێکی پەنابەری، لە یارمەتی ماڵییەوە بگرە تا دەگاتە هەوڵدان لە پێناوی ڕاگوێزتنیان بۆ وڵاتی سێهەم، بێبەش کراونو نووسینگەی تورکیەی UN ئەوانی لەبیر کردووەو بە گشتی لە کۆبوونەوە ڕەسمیو بەڵگە ڕاگەیەندراوەکانی خۆی دەری هاویشتووەو بەم چەشنە ڕادەی وەزعی ناخۆشو زۆر دژواری ئەو بێپەنایانەی پەرەپێداوە.

ئێمە داوا لە پارێزەرانی مافی ئینسانەکان، کەسایەتیو حیزبو ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردو ئێرانیو هەواڵنێرانی سەربەخۆ دەکەین کە:

١ـ بە فشارهێنان بۆ سەر نووسینگەکانی UNو وەزارەتی دەرەوەی تورکیە لە تەحویلدانەوەی "بورهان ئیزەدی"و "باقی حەسەنی" بە ئێران بەرگری بکەن.

٢ـ سیاسەتی نووسینگەی تورکیەی کومیسارییای پەنابەران دەرهەق بە گرووپی زیاتر لە ١٢٠٠ کەسیی پەنابەرانی سیاسیی کوردی ئێرانی کە بەردەوام لە ژێر مەترسیدان، بدەنە بەر ڕەخنەو ناڕەزایەتیی خۆیانو لە هەر ڕێگایەك کە بۆتان دەکرێ، UN لە تورکیە ناچار بکەن ئەو بەرپرسایەتییانەی بەرعودەی بووەو یاسا پەسندکراوەکانی خۆیان، سەبارەت بەم گرووپە لە پەنابەران لەبەر چاو بگرن.

**بە سوپاسەوە**

**عەلی جەوانمەردی،**

**لە وتەبێژانی پەنابەرانی کوردی ئێرانی**

**لە تورکیە**

**٢٠٠٤/١٠/١٢**

❊❊❊

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 399    21 Oct 2004



بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنی‌و بڵاوکراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، براوننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

ماڵپەڕی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران:
www.rdki.com


# بەخشرانی خەڵاتەکانی نۆبێلی ئەمساڵ



وك هەموو ساڵێك، ئاکادیمیی سوئێد لە سەرەتای پاییزدا، ناوی ئەو کەسانەی راگەیاند کە خەڵاتی نۆبێلیان پێ بەخشراوە.

خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیی ئەمساڵ بەخشراوە بەخاتوو ئەلفریدە یەلینك کە نووسەرو رەخنەگرێکی فیمینیستی ئۆتریشی‌یەو تەمەنی ٥٧ ساڵە. ناوبراو یەکەم نووسەری ئۆتریشی‌و دەیەمین ژنە کە نۆبێلی ئەدەبیات وەردەگرێ. ئەلفریدە یەلینك بە دوای نووسینی رۆمانی "مامۆستای پیانۆ" کە ساڵی ٢٠٠١ فیلمێکیشی لێ دروست کرا، ناوبانگی دەرکرد. ئەو خانمە لە ماوەی ساڵانی ١٩٩١ ـ ١٩٧٤دا وڵاتەکەی خۆی ـ ئۆتریش ـ بە شەریکی تاوانی نازی‌یەکان‌و جینایەتکار ناوبردو بەمجۆرە گۆنگەڵی بۆخۆی ساز کرد. روانگە سیاسی‌یەکان‌و روونکردنەوەی راشکاوانەی یەلینك لەبارەی پێوەندی‌یە مرۆڤایەتی‌یەکان لەسێبەری کێشەو نیگەرانی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان دا، وای کردوە لە زێدو نیشتمانی خۆی‌دا زۆر کەس دوژمنایەتیی بکەن، بەڵام کەسانی ئەوتۆش زۆرن کە بە نووسەرێکی فیمینیستیی نەترسی دەناسن کە بۆ دەربڕینی بیروڕاو سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و تایبەتی‌یەکانی بەجۆرێکی ئازایانە کەلك لەزمان وەردەگرێ.

خەڵاتی نۆبێلی فیزیکیش درا بە دێیڤید گروس، دێیڤید پولیتزێرو فرانك ویلچاك کە هەرسێکیان ئەمریکایین‌و لەسەر هێزی لێك گرێدەری بەشەکانی ناوکەی ئەتۆم، لێکۆڵینەوەیان کردوە. لە راستی‌دا خەڵاتی نۆبێلی فیزیکی ٢٠٠٤ بە بۆنەی لێکۆڵینەوەیەك کە ئەم سێ فیزیکدانە سی ساڵ لەوەپێش ئەنجامیان دابوو و ئاکامەکەی لە ١٩٧٣ راگەیەندرابوو، بەوان بەخشرا. لە بەیاننامەی فەرهەنگستانی سوئێد لەو پێوەندی‌یەدا هاتبوو، لێکۆڵینەوەکانی ئەو سێ زانایە رۆڵێکی بنەڕەتییان هەبوو لە تێگەیشتنی زاناکان لە پێکهاتەی ناوکەی ئەتۆم‌و نهێنیی بەهێزبوونی ناوکەی ئەتۆم کە لەنێوان گەردیلەکانی ناسراو بە کوارکەکان دا بەدی دەکرێ.

ئەمساڵیش خاتوونێك خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی کردە هی خۆی. وانگاری ماتائی لە کینیا، بەبۆنەی ٣٠ ساڵ تێکۆشان لەپێناو پاراستنی ژینگەداو وەرێخستنی بزووتنەوەی "پشتێنەی سەوز"و بەربەرەکانی لەگەڵ نەداری، داکۆکی لە مافی مرۆڤ و دێمۆکراسی، بە شایانی ئەم خەڵاتە زانرا. ماتائی کە تەمەنی ٦٤ ساڵە، یەکەم ژنی ئەفریقایی‌یە کە لە ماوەی ١٠٣ ساڵ تەمەنی ئەو خەڵاتەدا نۆبێلی ئاشتی وەردەگرێ.

# دووهەم کۆنگرەی جیهانیی دژایەتی لەگەڵ سزای ئێعدام بەرێوە چوو



بەدەستپێشخەریی چەند رێکخراوی مرۆڤدۆستی نێونەتەوەیی بۆ وێنە رێکخراوی نێونەتەوەیی چاکسازیی جەزایی‌و رێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون‌و، بە پشتیوانیی کومیسارێای بەرزی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و چەند وڵاتی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا، دووهەم کۆنگرەی جیهانیی دژایەتی لەگەڵ سزای ئێعدام، کاری خۆی رۆژی ١٠ی ئۆکتۆبر (١٩ی رەزبەر) رۆژی جیهانیی خەبات بۆ هەڵوەشانی سزای ئێعدام لە شاری مۆنتڕاڵی کانادا دەست پێکرد. ئەم کۆنگرەیە لە حالێك دا بەرێوە چوو کە سزای ئێعدام لە ئاستێکی بەرین دا لە زۆر وڵاتانی جیهان‌و یەك لەوان ئێران بەرێوە دەچێ.

سکرتێری گشتیی رێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون یەکێك لە یەکەم وتاربێژانی ئەم کۆنگرەیە بوو کە وێڕای پێشکەش کردنی راپۆرتێك لەسەر بەرێوەچوونی سزای ئێعدام لە ناوچەو وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان دا گوتی: لە ٢٧٥٦ ئێعدام کە ساڵی رابردوو لە جیهان دا بەرێوە چوون، سەدی ٨٤ی ئەوان لە چین، ئێران، ئەمریکاو ڤێتنام دا بووە. لە ماوەی چەند رۆژ کاری کۆنگرە دا، چەندین جار ناوی ئێران وەك وڵاتێك کە بە فراوانی سزای ئێعدامی لێ بەرێوە دەچێ، هات.

"عیمادەدین باقی" سەرۆکی "ئەنجومەنی داکۆکی لە مافەکانی زیندانی‌یەکان" تەنیا نوێنەرێك کە لە ئێرانەوە بۆ ئەم کۆنگرەیە وەرێ کەوتبوو، لە کاتی سواربوونی فرۆکە دا، لە تاران رێگایان لێ‌گرت‌و ئیجازەی چوونەدەر لە وڵاتیان پێ‌نەدا. باقی لەو بارەوە گوتی ئەو بە هاوکاریی گرووپێکی لێکۆڵەر، بە دوای پشکنینی یەکەیەکەی لاپەرەکانی ئەو رۆژنامانەی لە ٣ ساڵی رابردوو دا لە ئێران بڵاو بوونەوە، راپۆرتێکیان ئامادە کردبوو. باقی گوتی ٦٠٠ نموونە بڕیاری ئێعدامان لە رۆژنامەکانی ئەو ماوەیەدا، دیتەوە. ئێمە لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئەو نموونانە کردبوو.

لەم کۆنگرەیە دا ٢٤ کەس لەو زیندانیانەی لە سزای ئێعدام رزگاریان ببوو، یا بنەماڵەو کەسوکاری قوربانی‌یەکانی سزای ئێعدام، قسەیان کرد.

دوابەشی کۆنگرە، رێپێوانێکی بەرین بە پشتیوانی لە هەڵوەشانەوەی سزای ئێعدام لە ئاستی جیهان دابوو.

# کیسەڵەکانی بەهمەنی قوبادی هەروا خەڵاتان کۆ دەکەنەوە



دوای ئەو سەرکەوتنە شانازیخولقێنەی فیلمی"کیسەڵەکان دەفڕن"ی بەهمەنی قوبادی لە فیستیڤاڵی "سان سباستیەن"ی ئیسپانیا وەدەستی هێنا، ئەو فیلمە لە نوزدەیەمین فیستیڤاڵی فیلمەکانی منداڵان و مێرمنداڵانیش دا کە لە ١٢تا ١٧ی رەزبەر لە ئیسفەهان بەرێوە چوو، دووخەڵاتی بردەوە. لە نێو ٥٠ فیلمی ئێرانی کورت، درێژو نێوە درێژدا، فیلمی سینەماکاری کورد قوبادی خەڵاتی "پەپولەی زێڕین" بۆ باشترین فیلم و خەڵاتی پەپولەی زێڕینی بۆ باشترین دەرهێنان دەرگرت.



# کیمیاگەر

## بەرلەماڵاوایی

ع.وریا

**کیمیاگر بە غصە میرد و رنج**
**ابلە اندر خرابە یابد گنج** (*)

ئەمرۆژانە، دەلیل‌و هۆکار زۆر بوون بۆ ئەوەی ئەم دێڕە شێعرەی ١٢ ـ ١٠ ساڵ لەوەپێش دیبووم‌و هاتبووە بەرم، بێتەوە بیرم‌و بەهۆی ئەوەوە تەعبیرو تەفسیری خۆم لە هێندێك رووداو دەربڕم. راست لە کاتێك دا بیرم لە لە "کیمیاگەر"ێکی رەمزی‌و خەم‌و مەینەت‌و ئازارو تەمەنێك رەنج بەخەساریی ئەو و چارەنووسی ئەوانە دەکردەوە کە لە ختو خۆڕایی لە وێرانەیەك دا بەسەر گەنجێك دا دەکەون، "کیمیاگەر"ی شاکاری کووێلۆم بەدیاری بۆ هات. دۆستی خۆشەویست‌و لەمێژینەم کاك ئاسۆی حەسەن زادە، لەم دوایی‌یانەدا لەکارێکی ئەدەبیی بەنرخ بۆتەوەو رۆمانی "کیمیاگەر"ەی پاولو کووێلۆی لە فەرانسەیی‌یەوە کردوە بەکوردی‌و بۆ چاپ‌و بڵاوکرانەوە ئامادەی کردوە. بەر لەوەش بەرەسمی چاپ‌و بڵاو بێتەوە، لوتفی کردووە نوسخەیەکی بۆ من ناردوە. جارێ هێشتا لە سەرەتای خوێندنەوەی رۆمانەکە داموو نازانم ئەم "کیمیاگەر"ەی من لەو دێڕە شێعرەدا شکی دەبەم لەگەڵ "کیمیاگەر"ەکەی پاولو کووێلۆ، لە بەسەرهات‌و چارەنووس دا چەند لێك نزیکن. بەڵام شتێك کە هەر لە خوێندنەوەی یەکەم لاپەڕەکانی ئەم رۆمانەدا هەستم پێ‌کردو چێژم لێ وەرگرت ئەو راستی‌یەیە کە وەرگێڕی کوردی لە پێشەکیی کارەکەی‌دا ئاماژەی پێ‌دەکا: شێوازی کیمیاگەر، شێوازێکی ساکاری شاعیرانەیە کە بەجوانترین چەشن ریالیزم لە فەنتازی مارە دەکا" و چیرۆکنووس "لە کەمترین قەبارەی نووسین دا، زۆرترین رادەی هەست‌و بیرو رووداو و وردەکاری دەردەبڕێ". کووێلۆ رۆمانەکەی بە ژمارەیەکی یەگجار زۆر پرەنسیپی چکۆڵەو گەورەی فەلسەفی ئاخنیوە. وەك وەرگێڕیش ئاماژەی پێ‌کردوە ئەم رۆمانە بووە بە هۆی ئەوە نووسەرەکەی لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا ناوبانگ دەربکا. "کیمیاگەر" زۆر زوو لە کتێبخانەی جیهانی‌دا جێی خۆی کردۆتەوەو لەماوەیەکی کەم دا لەسەت وڵاتی دنیادا وەرگێڕدراوەتە سەر نزیکەی پەنجا زمان، تا ئێستا زۆر خەڵاتی گەورەی ئەدەبیی وەرگرتون‌و نزیك بە چل میلیۆن نوسخەی لێ فرۆشراوە.

من بۆخۆم پێشتر تەنیا "مەکتوب"م لەونووسەرە، بە زمانی کوردی دیبوو. لە وەرگێڕدراوی کوردیی "مەکتوب"یش دا، زمانی شێعری‌و بیری وردو جوانی کووێلۆم بۆ دەرکەوتبوو. بەڵام "کیمیاگەر" شتێکی دیکەیە. لەگەڵ پیرۆزبایی لە هاورێ‌و دۆستی بەرێزم کاك ئاسۆ بە بۆنەی تەواوکردنی ئەم کارە بەنرخەو، سوپاسی زۆریشم بۆ ئەو، کە منی هێنایە ریزی یەکەم خوێنەرانی "کیمیاگەر"، سەرەتای ئەم رۆمانە شیرینە کە زۆر کورتە، لێرەدا دەخەمە بەرچاوی خوێنەران تا بزانن خوێنەر لەگەڵ چوونە ژوور لەدەروازەی جوانی ئەم باغە رەنگینەوە، ئیتر هەنگاوی گەڕانەوەی نامێنێ‌و ناچارە لە باغەکەدا وەمێنێ:

## سەرەتا

**کیمیاگەر کتێبێکی تاو دایە کاروانچی‌یان هێنابوویان. کتێبەکە بەرگی پێوە نەمابوو، بەڵام کیمیاگەر ناوی نووسەرەکەی هەڵدا: "ئۆسکار وایلد". لە کاتێك دا کە هەروا چاوێکی سەرپێی پێدا دەخشاند، بەسەر چیرۆکێك دا کەوت لەبارەی "نەرسیس"دا.**

**کیمیاگەر ئەفسانەی نەرسیسی بیستبوو. نەرسیس ئەو شۆڕە لاوە جوانکارە بوو کە هەموو رۆژێ دەچووە دم دەریاچە بۆ ئەوەی کە لە ئاوەکەدا سەیری جوانی‌یەکەی خۆی بکا. بەڵام نەیدەزانی کە ئەو نەخشە جوانە رەنگدانەوەی وێنەی خۆیەتی. نەرسیس ئەوەندە بە چێژو ئەزرەتەوە تێی ڕادەما کە سەرەنجام رۆژێك لە دەریاچە کەوت‌و خنکا. راست لەو شوێنەش کە نەرسیسی لێ لە ئاوەکە کەوتبوو گوڵێك رووا بەناوی گوڵە نێرگز.**

**بەڵام ئوسکار وایلد داستانەکەی خۆی ئاوا کۆتایی پێ نەهێنابوو. ئەو نووسیبووی کە پاش مەرگی نەرسیس، "ئۆریادەکان" ـ واتە خواکانی دارستان ـ دەچنە قەراغ دەریاچەکەو دەبینن کەوا ئاوە شیرینەکەی بووە بە دەریایەك فرمێسکی تاڵ. هەربۆیە لە دەریاچە دەپرسن: "بۆ دەگری؟". دەریاچەش لە وەڵام دا دەڵێ: بۆ نەرسیس دەگریم.**

**ـ ناهەقت نیە شینی بۆ بگێڕی. ئێمە هەمیشە لە دارستان دا بەدوای‌دا رامان دەکرد بۆ ئەوەی سەیرێکی جوانی‌یەکەی بکەین. کەچی بێ‌سوود بوو و هەر تۆ بەتەنیا چێژت لەجوانی‌یەکەی وەردەگرت.**

**ـ بۆ چما نەرسیس جوان بوو؟**

**ـ ئۆریادەکان بە سەرسوڕماوی‌یەوە وەڵامی دەدەنەوە:**

**ـ جا کێ لەتۆ باشتر ئەمەی دەزانی؟ خۆ نەرسیس هەموو رۆژێ لەسەر لێوارەکانی تۆ دا دەهاتەوە! دەریاچە دەمەساتێك بێدەنگ دەبێ. پاشان دەڵێ:**

**ـ ئەمن بۆ نەرسیس دەگریم. بەڵام نەمزانیبوو جوانە. بۆ نەرسیس دەگریم، چونکە هەر کاتێك لەسەر رۆخەکانم سەری دادەنواند لە قووڵایی چاوەکانی‌دا رەنگدانەوەی جوانی‌یەکەی خۆمم دەدی.**

**کیمیاگەر وتی: "ئەمە ئیدی چیرۆکێکی جوانە".**

(*) کیمیاگەر بە خەفەت‌و کوێرەوەری سەر دەنێتەوە گەمژەش لە وێرانەدا، گەنج دەدۆزێتەوە.

# کانوونی نووسەرانی کوردستان / رۆژهەڵات

دوای زیاتر لە ساڵێك ئامادەکاری لەنێوخۆو دەرەوەی وڵات، رۆژی ٢٠٠٤/١٠/٣ بەئامادە بوونی ژمارەیەك نووسەرو رۆشنبیری کورد لە وڵاتی نۆرویژ یەکەمین کۆنفرانسی دامەزرانی کانوونی نووسەرانی کوردستان، رۆژهەڵات بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. کۆنفرانس کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەستی بە کارەکانی کردو دوای خوێندنەوەی راپۆرتی کاری یەك ساڵی رابردوو، زۆر بە وردی باس لەسەر بارودۆخی رۆشنبیریی کوردی بەگشتی‌و بەتایبەت باروقۆناخی ئەمڕۆی رۆشنبیرانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کرا، پاشانیش بەشداربووانی کۆنفرانس بە زۆرینەی دەنگ بڕیاریان لەسەر ناوی رێکخراوەکە، دامەزراندن‌و هەڵبژاردنی لیژنەی بەرێوەبەری بۆ کانوونی نووسەرانی کوردستان (رۆژهەڵات) دا.

بڕیار وایە لە رۆژانی داهاتوودا کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان لە ئۆسلۆ پێتەختی نۆرویژ پێك بێ‌و ژمارەیەکی زۆرتر لە دڵسۆزانی کورد، لە هەموو چین‌و توێژو رێکخراوە رۆشنبیری‌یە کوردی‌و نۆرویژی‌یەکان بۆ ئەو کۆبوونەوە گشتی‌یە بانگهێشت بکرێن‌و هەر لەو کۆبوونەوە فراوانەدا دامەزرانی کانوونی نووسەرانی کوردستان (رۆژهەڵات) بە شێوەیەکی فەرمی راگەیەندرێ.

**٢٠٠٤/٤/١٠ ئۆسلۆ**
**کانوونی نووسەرانی کوردستان**
**knk_rojhelet@yahoo.com**

# پیرانشار پەیکەرەی محەممەد هەوراز دەگرێتە باوەش



"یەکەمین پەیکەرەی محەممەد هەوراز لە پیرانشار دادەنرێ". مانگنامەی "مێرگژان" کە ئەم هەواڵەی کردوە بە مانشێتی دووهەم ژمارەی خۆی، نووسی: "شارەداری پیرانشار لەو تووێژ لەگەڵ هەواڵنێری ئێمەدا رای‌گەیاند کە پەیکەرەی محەممەد هەوراز بە زوویی لە گۆڕەپانێك هەر بەو ناوەدا، دادەنرێ. ئیسماعیلی هەروەها گوتی: سەدی ٥٠٪ی کارە فیزیکی‌یەکانی ئەو گۆڕەپانە ئەنجام دراوەو شارەداری لەگەڵ چەندین شیرکەت بۆ دروستکردنی پەیکەرەکە وتووێژی کردوەو قەرارە تا دوو مانگی دیکە پەیکەرەی قارەمانی نەتەوەیی، بۆ یەکەم جار لە ئێران دا، لە شاری پیرانشار دابنرێ."

مێرگژان، ژمارە ٢، یەکەمی رەزبەری ١٣٨٣